
مەزنترین رۆمانی ئەدەبی فارسی

# کوندەپەپووی کوێر

سادق هیدایەت



وەرگێڕانی:
توانا ئەمین

# کوندەپەپووی کوێر

سادق هیدایەت

وەرگێرانی: توانا ئەمین

ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
ژمارەی بڵاوکراوە: ٢٥٩

AWER
NAWENDI AWER

- ناوی کتێب: کوندەپەپووی کوێر
- بابەت: ڕۆمان
- نووسینی: سادق هیدایەت
- وەرگێڕانی: توانا ئەمین
- ڕێنووس و هەڵەچن: ئاری عوسمان خەیات
- تیراژ: (١٠٠٠) دانە
- چاپ: (٢٠١٥)
- نرخ: (٥٠٠٠) دینار

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٥٣٣)ی ساڵی ٢٠١٥ ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ئاوێر

ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
ناونیشان: هەولێر - پشت پارێزگا - بەرامبەر دەرگای قەڵات

ژمارەی مۆبایل: 07504209495 - 07504242101

ئیمەیڵ: Nawendi.awer@yahoo.com
فەیسبووک: www.facebook.com/nawendi.Awer

# کوندەپەپووی کوێر

سادق هیدایەت

وەرگێڕانی: توانا ئەمین

ئەم كتێبە لەم سەرچاوەیەوە كراوە بە كوردی:

بوف كور
صادق هدایت
چاپخانه سپهری، تهران، بهمن ماه ۱۳۵۱

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە تـۆ..

"تـــۆیەک کە ئیتر هی ئەم دونیا نزم و درندەیە نیت،

تـا ناتوانم ناوەکەت بەهیچ شتێکی ئەم زەمینەوە بلکێنم"

## کوندەپەپووی کوێر، کتێبی خوازەکان!

### سادق هیدایەت، کێیە؟

سادق هیدایەت بەناوبانگترین نووسەر و وەرگێڕ و ڕووناکبیری ئێرانی سەدەی بیستە، ئەو لە ڕۆژی سێشەممە ١٩٠٢-٢-٩٧ لە تاران لەدایک بووە، لە ١٩٠٨ چووەتە قوتابخانە و خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی زانستی تاران تەواو کردووە، پاش تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی؛ خوێندنی ناوەندی لە ساڵی ١٩١٤ لە (دار الفنون) دەست پێ کردووە. لە ساڵی ١٩١٦ کێشە بۆ

چاوەکانی دروست دەبێت و لەئەنجامدا ساڵێک لە خوێندن دوادەکەوێت، لە ١٩١٧ دەست دەکاتەوە بەخوێندن لە قوتابخانەی (سن لویی) لە تاران، هەر لەم قوتابخانەیەدا هیدایەت فێری زمانی فەرەنسی دەبێت و ئاشنایی لەگەڵ ئەدەبییاتی بەرزی ئەم نەتەوەیەدا پەیدا دەکات، هەر لەم خوێندنگایەشدایە؛ کە میتافیزیک وەک وانەیەک سەرنجی هیدایەت رادەکێشێت و دواتریش دەبێت بە ڕووەکخۆر و کتێبی (مرۆڤ یان ئاژەڵ) دەنووسێت.

لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا یەکەم وتاری خۆی بە زمانی فەرەنسی لەسەر جادوو بۆ گۆڤارێک لە ئەڵمانیا دەنووسێت، لە ١٩٢٥ قۆناغی خوێندنی ناوەندی تەواو دەکات و لە ١٩٢٦ لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری ئێرانیدا نێردراوە بۆ بەلجیکا بۆ خوێندن، بەڵام هیدایەت لە کەشوهەوای بەلجیکا و شێوازی خوێندنەکەی ناڕازی بووە، سەرئەنجام دەچێت بۆ پاریس بۆ ئەوەی لەوێ خوێندنەکەی تەواو بکات.

لەوێیش کچێک بەناوی (تێرز) دەبێت بە هاوڕێی. لە ساڵی ١٩٢٨ هیدایەت، کە هێشتا لە پاریس دەبێت، بۆ یەکەم جار هەوڵی خۆکوشتن دەدات و خۆی دەخاتە

ڕووباری (مارن)ـەوە، بەڵام بە ڕێکەوت؛ بەلەمێک بەوێدا تێدەپەڕێ و ڕزگاری دەکەن، لەبارەی ئەم هەوڵـی خۆکوژییەوە لەنامەیەکدا بۆ مەحموود خانی برای دەنووسێت: (شێتێتییەکم نواند، کۆتاییەکەی بەخێر گەڕا). م.قەرزانە لە زیانی سادق خۆیەوە گێڕاویەتییەوە، کە هۆکاری ئەم هەوڵە، شکستی سۆزداری بووە، هەربۆیە لەم ساڵەدا هیدایەت؛ شانۆنامەی (پەروین کچی ساسانی) و چیرۆکەکانی (زیندەبەگۆڕ) و (مادلین) دەنووسێت.

لە ساڵی ١٩٣٠ خوێندنەکەی لە فەرەنسا تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە ئێران و لە (بانکی ملی) لە تاران دادەمەزرێت، لە ١٩٣٢دا تاران بەجێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە ئەسفەهان، هەر لەم ساڵەدا دەست لەکارکێشانەوە لە (بانکی ملی) پێشکەش دەکات و لە فەرمانگەی گشتیی بازرگانی دەستبەکار دەبێت، لە ساڵی ١٩٣٤ ئەسفەهان بەجێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە شیراز و لە ماڵی مامی دکتۆر (کریم هیدایەت) دەمێنێتەوە و واز لە فەرمانگەی گشتیی بازرگانییش دەهێنێت و ئەمجا لە وەزارەتی دەرەوە دەستبەکار دەبێت، لە ١٩٣٥ لەوێیش دەست لەکار دەکێشێتەوە.

هەر لەم ساڵەدا لە تارانەوە بانگهێشت دەکرێت و لەسەر نووسینەکانی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، لە ساڵی ١٩٣٦ لە کۆمپانیای گشتیی بیمەی خانووبەرە دەستبەکار دەبێت، هەر لەم ساڵەدا دەنێردرێت بۆ هیندستان و لەژێر چاودێریی مافناس و شارەزای هیندی (بهرام گور انکل ساریا) فێری زمانی پەهلەوی دەبێت، کە دواتر چەند کتێبێک لەم زمانەوە بۆ فارسی وەردەگێڕێت.

ئەگەرچی سادق هیدایەت؛ ڕەشنووسی ئەم ڕۆمانە (کوندەپەپووی کوێر)ی لە پاریس نووسیوە، بەڵام وابێندەچێ لە هیندستان تەواوی کردبێت، یەکەم چاپی ئەم کتێبە بە تیراژی تەنها ٥٠ دانە لە هیندستان کۆپی دەکات و دەینێرێت بۆ هاوڕێکانی، لەوانە چیرۆکنووسی هاوڕێی جەلال ئال ئەحمەد، کە ئەوکات لە سویسرا دەژیا.

هیدایەت لە ساڵی ١٩٣٧ دەگەڕێتەوە بۆ تاران و دووبارە لە (بانک ملی ایران) دەستبەکار دەبێتەوە، لە ١٩٣٨ لە (بانک ملی) دەست لەکار دەکێشێتەوە و لە فەرمانگەی مۆسیقای وڵات دەست بە کار دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هاوکارێکی گۆڤاری مۆسیقای و ١٩٤٠ لە فێرگەی

هونەرەجولەکان وەک وەرگێڕ دادەمەزێ، لە ساڵی ١٩٤٣ لە گۆڤاری (سخن) کار دەکات، لە ١٩٤٥ لەڕێگای بانگهێشتنامەیەکی زانکۆی ئاسیای ناوەڕاست لە ئۆزبەکستان؛ بانگهێشتی پایتەختی ئەو وڵاتە دەکرێت و دەچێتە (تاشکەند) و لەوێ لەلایەن ئەنجوومەنی فەرهەنگی ئێران و یەکێتی سۆڤییەتەوە مەراسیمێکی ڕێزلێنانی بۆ ساز دەکرێت.

لە ١٩٤٣ بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی جیهانیی لایەنگرانی ئاشتی بانگهێشت دەکرێت، بەڵام ناتوانێت بەشداری بکات. دوانووسێی هیدایەت بریتییە لە (پەیامی کافکا)، کە وەک پێشەکی بۆ دەقە فارسییەکەی ڕۆمانی (پەدگۆڕان)ی فرانز کافکا، لە ١٩٤٧دا دەینووسێت، دەنگۆیەک هەیە، کە چەند ڕۆژێک بەر لەمەرگی؛ هەموو دەستنووسە چاپنەکراوەکانی خۆی سووتاندبێت!

هیدایەت هەر لەم ساڵەدا دەچێتەوە فەرەنسا و ئیتر ناگەڕێتەوە ئێران، لەو ماوەیەدا، کە لە فەرەنسا دەبێت، سەفەری هامبورگ دەکات و دەیەوێت بچێتە لەندەن، بەڵام پلانەکەی سەرناگرێ، سەرئەنجام لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٩-٤-١٩٥١ لە تەمەنی ٤٨ ساڵیدا، لەو شوقەیەی تێدا کرێچییە لە پاریس؛ بە گاز خۆی

دەکوژێت، تەرمی سادق هیدایەت لە گۆڕستانی (پێرلاشێز) لە شاری پاریس بەخاک سپێردراوە. جێی یادهێنانەوەیە هیدایەت لەژیانیدا هاوسەرگیری نەکردووە.

هیدایەت کۆمەڵێ دەقی پەهلەوی ساغ کردۆتەوە و وەریگێڕاون بۆ زمانی فارسی؛ جگە لە گەشتنامەکەی بۆ ئەسفەهان و پێشەکییەک لەسەر خەیام نزیکە ٩٥ بەرهەمی هەیە. هەرچەند ناوبانگی هیدایەت نووسەرییە؛ بەڵام چەند بەرهەمێک لە نووسەرە گەورەکانی دونیای وەکو: ژان پۆل سارتەر، فرانتس کافکا و چێخۆف یشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکەی خۆی.

## ئەم ڕۆمانە چییە؟

چەند باشە ئەگەر خوێنەری خۆشەویستی کورد: لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا ئەوە لە یاد نەکات، کە لەبەردەم کتێبێکدایە ئەگەر جارێ ڕۆمانێکی سوریالی بێت؛ ئەوا پتر لە جارێک: ڕۆمانێکی سیمبولییە و دانانی هەر تۆزێکتێک لێرەدا لەخۆڕا نییە: (گوڵدانی ڕاغ، جۆگای وشک بوو، پیرەمێردی قەمبوور، فریشتە، قەحبە، کوشتن، لەتلەتکردن، ئاشتن... ...) و هەریەک لەوانەی کاری خۆیان جێبەجێ دەکەن لە کۆنتێکستی ئەم ڕۆمانەدا: سیمبولن و لە کۆتاییدا وێنەیەکی گەورەتر تەواو دەکەن.

ڕەنگە هەر ئەمەش بێت وا بکات کارەکە بۆ خوێنەرێک: کە ئاگاداری باکگراوندی مێژوویی ئەم ڕۆمانە نییە، بڕێ سەخت بکەوێتەوە. دوای ٧٨ ساڵ لە نووسینی ئەم ڕۆمانە، ئێستا لە ئێران جگە لە دەیان کتێب بۆ شیکرینە و ڕاڤەکردن و کردنەوەی کۆدەکانی ناوی: ساڵانە نا، مانگانە نا، بەڵکو هەفتانە وتار لەسەر ئەم کتێبە دەنووسرێت..!

ئێمە لێرەدا لەبەردەم ڕۆمانێکداین: کە هیچ کاراکتەرێکی ناوی نییە..! ڕەندیی و کاریگەریی فەلسەفەی خەیام لەسەر ئەندێشەی هیدایەت بەگشتی و بەتایبەتی لەم کارەدا بە زەقی

دەبینین، ئەندری برۆتۆن؛ سوریالیستی فەرەنسی، دوای خوێندنەوەی (کوندەپەپووی کوێر) دەنووسێت: "ئەگەر شتێک هەبێت بەناوی شاکار؛ ئەوە هەر ئەم کتێبەیە".

بە بۆنەی وەرگێڕانی ڕۆمانی (پەیکەری فەرهاد)ەوە بۆ زمانی کوردی —کە لە نووسینی نووسەری بەناوبانگی فارس (عەباس مەعرووفی)یە و لەژێر کاریگەریی ئەم ڕۆمانەی هیدایەتدا نووسراوە و هەر وەرگێڕی ئەم کتێبە ئەویشی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە و ئێستا پێکەوە لەگەڵ ئەم ڕۆمانەدا چاپ بوون و لەبەر دەستی خوێنەری کورددان- مامۆستای ڕۆماننووس و وەرگێڕی بەتوانای کورد؛ کاک (عەتا نەهایی) لێکۆڵینەوەیەکی هاوسەنگی ئەدەبیی لەسەر هەردوو ئەم ڕۆمانە: (کوندەپەپووی کوێر) و (پەیکەری فەرهاد) وەکو پاشەکی بۆ وەرگێڕانە کوردییەکەی ئەوەی دواییان نووسیوە. مامۆستا نەهایی لەو نووسینەدا بەوردی پەرژاوەتە سەر کوندەپەپووی کوێر، کە گواستنەوەی بەشێک لەو نووسینە بۆ ئێرە، کۆمەکی باشی تێگەیشتن بۆ ئەو خوێنەرە دەکات؛ کە ئێستا ئەم ڕۆمانەی بەدەستەوەیە. کاک عەتا نەهایی لە بەشێکی لێکۆڵینەوەکەیدا نووسیویەتی:

((کوندەپەپووی کوێری سادق هیدایەت؛ گێڕانەوەی دوو چیرۆک یان دوو ڕەهەندی چیرۆکێکی ئاڵۆز و قووڵ و کراوەیە.

گێڕانەوەیەکی زهنییە، کە سنوورەکانی نێوان خەون و بەئاگایی، واقیع و خەیاڵی شێواندووە. کوندەپەپووی کوێر چیرۆکێکی عاشقانەیە، کە لە زمانی پیاوێکی تەنیا و خەمۆک و مالیخۆلیاییەوە، لە دوو بەشی سەرەکیدا دەگێڕدرێتەوە.

ڕاوی یان بێژەری ئەم ڕۆمانە، ئەگەرچی ناوی نییە، بەڵام تا ئێستا و پاش زیاتر لە حەفتا ساڵ، هێشتا بەناوبانگترین کەسایەتی چیرۆک بە زمانی فارسییە، زۆربەی هەرە زۆری خوێنەوارانی پیر و گەنجی ئێرانی دەیناسن و یەکەم پاراگرافی گێڕانەوەکەیان لەبەرە: «لەژیاندا زامگەلێک هەیە، کە وەک خۆرە، بە هێوری و لەتەنیکیدا ڕۆح دەخوات و دەیتاشێت. ناکرێ لەلای کەس باسی ئەم زام و ئازارانە بکەیت، چونکە هەموو کەس بەپێی عادەت ئەم ئازارە بەوابێتنەکراوە بە ڕووداو و پێشهاتی سەیرو دەگمەن دەزانن و ئەگەر کەسێک بیڵێت یان بینووسێت خەڵک بەپێی بۆچوونی باو و بۆچوونی خۆیان هەوڵ دەدەن بە بزەیەکی پڕ لەگومان و گاڵتەجاڕی وەریبگرن. چما مرۆڤ هێشتا چارەو دەرمانێکی بۆ ئەم زام و ئازارانە نەدیوەتەوەو تاکە هەتوانیش فەرامۆشی بە شەراب و خەوی تریاک و مادەی سڕکەرە.»

ئەم ئازارە، کە بێژەری ڕۆمانی کوندەپەپووی کوێر لە دەسپێکی گێڕانەوەکەیدا بەم شێوە باسی دەکات، بەرئەنجامی

عەشقێکی ماخۆلیایانە. ئەو لە دەولەمەی گێڕانەوەکەیدا باسی ئەوە دەکات، کە چۆن لە درزی تاقی ژوورەکەی، لەپشت کوورپەیەک شەرابی کۆنی حەوت ساڵەوە چاوی بە دیمەنێک دەکەوێت، لەو دیمەنەدا کچێکی جوان بەسەر جۆگاپەکدا ئەوبوەتەوە و گوڵێکی نیلۆفەر پێشکەش بە پیاوێکی قەمبووری ئەوبەر جۆگاکە دەکات. بێگومان ئەم دیمەنە سەدان ساڵە، کە بۆ هەموو ئێرانییەک و تەنانەت بۆ زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچەیەش دیمەنێکی ئاشنایە.

دیمەنێکی مینیاتۆری، کە لەسەر هەموو شتێک، هەر لە کاسە و دەورییەوە بگرە تا بەرگی قەڵەمدانەکان کێشراوەتەوە. ڕاوی یان بێژەری گێڕانەوەکە، شەیدای ئەو کچە نیلۆفەر بەدەستە دەبێت و لێی دەبێتە ژنی خەون و خۆزگە دوور و درێژەکانی و وەک مرۆڤێکی خەیاڵیی و فریشتەیەکی ئاسمانی باسی دەکات. فریشتەیەک، کە دواتر دێتە ژوورەکەی و بێ هیچ قسە و گفتوگۆیەک لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕادەکشێت و هەر لەوێش دەمرێت. ئەوسا کابرا، کە لە هەموو هەوڵێک بۆ ژیاندنەوەی نائومێد دەبێت، لەئەنجامدا بۆ ئەوەی دەست و چاوی هیچ پیاوێکی تر سیمای پاکژەوێنی ئەو دڵدارە فریشتە ئاسایە نەشەمزێنێت؛ جەستەی ناسکی لەت و کوت و پارچەپارچە دەکات و لەژێر خاکدا دەیشارێتەوە. پاشان تا

هەتاهەتایە لە فیراقی دوو چاوی ڕەشی ئەو دڵدارە خەیاڵکردە، خـۆی بە کێشـانەوەی نیگـاری ئەو ژنە لەسـەر بەرگـی قەڵەمدانەکان خەریک دەکات.

ئەمە کورتەی بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەیە، کە بێژەر بە خەو دەیبینێـت و دوای ئەوەی کە بەئاگـا دەبێـتەوە، لە بەشـی دووهەمدا بڕیاری نووسینەوەی ئەو خەونە دەدات، بەڵام ئەوەی کە بێژەر لە بەشی دووهەمدا دەینووسێت ڕوویەکی تری ئەو خەونە، یان ئەو چیرۆکەیە. گێڕانەوەی بەشی دووهەمی ڕۆمانی کونـدەپەپووی کـوێر، دیسـان خەونێکـی تـر، بەڵام ئەم جارە خەونێکی گەلێک ناخۆش و کابووسێکی گەلێک ترسناکە. لەم بەشەدا ڕاوی یان بێژەر، چیرۆکی شەیدایی خۆی بۆ ژنێک دەنووسێت، کە بەپـێچەوانەی ژنە فریشـتە ئاسـاکەی بەشـی یەکەم، نەوەک ژنی خەون و خەیاڵات، بەڵکوو ژنی خۆیەتی. ژنێکی سۆزانی و لەیلەتۆنەیەکی دەربەن بەکۆڵ، کە بێـژەر لەئەنجامدا ئەویش دەکوژێت.

بێگومان لە خوێنەری ئەم چەند لاپەڕە شاراوە نییە، کە هەموو پیاوێـک، بەتایبەت پیـاوانی هونەرمەنـد و داهێـنەر، لە زەینـی خۆیانـدا سیمای لیلـی ژنێکی فریشـتە ئاسـای بانزەوینییـان هەڵگرتـووە. ژنێـک، کە سـەرچاوەی ئیلهـامی شـاعیرانە و هونەرمەندانەیە. ژنێک، کە بەدرێژایی مێژووی ئەدەب و هونەر،

هەر شاعیرێک بەشێوەیەک وەسف و مەدح و پەسنی کردووە و هەر نەقاشێک بەشێوەیەک نیگاری کێشاوەتەوە و هەر مۆسیقارژەن و دەنگبێژێک بەشێوەیەک بەگۆیدا چریاندووە. پیاوانی هەست ناسک بەدرێژایی تەمەنیان (وشیارانە یان ناوشیارانە) بە شوێن ئەو ژنە ناسکە خەیاڵییەدا دەگەڕێن. ئەوان کاتێک عاشق دەبن پێیان وایە ژنی خەون و خەیاڵەکانیان بینیوەتەوە، بەڵام کاتێک بە دڵدارەکەیان دەگەن، ئەو وێنە زەنییە ورەوردە لەمێشکیاندا کاڵ دەبێتەوەو ئەو عەشقە ئەفلاتوونییە لەسەر قەرەوێڵە و لە ناوجێی خەوتنەکەیاندا دەمرێت. ئەوسا هێورهێور دڵدارەکەیان لێ دەبێتە ژنێکی ئاسایی و لە هەندێک حاڵەتی دەگمەنیشدا ژنێکی هەرزەی دەرپێ بەکۆڵ. چیرۆکی کوندەپەپووی کوێری سادق هیدایەت؛ لە ڕووکەشیترین لایەنیدا، نمایشی ئەم دۆخە دەکات. بێژەری پیاوی ڕۆمانەکە، پاش مردنی ژنی فریشتە ئاسای خەیاڵەکانی لەسەر قەرەوێڵەکەی و پاش ئەوەی کە دڵدارەکەی لێ دەبێتە ژنێکی هەرزەی دەرپێ بەکۆڵ، تووشی خەمۆکی و نائومێدییەکی کوشەندە و هونەرمەندانە دەبێت و پاشماوەی تەمەنی خۆی بە کێشانەوەی ڕووخساری ژنی فریشتە ئاسای خەیاڵەکانی، لەسەر بەرگی قەڵەمدانەکان، خەریک دەبێت.

ڕۆمانی کوندەپەپووی کوێر لە ڕواڵەتیترین و ڕووکەشیترین دەرکەوتنیدا، چیرۆکێکی دووپاتووە، یان با بڵێم دوو چیرۆکە، کە لەهەر کامەیاندا لایەنێک، یان سیمایەکی ژن لە ڕوانگەی پیاوەوە دەردەکەوێت و دەگێڕدرێتەوە.

شێوازی گێڕانەوە لە ڕۆمانی کوندەپەپووی کوێردا، بازنەییەو ڕاوی یان بێژەر لە شوێنێکەوە دەست بەگێڕانەوە دەکات و لەسەر ڕەوتێکی بازنەیی دەگاتەوە بە هەمان شوێن و هەمدیس لەوێوە دەست پێ دەکاتەوە و وەک هەڵگەڕان بە پەیژە یان پێپلیکانێکی خڕ و بازنەیی بەرەو ژوور هەڵدەکشێت. لایەنی سەمبولیک و هێماییی هەموو تۆخم و ڕەگەزەکانی ڕۆمانی کوندەپەپووی کوێرو پەیوەندی ئەم تۆخم و ڕەگەزانە لەگەڵ قووڵترین لایەنەکانی زەینی مرۆڤ، بەتایبەت زەینی ڕاوی و بێژەری گێڕانەوەکەیە. کوندەپەپووی کوێر خەونێکە، کە هەموو کۆن و کەلەبەرەکانی ناوشیار (ناخودئاگای) زەینی مرۆڤ، لەسەر بەستێنی مێژوو، فەرهەنگ و زمانی ئێرانی، نمایش دەکات. ئەمە قووڵاییەکی وەهای بەم دەقە کراوەیە بەخشیوە، کە تا ئێستا سەدان وتار و دەیان کتێبی بە زمانی فارسی و تەنانەت زمانە ڕۆژئاواییەکانیش لەسەر نووسراوە و بە هەموو جۆرە مەنهەجێکی ئەدەبی (زمانناسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و.... ) خوێندراوەتەوە.

ئەم ڕۆمانە سەروکارێکی هێجگار نزیکی لەگەڵ هێما و سەمبولەکانە و دەیەوێت بە بۆتەی ئەوانەوە پەردە لەسەر ڕووی مرۆڤ و ڕازە دەروونییەکانی هەڵبداتەوە، بە گوتەی «ڕێنە لانو»ی فەرانسەیی لەم ڕۆمانەدا: «گرینگی هونەر بە مانای ئەوپەڕی شەرمەندیی وشەکە، لەبەرچاوی خوێنەر بەشێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوێت» و من نامەوێ لەم نووسینەدا ڕۆمانی کوندەپەپووی کوێر بخوێنمەوە، کە لەوپەڕی ئاڵۆزی و فرەڕەهەندی و قووڵی دایە.»

## لەبارەی وەرگێڕانی ئەم کتێبەوە..

### بۆچی سادق هیدایەت ئاسان نییە؟

بۆ هەر وەرگێڕێکی پیشەییش سادق هیدایەت، وەک ئەدەبەکەی بەڵایە، بەڵایەکی شووم، چروون پۆلی قەلەڕەش بە قیقەقیق دەدەن بەسەر کێڵگەیەکدا، ئاوها دەدەن بەسەر خوێنەری کتێبەکانیدا. زمان لە ئەدەبی ئەم نووسەرەدا، شل و فشەڵ نییە، بەڵکو تووڕە و مەحکەم و پتەوە، ئەم پیاوە –بەتایبەت لەم ڕۆمانەیدا– تاقەتی وشەئارایی و زمانسازیی و زینەبازیی و ڕازاندنەوەی نییە و ئەمەش وەک بەشێک لە داوچنینی ناو ئەدەبیاتەکەی بەوشیارییەوە دەکات، بۆنموونە نالێ: "تیشکی خۆر ڕژابووە ژوورەکەمەوە" یان "تیشکی خۆر ژوورەکەی ڕووناک کردبووەوە –ئەگەرچی تیشکی خۆر بچێتە هەر ژوورێکەوە ڕووناکی دەکاتەوە–" بەڵام ئەم دێت و دەنووسێت: "تیشکی خۆر خۆی خزاندبووە ژوورەکەمەوە".

هەموو شتێ لە ئەدەبی ئەم پیاوەدا سست و خاو و تار و لێڵ و داهێزراو و بەگومان و ڕەش و نائومێدە. وەرگێڕانی هیدایەت وەک ڕاکردن وایە بەسەر پەتێکی باریک لە بەرزاییەکی زۆردا کە جگە لە پەتەکە، کە خودی بودسکاپی سادقە، یەک تۆز بە هەرلایەکدا لەنگەر بخەیت کەوتوویت؛ بۆیە ئەگەر وەرگێڕی هیدایەت خۆی تۆزێ هیدایەتیی نەبێ، هەم دەکەوێتە هەڵەوە و هەم پەیامی هیدایەت لە وەرگێڕانەکەیدا ون دەکات. وەرگێڕانی ئەم کارە بەشێک بوو لە خەونی تایبەتیی من، بەتایبەت دوای ئەوەی ساڵی ٢٠٠٨ ڕۆمانی (پەیکەری فەرهاد)م وەرگێڕا، کە لەژێر کاریگەریی توندی ئەم ڕۆمانەدا نووسراوە، بۆیە وەک یەکێک لە پرۆژە نیوەناچڵەکانی خۆم لەکوردستانەوە هێنابووم، تا مانگی ڕابردوو، کە پشووی خوێندنم بوو، کارەکە بەکۆتا گەیشت و بڕیارماندا هەردوو ڕۆمانی (کوندەپەپووی کوێر) و (پەیکەری فەرهاد) پێکەوە چاپ و بڵاو بکەینەوە، لە کەموکوڕتی، کە بێبەش نیین لێی، ئومێدمان هەر "عەفووە".

توانا ئەمین

ستۆکهۆڵم

٢٥-٧-٢٠١٥

# کوندەپەپووی کوێر

لە ژیاندا گەلێک زام هەن؛ وەک (خۆرە) وردە وردە ڕۆح لە تەریکیدا دەخۆن و دەیتاشن، ناکرێ لەلای کەس باسی ئەم ئازارانە بکەیت، چونکە هەموان وا ڕاهاتوون؛ ئەم ئازارە بڕوا پێ نەکراوانە بە ڕووداو و پێشهاتی سەیرو دەگمەن بزانن و ئەگەر کەسێک بیڵێت یان بینووسێت؛ خەڵک بە پێی باوەڕی باو و بۆچوونی خۆیان هەوڵ دەدەن بە بزەیەکی پڕ لە گومان و گاڵتەجارییەوە وەریبگرن، چونکە هێشتا مرۆڤ چارەو دەرمانێکی بۆ ئەم زام و ئازارانە نەدیوەتەوە و تاکە هەتوانیشی؛ فەرامۆشییە بە شەراب و خەوی دەستکرد بە ئەفیوون و مادەی سڕکەر، بەڵام بەداخەوە کاریگەریی ئەم دەرمانانە؛ کاتییە و لەبری چارەسەر، پاش ماوەیەک دەردەکە خەراپتر دەکەن.

ئایا ڕۆژێک کەسێک پەی دەبات بە نهێنی ئەم ڕووداوە سەرووسروشتییە؛ کە بە ڕەنگدانەوەی سێبەری ڕۆح، لە دۆخی بێهۆشی و بەرزەخی نێوان خەو و بێداریدا جیلوە دەکات..؟

من تەنها بە ڕاڤەی یەکێک لەو ڕووداوانە ڕادەگەم، کە بەسەر خۆمدا هاتووە و بە ڕادەیەک ڕاێتەکاندم؛ کە هەرگیز لە یادی ناکەم، نیشانەی شوومی ئەو تا زیندووم؛ لە ڕۆژی ئەزەل

هەتا ئەبەد، تا ئەو جێگایەی لە دەرەوەی ئاوەز و تێگەیشتنی مرۆڤە، ژیانی من ژەهراوی دەکات، نووسیم (ژەهراوی)، بەڵام دەمویست بڵێم: کە داخی ئەوم هەمیشە پێوە بووە و پێوەشم دەمێنێت.

من هەوڵ دەدەم؛ ئەوەی لە بیرمە، ئەوەی لە پەیوەندی بەو ڕووداوانەوە لەیادم ماوە، بینووسم. ڕەنگە بتوانم داوەرییەکی گشتیان لەسەر بکەم، نا، تەنها دڵنیایی بە دەستبهێنم یان لایەنی کەم؛ خۆم بتوانم باوەڕ بکەم، چونکە بۆ من هیچ گرنگ نییە؛ کە ئەوانی تر باوەڕ بکەن یا نەیکەن. تەنها لەوە دەترسێم؛ سبەی بمرم و هێشتا خۆم نەناسیبێت. لەبەرئەوەی بەدرێژایی ژیانم، پەیم بەوە بردووە؛ کە چ هەڵدێرێکی ترسناک لەنێوان من و ئەوانی تردا هەیە، تێگەیشتم تا دەکرێ دەبێ بێدەنگ بم، تا دەکرێ ئەندێشەکانی خۆم لەلای خۆم بهێڵمەوە و ئەگەریش ئێستا بڕیارم داوە بنووسم؛ ئەوە تەنها بۆ ئەوەیە؛ خۆم بە سێبەرەکەم بناسێنم -سێبەرێک؛ کە لەسەر دیوارەکە چەماوەتەوە و ڕەنگە هەرچی دەینووسم بە ئارەزوویەکی تەواوەوە و بەتاسەوە هەڵیلوشێت- دەمەوێت تاقیکردنەوەیەک بکەم؛ بەڵکو بتوانین باشتر یەکتر بناسین، چونکە لەو

کاتەوەی تەواوی پەیوەندیی خۆمم لەگەڵ خەڵک بچڕیوە؛ دەمەوێ باشتر خۆم بناسم.

خەیاڵی پڕوپووچ..! وایە، بەڵام لە هەر حەقیقەتێک پتر ئازارم دەدات. ئایا ئەو خەڵکەی کە وەک منن، کە بە ڕواڵەت؛ نیاز و هەوا‌وهەوەسی منیان هەیە، بۆ فریودانی من نین..؟ ئایا چنگن سێبەر نین؛ کە تەنها بۆ گاڵتەپێکردن و فیرۆدانی من هاتوونەتە بوون..؟ ئایا ئەوەی من هەستی پێ دەکەم و دەیبینم و هەڵیدەسەنگێنم، سەرتاپای؛ وەهمێک نییە، کە جیاوازیی زۆری لەگەڵ حەقیقەتدا هەیە..؟ من تەنها بۆ سێبەرەکەی خۆم دەنووسم؛ کەئەوەتا لە ڕووناکی چراکەدا کەوتۆتە سەر دیوارەکە و دەبێ خۆمی پێ بناسێنم.

⁂

لەم دونیا هیچوپووچ و پڕ لە هەژاری و نەدارییەدا؛ بۆ یەکەم جار وامزانی لە ژیانی مندا خۆر گزنگێکی دا؛ بەڵام بەداخەوە ئەوە گزنگی خۆر نەبوو، بەڵکو تەنها ڕووناکییەکی تێپەڕ، ئەستێرەیەکەی باڵدار بوو، کە لە شێوەی ژنێک یا فریشتەیەکدا خۆی نیشانی من دا و لە ڕووناکی ئەو تەنها سات و یەک چرکەیەدا؛ هەموو بەدبەختییەکانی ژیانی خۆم بینی و درکم بە شکۆ و گەورەییان کرد. دواتر ئەم ڕووناکییە، کە دەبا لە گێژاوی تاریکییدا دووبارە ون ببێت؛ ون بوو. تا ئەمتوانی ئەم ڕووناکییە تێپەڕە لای خۆم گل بدەمەوە.

سێ مانگ، تا دوو مانگ و چوار ڕۆژ بوو، کە شوێنی ئەوم ون کردبوو؛ بەڵام یادگاریی چاوە ئەفسووناوییەکانی یان بڵێسەی کەمەتەکێشیان؛ لە ژیانی مندا بۆ هەتاهەتایە مایەوە، چۆن دەتوانم لەبیری بکەم؛ کە ئەوەندە بە ژیانی منەوە پەیوەستە..؟

تا، هەرگیز ناوی ناهێنم؛ چونکە ئیتر ئەو؛ بەو ئەندامە باریک و تەم ئاسایانەیەوە، بە دوو چاوی گەورە و سەرسامکەر و درەخشانییەوە، کە لەودیویانەوە؛ ژیانی من بەهێواشی و بەژانەوە دەسووتاو گڕی دەگرت؛ سەر بەم دونیا

نزم و دڕەندەیە نییە، نــا .. نابێ ناوی بلکێنم بەشــە زەمینییەکانەوە.

لە پاش ئەو؛ ئیتر من بەتەواوی خۆمم لە پێڕی ئادەمیزاد، لە پێــڕی گەمــژە و خۆشــبەختەکان کێشــایەوە و بــۆ فەرامۆشکردنیشی پەنام بردەبەر مەی و تلیاک. ژیانی من تەواوی ڕۆژ لەنێوان چوار دیواری ژوورەکەمدا گوزەراوە و دەگــوزەرێ، ســەرتاپای ژیــانی مــن لەنێــوان چــوار دیواردا گوزەراوە.

تەواوی ڕۆژ ســەرقاڵی نیگارکێشــانی بەرگی ســەر قەڵەمــدان بووم، هەموو کاتم بە نیگارکێشانی بەرگی سەر قەڵەمدان و خواردنەوەی مەی و کێشــانی تلیــاکەوە تێ دەپەڕی، کــاری گاڵتەجاڕیی نیگارکێشــانی ســەر قەڵەمــدانم هەڵبژاردبــوو تــا خۆم گێل بکەم، تا کاتی پێ بکوژم.

لە بەخــتی خــۆم: مــاڵەکەم لە دەرەوەی شــار، لە شــوێنێکی ئــارام و دوور لە هەراوهوریــا و جەنجــاڵیی ژیــانی خەڵــک هەڵکەوتــووە؛ لە چــواردەور دابــڕاوە و دەوروبەری وێــرانەیە، تەنها لەو لای خەندەقێکەوە؛ خانووە گڵەکان دیارن و ئیدی شار دەســت پێ دەکات. نازانم کام شێت یا کام بێســەلیقە لەســەردەمی دەقیانووسدا ئەم ماڵەی دروســت کردووە..! کە

چاوم دەنوقێنم نەک تەنها کونوکەلەبەرەکانی دێنەوە پێش چاوم، بەڵکو فشاریان لەسەر شانی خۆم هەست پێ دەکەم. ماڵێک؛ کە تەنها دەکرێ لەسەر قەڵەمدانە کۆنەکان کێشرابێت.

دەبێ هەموو ئەمانە بنووسم، تا بزانم بەهەڵەدا نەچووم..! دەبێ هەموو ئەمانە بۆ سێبەرەکەی خۆم بگێڕمەوە؛ کە وا کەوتۆتە سەر دیوارەکە. بەڵێ، پێشتر تەنها دڵخۆشییەک یا دڵخۆشکەرەیەکم بۆ مابووەوە، لەنێوان چوار دیواری ژوورەکەمدا؛ لەسەر قەڵەمدان نیگارم دەکێشا و بەو سەرگەرمییەی جێی پێکەنینە؛ ژیانم دەگوزەراند، بەڵام دوای ئەوەی کە ئەو چاوانەم بینی، دوای ئەوەی ئەوم دی؛ ئیتر مانا و بەهاو بایەخی هەر جووڵەیەکم لەبەرچاو کەوت.

بەڵام شتێکی سەیر، شتێک کە باوەڕنەکردەیە؛ نازانم بۆچی بابەتی هەموو نیگارکێشانەکانی من هەر لەسەرەتاوە یەک شێوە و یەک فۆرم بووە..! هەمیشە درەختێکی سەرووم*

* درەختی سەروو: درەختی ئەسرو، داری سەلو، داری سەلبی، داری سەول، جۆرە درەختێکی قەد بەرزی هەمیشە سەوزە، لە نیگارسازی ئێرانیدا جێی تایبەتی خۆی هەیە، لە نیگارەکانی سەردەمی هاتنی ئیسلامدا بۆ ئێران، سەروو بەشێوەی سەرکەچ نەخشێنراون، کە گوزارشتن لە کوشتوبڕی فارسەکان بەدەستی عەرەبەکان دەکات پاش داگیرکردنی ئێران. (و)

دەکێشا، کە لەژێریدا پیرەمێردێکی قەمبوور وەک مەهاراتا هیندییەکان هەڵتروشکابوو؛ عەباپەکی لەخۆ پێچابوو، مێزەرێکی بەسەرییەوە بەستبوو و پەنجەی دوشاوەژەی دەستی چەپی لە دۆخی سەرسوڕماندا نابووە زارییەوە. لەبەرانبەریدا کچێک بە کراسێکی ڕەشی ئاودامانەوە لەوبەری جۆگەیەکەوە چەمابووە و گوڵی نیلۆفەری پێشکەش بەم دەکرد، ئایا من پێشتر ئەمەم دیبوو..؟ یا لە خەوندا پێم ئیلهام کرابوو..؟ نازانم، تەنها دەزانم هەرچی نیگارم دەکێشا، هەمووی هەر ئەم شێوە و بابەتە بوو. دەستم لە دەرەوەی خواستی خۆم، ئەم وێنەیەی دەکێشا، لەوە سەیرتریش ئەوە بوو؛ ئەم نیگارە کڕیاری هەبوو، تەنانەت لەڕێی مامەوە ئەم بەرگی قەڵەمدانانەم* دەنارد بۆ هیندستان و ئەو دەیفرۆشتن و پارەکەی بۆ دەناردمەوە.

ئەم وێنایەم لە هەمان کاتدا دووروونژیک دەهاتە پێش چاو، باشم بیر نییە -ئێستا شتێکم بیرکەوتەوە- وتم: دەبێت یادەوەرییەکانی خۆم بنووسمەوە، بەڵام ئەم پێشهاتە زۆر

* قەڵەمدان: جێگای هەڵگرتنی قەڵەم و بەتایبەت قەڵەمقامیشی خۆشنووسییە، ئەم قتووە بە زۆریی لە دار دروستدەکرێت و پێکدێت لە دووبەش، بەشی ناوەوەی کە قەڵەمەکانی تێدا دادەنرێت، وە بەشی دەرەوەی کە ڕووکارێکی هونەریی جوان و ناسکی هەیە و خۆشنووسەکان، نیگاری مینالۆری لەسەر دروستدەکەن.

دواتر ڕوویدا و پەیوەندەی بە مەسەلەکەوە نییە و هەر لەبەر ئەمەش دەستم لە نیگارکێشان هەڵگرت. دوو مانگ لەمەوپێش.. تا دوو مانگ و چوار ڕۆژ تێ دەپەڕێ؛ سیانزەی نەورۆز بوو؛ خەڵک هەمووی شاڵاویان بۆ دەرەوەی شار هێنابوو؛ من پەنجەرەی ژوورەکەم داخستبوو، تا ئەرخەیان نیگار بکێشم. دەمەوە ئێواری لە گەرمەی نیگارکێشاندا بووم؛ کە لەپڕ دەرگا کرایەوە و مامم هاتە ژوورەوە، یانی خۆی گوتی ماممە، من هەرگیز ئەوم نەدیبوو -چونکە لەسەرەتای گەنجییەوە بە سەفەرێکی دوور ڕۆیشتبوو- گوایە ناخودای کەشتیی بووە. وتم ڕەنگە کارێکی بازرگانی بە من هەبێت، چونکە بیستبووم، کە بازرگانییش دەکات.

بەهەرحاڵ، مامم پیرەمێردێکی قەمبوور بوو، کە مێزەرێکی هیندیی بەسەرییەوە بەستبوو، عەبایەکی شڕی زەردی دابوو بە شانیدا، سەروڕووی بە شاڵگەردنێک پێچابوو، یەخەی ئاوەڵا و سینگی کوڵکنی دەبینرا. دەتتوانی؛ ڕیشە کۆسەکەی کە لەژێر شاڵەکەوە دەرکەوتبوو تاڵ تاڵ بژمێریت، پێڵوی ئاسۆرکراووی سووری لێوێکی هەڵقڵیشاوی هەبوو، لێکچوونێکی دوور و پێکەنیناویی لەگەڵ من هەبوو؛ وەک ئەوەی وێنەی من کەوتبێتە سەر ئاوێنەیەکی تەڵخ، من

هەمیشە شێوەی باوکم لە پێش چاوی خۆم هەر ئاوەها وێناکردبوو.

هەر کە هات، چووە سووچێکی ژوورەکە و هەڵترووشکا، من بە خەیاڵمدا هات: بیرم کردەوە لە میوانداری ئەودا شتێک ئامادە بکەم، چراکەم پێ کرد، چوومە گەزنەی* تاریکی ژوورەکەم، کونو کەلەبەریم پشکنی تا شتێکی شایانی بۆ وەدۆزم -ئەگەرچی دەمزانی لە ماڵەکەمدا هیچ دەست ناکەوێت، چونکە نە تلیاکم مابوو نە مەی. لەپڕ نیگام بۆ سەر تاقەکە فڕی، دەتگوت ئیلهامم بۆ هاتووە: قاپێ شەرابی کۆنم بینی، کە بە میراتی گەیشتبووە من -گوایە بە بۆنەی لەدایکبوونی منەوە ئەم شەرابەیان دانابوو. هیچ کاتێ من بیرم لەمە نەکردبووەوە: هەر بە ڕاستی بیرم چووبووەوە شتێکی وا لە ماڵەکەدا هەیە، بۆ ئەوەی دەستم بگاتە تاقەکە: چوارپا{کورسیلەیەک} لەوێدا بوو، خستمە ژێر پێم: بەڵام هەر هاتم قاپەشەرابەکە هەڵبگرم، لەخۆوە لە ڕۆژنەی تاقەکەوە چاوم بەدەرەوە کەوت: بینیم لە سارای ئەودیو ژوورەکەمدا: پیرەمێردێکی قەمبوور لەژێر درەختێکی سەرووودا دانیشتبوو و کیژێکی گەنج -نا، یەک فریشتەی خودایی-

* گەزنە: پەستو، پاشخان، خەلوەتی، گەنجە، گەنجینە، عەمبار.(و)

لەبەرانبەریدا چەمابووەو بەدەستی ڕاستی گوڵێکی نیلوفەری شینی پێشکەش دەکرد، لەکاتێکدا، کە پیرەمێردەکە خەریک بوو نینۆکی پەنجەی دۆشاومژەی دەستی چەپی دەجوو.

کچەکە ڕێک بەرانبەری من بوو، بەڵام وا دەهاتە پێش چاو، کە هیچ ئاگای لەدەوروبەری خۆی نەبێت، دەیڕوانی بێ ئەوەی ببینێت، خەندەیەک لە دەرەوەی توانای خۆی و مەدهۆشانە بەقەراغی لێوییەوە وشک ببوو، وەک ئەوەی کەوتبێتە یادی کەسێکی ونەوە. لەوێدا بوو، کە چاوە بەسام و ئەفسوونگەرەکانی، چاوانێک، کە وەک ئەوە وابوو سەرزەنشتێکی تاڵی بونیام بکەن، چاوانێکی پەرێشان، واقوڕماو، هەڕەشەکار و خاوەن بەڵێنی ئەوم دیت، ئیدی ڕووناکی ژیانی من ناوێتەی ئەم گۆ درەوشاوە پڕ لە مانایانەبوو و لە ناویاندا تواییەوە.

ئەو ئاوێنە ڕاکێشەرە، هەموو بوونی منی هەتا ئەو ڕادەیەی ئەندێشەی مرۆڤ لێی دوورە، بۆ لای خۆی ڕاکێشا. چاوانی کەجی تورکمانی، کە پرشنگێکی سەرووسرووشتی و مەستکاری هەبوو، لەهەمان کاتدا دەیترساند و ڕاشیدەکێشا، وەک ئەوەی بە چاوەکانی دیمەنی ترسناک و سەرووسرووشتی وای دیبێت، کە هەموو کەس نەتوانێ ببینێت. کوڵمی خڕ، تەوێڵی پان، بڕۆی باریکی پەیوەست، لێوی گۆشتنی

نیوەکراوە؛ لێوێک، وەک ئەوە وابوو تازە لە ماچێکی گەرم و درێژ هەڵگیرابێ و هێشتا تێر نەبووبێت، قژی ڕەش و شێواو و ئاڵۆزی؛ دەوری ڕووخساری مانگ ئاسای ئەویان دابوو، دەستەیەک موو بە لاجانگییەوە نووسابوو. ناسکیی ئەندامەکانی و لەخۆوە سووک و خاوییان؛ حیکایەتی سستی و کاتیبوونی ئەویان دەگێڕایەوە، ڕەنگە تەنها کیژێکی سەماکەری بتخانەکانی هیندستان بتوانێت جوڵەی ڕێکوپێکی وەک ئەوی هەبێت.

دۆخی غەمین و شادی غەمنەنگێزی؛ هەموویان ئەوەیان نیشان دەدا؛ کە ئەو وەک خەڵکی ئاسایی نییە، بە هیچ شێوەیەک جوانییەکەی ئاسایی نەبوو، ئەو وەک دیمەنێکی خەیاڵی نەشئەی ئەفیوونیی خۆی نیشانی من دا... ئەو هەمان گەرمایی عەشقی گیاناده‌مەی* لە مندا دروست کرد.

ناسکئەندام و زراف، بە هێڵێکی لەبار؛ کە بە شان و باسک و مەمکەکانی و سینە و سمت و بەلەکیدا دەهاتە خوارێ، وەک ئەوە وابوو؛ جەستەی ئەویان لە باوەشی کەپڵەکەی

---

* گیاناده‌مە: بە ئینگلیزی (Mandragora) ڕووەکێکە لە خێزانی باینجانییەکان، گۆشتن و دوو پەلە، شێوەی دەرەوەی لە مرۆڤ دەچێ، هەر بۆیە لە ئەفسانەی میللەتە جیاوازەکاندا شوێنی تایبەتی هەیە و سیمبولێکە بۆ عەشق، بە جۆرێک باوەڕ وایە؛ هەر کەس ئەم ڕووەکەی پێ بێت، لە دڵی خەڵکدا خۆشەویست دەبێت (و).

دەرکێشابێت، وەک مێیەی گیانلەبەرە وابوو، کە لە باوەشی تاکەکەی خۆی دەریانهێنابێت.

کراسێکی ڕەشی چینداری پۆشیبوو؛ بە جەستەیەوە نووسابوو، کە من تەماشام کرد، گوایە دەیهەوێ بەسەر جۆگەی نێوان خۆی و پیرەمێردەکەدا بازبدات، بەڵام نەیتوانی، لەم کاتەدا پیرەمێردەکە لە قاقای پێکەنینی دا، پێکەنینێکی وشک و دزێو، کە مووی بونیامی گرژ دەکرد، پێکەنینێکی دوورەگە و گاڵتەجارانە، بێ ئەوەی دەموچاوی بگۆڕێ، وەک زایەڵەی پێکەنینێک؛ کە لە بۆشاییەکەوە هاتبێتە دەرێ.

من لەکاتێکدا قاپە شەرابەکەم بەدەستەوە بوو؛ هەراسان لەسەر چوارپایەکە بازم دایە خوارێ، نازانم بۆ دەلەرزیم، جۆرە لەرزێکی پڕ لە ترس و چێژ بوو، وەک ئەوەی لە خەوێکی خۆش و ترسناک ڕاپەڕیبێتم، قاپە شەرابەکەم لەسەر عەردەکە دانا و سەرم بە هەردوو لەپی دەستم گرت، چەند دەقیقە، چەند سەعاتی خایاند..؟ نازانم، هەر کە بەخۆمدا هاتمەوە قاپە شەرابەکەم هەڵگرت و چوومەوە ژوورەکە، بینیم مامم ڕۆیشتووە و دەرگاکەی وەک دەمی مردوو تاقاندۆتەوە، بەڵام زایەڵەی پێکەنینی وشکی پیرەمێردەکە هێشتا لە گوێمدا دەزرینگایەوە.

هەوا ملی لە تاریکی نابوو، چراکە دووکەڵی دەکرد، کەچی ئەو لەرزینە پڕ ترس و کەیفەی لەخۆمدا هەستم پێ کردبوو؛ هەر لەبەیەنمدا مابووەوە.

ژیانی من لەم ساتەوە گۆڕا، ئاخر نیگایەک بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو فریشتە ئاسمانییە، ئەو کیژە نەم ئاسایە؛ تا ئەو جێگایەی فامی بونیام لە تێگەیشتینیدا دۆش دادەمێنیت؛ کاریگەری لەسەر من دابنێت.

لەم کاتەدا لەخۆ بێخۆ ببووم*، وەک ئەوەی پێشتر ناوی ئەوم زانیبێت، پرشنگی چاوانی، رەنگی، بۆنی، هەڵسوکەوتیم؛ هەمووی ئاشنا دەهاتە پێش چاو، وەک ئەوەی رۆحی من، لە ژیانی پێشوودا؛ لە جیهانی باڵا و ئایدیالدا، هاوسێی رۆحی ئەو بووبێ، لە یەک توخم و یەک مادە بووبێن و دەبێ پێکگەیشتبن. دەبوو لەم ژیانەدا نزیکی ئەوبم، هەرگیز نەمدەویست دەستم بەری بکەوێت، تەنها ئەو تیشکە نادیارەی لە جەستەی ئێمەوە پرشنگی دەدا و و ئاوێتەی یەکدی دەبوو؛ بەس بوو. ئەم پێشهاتە تۆقێنەرەم

---

* لە دەقە فارسییەکەدا دەڵێت: (از خود بیخود شده بودم)، کە لە شێوە گشتییەکەیدا بە مانای (ئاگام لە خۆم نەمابوو) دێت، بەڵام من هەر گوزارشتەکەی هیدایەتم لا جوان و بەهێزتر بوو، بۆیە وەک خۆی کردمەوە بە کوردی. (و)

لە یەکەم نیگادا گەلێ پێ ئاشنا بوو، ئایا دوو کەسی عاشق هەمیشە ئەو هەستەیان نییە کە؛ پێشتر یەکتریان بینیووە و پەیوەندییەکی نهێنی لەنێوانیاندا هەیە..؟

من لەم دونیا ئاشرینەدا؛ یان عەشقی ئەوم دەویست یان هی هیچ کەسێک، ئاخۆ دەکرا؛ کەسێکی تر ئاوها کاریگەرییم لەسـەر دابنێـی..؟ بەڵام پێکەنینـی وشـک و درزێـوی پیرەمێردەکە؛ ئەم پێکەنینە شوومە، پەیوەندی نێوان ئێمەی بچراند.

ئەولوی شەو لەم خەیاڵەدا بووم، چەند جارێک ویستم بڕۆم و لە کونی دیـوارەکەوە تەماشـا بـکەم، بەڵام لە پێکەنینـی پیرەمێردەکە دەترسـام. ڕۆژی دواتـریش هەر لەم خەیـاڵەدا بووم، ئایا دەمتوانی بەتەواوەتـی چاوپۆشـی لە دیداری ئەو بکەم..؟

سـەرئەنجام؛ بەیـانی ئەو ڕۆژە بە هەزار تـرس و لەرزەوە؛ بڕیارم دا بچم قاپە شەرابەکە بخەمەوە شوێنی خۆی، بەڵام هەر ئەوەنـدەی پەردەی گەنەکەم لادا، بینـیم دیــوارێکی ڕەشی تاریک، وەک ئەو تاریکییەی سەرانسـەری ژیانی منـی لەخۆگرتووە، لە بەردەمم دایە. هەر هیچ کون و درزێکی تێدا بەدی نەدەکـــرا، ڕۆزنەی چوارگۆشـــەی دیـــوارەکە

هاتبووەوەیەک، وەک ئەوەی هەر نەبووبێت. چوارپایەکەم کێشایە بەرەوە، بەڵام هەرچی شێت ئاسا مشتم لە دیوار دەکوتا و گوێم هەڵدەخست، یان لەبەر چراکەدا چاوم لێ دەکرد؛ بچووکترین نیشانەیەک لە بوونی ڕۆژنەیەک لەو دیوارەدا نەدەبینرا، مستکوتینی من لەو دیوارە ئەستوورە سوودی نەبوو، یەک پارچە بووبوو بە قورقوشم.

ئایا دەمتوانی بەیەکجاریی وازی لێ بهێنم..؟ بەڵام بەدەست خۆم نەبوو، لەدوای ئەو؛ هەر وەک ڕۆحێک لە ئەشکەنجەدا بێت، هەرچی چاوەڕوان بووم، هەرچی کێشکم کێشا، هەرچی لەدوی گەڕام، سوودی نەبوو. دەوروبەری ماڵەکەم سەنگ و سواخ دا، نە ڕۆژێ، نە دوو ڕۆژ، بەڵکو دوو مانگ و چوار ڕۆژ وەکو کەسانی خوێنگرتوو؛ کە دەگەڕێنەوە سەر خوێنەکە، هەموو ڕۆژێ دەمەوئێواری؛ وەک مەلی سەربڕاو بە دەوروبەری ماڵەکەمدا دەگەڕام، بەشێوەیەک کە هەموو زیخ و چەوی ئەو دەوروبەرەم دەناسییەوە، بەڵام هیچ شوێنەوارێک لە جۆگەی ئاو و درەختی سەروو و کەسانێ، کە لەوێ بینیبوومن، بەرچاوم نەدەکەوت.

شەوانە زۆر لەبەر تریفەی مانگدا کەوتمە سەرچۆک، لە دار، لە بەرد، لە مانگ؛ کە لەوانەیەوە ئەو سەیری کردبێ،

دەپارامەوە و لە هەموو بوونەوەرەکان یارمەتیم دەخواست، بەلام بچووکترین شوێنەوارێکم لەو نەبینی.

تێگەیشتم: کە ئەم کارانە هەموویان بێهودەن، چونکە ئەو نەیدەتوانی لە تەک شتەکانی ئەم دونیایەدا پەیوەندی بگرێت، بۆنموونە ئاوێک، کە ئەو پرچەکانی پێی شۆردووە؛ دەبێ لە کانییەکی تایبەت و نەناسراو، یا لە ئەشکەوتێکی سیحرییەوە بێتەدەرێ. کراسەکەی؛ لە ئاوریشمی خوری و لۆکەی ئاسایی نەبوو، دەستانێکی مادی، دەستانی مرۆڤ نەیدروونبوون؛ ئەو وجودێکی هەڵبژاردە بوو. وردەوردە تێگەیشتم ئەو گوڵە نیلوفەرەش گوڵێکی ئاسایی نەبووە، دڵنیابووم گەر ئەو کچە؛ ئاوی ئاسایی بپرژاندبا لە دەموچاوی، ڕووخساری دەژاکا و ئەگەر بە پەنجە باریک و شمشاڵییەکانی گوڵی نیلوفەری ئاسایی بچنیبا؛ ئەنگوستەکانی وەک پەڕەی گوڵ پەژمووردە دەبوون، ئا.. لە هەموو ئەمانە تێگەیشتم.

ئەم کچە -ئا ئەم فریشتەیە-؛ بۆ من سەرچاوەی سەرسامی و ئیلهامێکی لە کۆنە هاتوو بوو، وجودی ئاسکی ئەو بۆ دەستلێدان نەبوو. ئەو بوو؛ کە هەستی پەرستنی لە مندا بزواند، من دڵنیام نیگای کەسێکی بێگانە، کەسێکی ئاسایی؛ ئەوی کەنفت و پەژموردە دەکرد. لەو کاتەوە ئەوم

ون کرد؛ لەو کاتەوەی دیوارێکی قورس، ڕێگرێکی نەماوی بێدرز؛ بەقورسیی قورقوشم لەنێوان من و ئەودا هەڵچنرا، هەستم کرد؛ ژیانم بۆ هەمیشە بزرو بێهودە بووە.

ئەگەرچی ئەو نەوازشی نیگا و چێژە زۆرەی لە دیتنی ئەو بردبووم؛ یەک لایەنە بوو، ئەو وەڵامێکی بۆ من نەبوو- چونکە ئەو منی نەبینیبوو- بەڵام من ئاتەجم بەو چاوانەی هەبوو؛ تەنها نیگایەکی بەس بوو؛ تا هەموو کێشە فەلسەفی و ڕازە خوداییەکانم بۆ چارەسەر بکات، بە نیگایەکی ئەو؛ ئیتر هیچ نهێنی و ڕازێک بۆ من نەدەمایەوە.

لەوە بەدوا بڕی مەی و تلیاکی خۆمم زیاتر کرد، بەڵام بەداخەوە ئەو دەرمانی نائومێدییانە لەجیاتی ئەوەی بیروهۆشم سەبارەت بەو پەکبخەن؛ ڕۆژ بە ڕۆژ، سەعات بە سەعات، دەقیقە بە دەقیقە، یادی ئەو، ئەندامی ئەو، ڕووخساری ئەو؛ قورستر و پتر لە جاران دەهاتنە بەرچاوم. چۆن دەمتوانی لەبیری بکەم..؟ چاوم بکردایەتەوە یان دامخستایە، لە خەو یان لەبێداریدا؛ هەر لەبەرچاوم بوو. لە ڕۆژنەی گەرنەی ژوورەکەمەوە، لە کونی چوارگۆشەیەکەوە، کە ڕووەو دەرەوە دەکرایەوە؛ هەمیشە ئەوم لەبەرچاو بوو.

ئارامم لەبەر برابوو، چۆن دەمتوانی ئارامم هەبێ..؟ ڕاهاتبووم هەموو ئێوارەیەک خۆرئاوابوون بچمە گەڕان، نازانم بۆچی لەسەر ئەوە پێم دادەگرت؛ جۆگەی ئاو و درەختی سەروو و گوڵی نیلۆفەر بدۆزمەوە..؟ چۆن خووم بە تلیاکەوە گرتبوو ئاوهاش خووم بە گەڕانەوە گرتبوو، دەتگوت شتێک منی بەم کارە ناچار دەکرد، بەدرێژایی ڕێگا هەر لە خەیاڵی ئەودا بووم؛ لە خەیاڵی یەکەمین دیدارێک، کە لەگەڵیدا هەمبوو، دەمویست ئەو شوێنە بدۆزمەوە، کە ڕۆژی سیانزەی نەورۆز ئەوم لێ دیبوو. ئەگەر ئەوێم بدۆزیبایەوە، ئەگەر بمتوانیبا لەژێر ئەو دارسەرووەدا دابنیشم؛ بێگومان ئۆقرەم تێ دەگەڕا، بەڵام ئەفسووس جگە لە پووشوپەڵاش و لمی گەرم و ئێسکی پەراسووی ئەسپ و سەگێک، کە بۆنی بە زبڵەکانەوە دەکرد، هیچی تری لێ نەبوو.

ئایا بەڕاستی من لەگەڵ ئەو ژووانم هەبووە..؟ نا هەرگیز، تەنها ئەوم بەدزییەوە لەکونێکەوە، لە ڕۆژنەی بەدبەختیی گەنجەی ژوورەکەمەوە دیوە، وەکو سەگێک، کە ملومۆش دەکات بەسەر زبڵەکانەوە و هەر ئەوەندەی لە دوورەوە کیسەیەک خۆڵ بێنن؛ ئەم هەڵدێ و پاشان دەگەڕێتەوە تا لەناو زبڵی نوێدا کوتی تازە بدۆزێتەوە، منیش دۆخێکی

ئاوهام هەبوو، بەڵام ڕۆژنەکە دڵخرابوو؛ ئەو بۆ من چەپکە گوڵێکی تەڕو تازە بوو، کە لەسەر زبڵەکان تووڕیان دابێت.

شەوی دوایی، کە وەک هەر شەوێکی تر چوومە گەڕان: ئاسمان هەور و باراناوی بوو، تەموومژێکی خەست نیشتبووە سەر هەوا، لە هەوای بارانییدا، کە لە ئاحەزیی ڕەنگەکان و بێشەرمی هێڵی شتەکان کەم دەکاتەوە؛ من هەستم بە جۆرە ئازادی و ئاسودەییەک دەکرد، وەک ئەوەی باران، ئەندێشە تاریکەکانی من بشواتەوە.

لەم شەوەدا ئەوەی کە نەدەبوو ببووا، بوو. من لەخۆوە دەخولامەوە، بەڵام لەو سەعاتە تەنیاییانەدا، لەو دەقیقانەدا، کە بە دروستی ماوەکەیانم لەبیر نییە؛ زۆر تونددتر لە هەمیشە ڕووخساری سەرسام و وێنی ئەو، وەک ئەوەی لەودیو هەورو دووکەڵەوە دەرکەوتبێت؛ ڕووخساری بێ جوڵە و بێ دۆخی؛ وەک نیگارەکانی سەر بەرگی قەڵەمدان، لەپێش چاومدا دەرکەوت.

پێم وایە، کە گەڕامەوە؛ زۆر لە شەو تێپەڕیبوو، مژێکی خەست لە هەواوە ئالابوو، وەها کە بەرپێی خۆمم بەباشی نەدەدی، بەڵام بەپێی ڕاهاتن، بەپێی هەستێکی تایبەت، کە لەمندا بێدار ببووەوە؛ گەیشتمەوە بەردەگای ماڵەکەم، دەبینم

بەژنێکی ڕەشپۆش، پەیکەری ژنێک؛ لەسەر سەکۆی بەردەرگای ماڵەکەم دانیشتووە.

شقارتەیەکم داگیرساند، تا جێ کلیلی دەرگاکە وەدۆزم، بەڵام نازانم بۆ لەخۆوە نیگام بەرەو ئەو تارماییە ڕەشپۆشە کشا..!
دوو چاوی کەچ، دوو چاوی درشتی ڕەش؛ لە ڕووخساری لاواز و مانگ ئاسایدا بوو، ناسیمەوە هەر ئەو چاوانە بوو، کە دەیبرییە بونیام بێ ئەوەی تەماشای بکات. ئەگەر ئەوم پێشتریش نەدیبا هەر دەمناسییەوە، نا بەهەڵەدا نەچووبووم، ئەم بەژنە ڕەشە خۆی بوو.

من وەک ئەو ساتەی کە مرۆڤ خەون دەبینێ، خۆی دەزانێ کە خەونە و دەیەوێت هەستێت، بەڵام ناتوانێ؛ ئاوها ماتومەتگ وێستام، لەجێی خۆمدا وشک بووم، شقارتەکە تا کۆتایی سووتا و جزەی لە پەنجەم هەستاند، ئینجا بەخۆمدا هاتمەوە؛ کلیلم لەنێو کێلونەکەدا سووڕاند، دەرگاکە کرایەوە، خۆم خستە لاوە. ئەو لەسەر سەکۆکە هەستا و وەک کەسێک، شارەزا بێت؛ بە داڵانە تاریکەکەدا تێپەڕی و دەرگای ژوورەکەمی کردەوە، منیش بەدوایدا چوومە ژوورەوە. بەسەرسامییەوە چراکەم پێکرد، دەبینم ئەو چووە لەسەر چرپاکەی من ڕاکشاوە؛ ڕووخساری کەوتبووە سێبەرەوە، نەمدەزانی ئەو من دەبینێت یا نا..؟ دەتوانێت دەنگم

ببیستێ یا نا..؟ لە ڕواڵەتیدا نە ترس بەدی دەکرا نە بەرگری، وەک ئەوە وابوو بێ ویستی خۆی هاتبێت.

ئایا نەخۆش بوو..؟ ئایا ڕێگای ون کردبوو..؟ ئایا لەخۆوە وەک کەسێکی خەوگەڕ هاتبوو..؟ لەم کاتەدا هیچ بوونەوەرێک ناتوانێت ئەم دۆخە بێنێتە بەرچاوی خۆی کە بەسەر مندا هات؛ جۆرە ژانێکی خۆش و ناگوتەنیم چەشت. نا.. فریوم نەخواردبوو، ئەمە هەر ئەو ئافرەتە؛ هەر ئەو کیژە بوو؛ بێ سەرسامی، بێ ورتە هاتبووە ژوورەکەمەوە.

هەمیشە لای خۆمەوە وام دانابوو؛ یەکەم ژووانمان ئاوها دەبێت، ئەم دۆخە بۆ من وەک خەونێکی قووڵی بێ کۆتایی بوو، چونکە دەبێ خەوێکی زۆر قووڵ بخوویت؛ تا بتوانی خەونێکی وەها ببینیت. ئەم بێ دەنگییە بۆ من؛ حوکمی ژیانێکی ئەبەدیی هەبوو، چونکە لە دۆزەخی ئەزەل و ئەبەددا{حاڵەتی بێ دەستپێک و بێ کۆتایی} ناکرێ قسە بکەیت.

بۆ من ئەو ژنێک بوو؛ شتێکی سەرووسروشتیی پێ بوو، ڕووخساری ئەو؛ فەرامۆشییەکی سەرگێژکەری ڕووخساری هەموو ئادەمیزادی بۆ دەهێنام، بەجۆرێک لە تەماشاکردنی ئەودا لەرز دایگرتم و ئەژنۆکانم سست بوون. لەم ساتەدا؛

سەرانسەری ژیانی پڕ لە ڕەنجی خۆم، لە پشت چاوە گەورەکانی، چاوە هێجگار درشتەکانی، چاوە تەڕ و درەخشانەکانی ئەوەوە، بە چەشنی ئەڵماسێکی ڕەش کە لە ئەسرینیان هاویشتبێت؛ بینی.

لە چاوەکانیدا؛ لە چاوە ڕەشەکانیدا؛ شەوێکی ئەبەدی و تاریکییەکی چڕم دۆزییەوە؛ کە بەدوایدا وێڵ بووم. لە ڕەشایی سامناک و ئەفسوونگەری ئەودا؛ نوقم بووم، وەک ئەوە بوو هێزێک لە هەناوی منەوە ڕاکێشنە دەرەوە، عەرد لەژێر پێمدا دەلەرزی و ئەگەر بکەوتبام، چێژێکی ناگوتەنیم دەکرد.

دڵم لە لێدان کەوت، هەناسەم لە خۆم بڕی، دەترسام ئەگەر هەناسە هەڵکێشم؛ ئەو وەکو هەور یا دووکەڵ بڕەوێتەوە. بێ دەنگییەکەی وەک پەرجوویەک وا بوو، وەک ئەوە وا بوو؛ دیوارێکی بلورینیان لەنێوان ئێمەدا کێشابێت، لەو کاتەدا، لەو سەعاتەدا، لەو ئەبەدییەتەدا دەخنکام. چاوە ماندووەکانی ئەو وەک ئەوەی شتێکی نائاساییان دیبێ، کە هەموو کەسێک نەتوانێ بیبینێت، وەک ئەوەی مەرگی دیبێت؛ بە ئارامی لێک تران. من وەک خنکاوێک، کە دوای پەلەقاژەی زۆر سەر ئاو دەکەوێ؛ لە بەرزی تایەکدا کەوتمە هەڵلەرزین و بە سەرقوڵەکەم عارەقەی نێوچەوانم سڕی.

ڕووخساری ئەو هەمان دۆخی ئارام و بێ جوڵەی هەبوو، بەڵام وا دەردەکەوت کــــز و لاوازتــــر بووبێــــت. هەروا کە ڕاکشابوو و نینۆکی پەنجەی دۆشاومژەی دەستی چەپی دەچوو، ڕەنگی سیمای مانگ ئاسای؛ لەژێر کراسی ئەنگی ڕەشییەوە کە بەجەستەیەوە نووسابوو دیاربوو، هێڵی پاوپوزی، باسک و هەردوولای سینەی و تەواوی جەستەی دەبینرا.

بۆ ئەوەی باشتر ببینم؛ بەسەریدا دانەویمەوە؛ چونکە چاوەکانی داخرابوون، بەڵام هەرچی لە ڕووخساریم ڕوانی؛ پێدەچوو زۆر لە من دوور بێت. لەپڕ هەستم کرد؛ بە هیچ جۆرێ من لە دڵی ئەو ئاگادار نیم و هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئێمەدا لەئارادا نییە، ویستم شتێک بڵێم، بەڵام ترسام گوێی ئەو؛ ئەو گوێچکە هەستیارانەی؛ کە دەبێ بە مۆسیقایەکی دووری ئاسمانیی ڕاهاتبن، لە دەنگی من بێزار بێت.

بەخەیاڵمدا هات؛ ڕەنگە برسی یان تینووی بێت، چوومە گەنجینەی ژوورەکەم شتێکی بۆ پەیدا بکەم، ئەگەرچی سوور دەمزانی هیچ شتێک لەماڵەکەمدا دەست ناکەوێت، بەڵام وەک ئەوەی ئیلهامم بۆ هاتبێت؛ کە لەسەر تاقەکە قاپە شەرابێکی کۆنم هەیەو لە باوکمەوە بە میرات پێم براوە، چوارپایەکەم

دڵناو قاپەشەرابم هێنایە خوارێ. بە پێدزە چوومە تەنیشتی چرپاکەوە؛ دەبینم وەک منداڵێکی ماندوو و کەنفت خەوی لێ کەوتووە. بەتەواوی لەخەودا بوو؛ برژانگە درێژەکانی وەک مەخمەڵ کەوتبوونە سەریەک، سەری قاپەکەم کردەوە و پیاڵەیەک شەرابم لەنێوان ددانە داخراوەکانیدا ڕۆکردە زارییەوە.

لەپڕ بۆ یەکەم جار لەژیانمدا؛ هەستم بە ئارامی کرد، چونکە بینیم: ئەو چاوە داخراوانەی، کە وەک شێرپەنجەیەک منی ئازار دەدا و وەک مۆتەکەیەک بە چنگی ئاسنینی خۆی ناخی منی دەگوشی؛ کەمێک ئۆقرەیان تێ گەڕا. کورسییەکەی خۆم هێنایە پەنا چرپاکە و لە ڕووخساری وردبوومەوە! چ سیمایەکی منداڵانە، چ دۆخێکی سەیر..! ئایا دەبوو ئەم ژنە، یان ئەم کچە، یان ئەم فریشتەی عەزابە -چونکە نەمدەزانی چ ناوێکی لێ بنێم- ژیانێکی دوو لایانەی هەبێت..؟ هێندە ئارام، هێندە بێڕەحمەت..؟

ئێستا دەمتوانی هەست بە گەرمایی لەشی بکەم و هاڵاوێکی شێدار و نماوی، کە لە کەزیی ڕەش و قورسییەوە هەڵدەستا؛ بۆن بکەم. نازانم بۆ دەستی لەرزۆکی خۆمم بەرز کردەوە -چونکە دەستەکانم لەژێر فەرمانی مندا نەبوون- و هێنام بە ئەگریجەیدا..؟ ئەگریجەیەک، کە هەمیشە نووسابوو بە

لاجانگییەوە. دواتر پەنجەکانم خستە قژییەوە، موەکانی شێدار و سارد، زۆر ساردبوون، وەک ئەوەی چەند ڕۆژێک بەسەر مردنیدا تێپەڕی بێت، من بەهەڵەدا نەچووبووم، ئەو مردبوو. دەستم لە سینگ و بەرۆکییەوە بردە ژوورێ، لەسەر مەمک و دڵی ڕامگرت، هەست بە بچووکترین ترپە نەدەکرا، ئاوێنەم هێنا و لەبەر لوتیدا ڕامگرت، بەڵام بچووکترین شوێنەواری ژیانی تێدا نەدەبینرا.

ویستم بە گەرمایی لەشی خۆم گەرمی بکەمەوە: گەرمایی خۆمی بدەمێ و ساردیی مەرگی لێ وەربگرم، ڕەنگە بەم شێوەیە بتوانم ڕۆحی خۆم بکەم بە بەریدا. جلەکانم داکەند و چوومە سەر چرپاکە و لەتەنیشتییەوە ڕاکشام.

وەک نێرومێی گیانلەدەمە پێکەوە لکابووین، جەستەی ئەو هەر دەتگوت مێیەی گیانلەدەمەیە و لە نێرەکەی خۆی جیایان کردۆتەوە، هەمان عەشقی سووتێنەری گیانلەدەمەی هەبوو. زاری تفت و تاڵ: تامی قنچکە خەیاری دەدا. هەموو جەستەی وەک تەرزە سارد بووبووەوە، هەستم دەکرد خوێن لە دەمارەکانمدا دەیبەستێ و ئەم سەرمایە تا قووڵایی دڵم دەچێ. هەموو هەوڵەکانم بێهوودە بوون، لە چرپاکە هاتمە خوارەوەو جلەکانم لەبەر کردەوە. نا، درۆ نەبوو! ئەو

هاتبوو لێرە؛ لە ژوورەکەی مندا، خۆی ڕادەستی من بکات، ڕۆح و جەستەی، هەردووکی بە من بەخشی..!

هەتا زیندوو بوو، هەتا چاوانی سەرشار بوون لە ژیان؛ تەنها یادگاریی چاوەکانی ئازاریان دەدام، بەڵام ئێستا بێ جوڵە و بێ هەست و ساردوسڕ؛ بە چاوی نوقاوەوە هاتووە خۆی ڕادەستی من کردووە، بە چاوی نوقاوەوە..!

ئەمە هەر ئەو کەسە بوو؛ کە هەموو ژیانی منی ژەهراوی کردبوو، یان هەر ژیانی من ئامادە بوو ژەهراوی بێ و من جگە لە ژیانی ژەهراوی نەمدەتوانی ژیانێکی ترم هەبێت. ئێستا لێرە لە ژوورەکەمدا؛ جەستە و سێبەری خۆی بە من بەخشی، ڕۆحی شکێنەر و کاتیی ئەو، کە هیچ پەیوەندییەکی لەتەک دونیای زەمینیانەوە نەبوو؛ لەنێو کراسی ڕەشی چیندارییدا بەهێواشی هاتە دەرێ، لەنێو جەستەیەکەوە، کە خۆی ئەشکەنجە دەدا، بۆ نێو دونیای سێبەرە سەرگەردانەکان ڕۆیشت، گوایا سێبەری منیشی لەگەڵ خۆی بردووە، بەڵام جەستە بێ هەست و بێ جوڵەکەی لەوێدا کەوتبوو، ماسولکە نەرم و شلەکانی، دەمار و ئێسکەکانی لە چاوەڕوانی ڕزین و پوواندا؛ خۆراکێکی بەتامیان بۆ مشک و کرمەکانی ژێر زەوی ئامادە کردبوو.

لەم ژوورە هەژار و رووتەڵە و پڕ بەدبەختییەدا، کە وەک گۆڕ وا بوو؛ لەنێو تاریکایی شەوێکی جاویدانیدا، کە منی لەخۆ گرتبوو وە چووبووە نێو قووڵایی دیوارەکانیشییەوە؛ دەبوو شەوێکی درێژی تاریک و ساردی بێ کۆتایی لەگەڵ تەرمی ئەودا، لە تەنیشت مردووییەکەوە بەسەر بەرم. وا هاتە پێش چاوم؛ تا دونیا دونیایە، تا من هەیم؛ مردووییەک، مردووییەکی سارد و بێ هەست و جوڵە لە ژوورێکی تاریکدا لەگەڵ مندا بووە و دەبێت.

لەم ساتەدا کە ئەندێشەکانم سەرقاڵیان کردبوو؛ ژیانێکی سەیرو تایبەت لەمندا سەری هەڵدا؛ چونکە ژیانم پەیوەندیی بە هەموو ئەو بوونەوەرانەوە هەبوو، کە لەدەوری من بوون، بە هەموو ئەو سێبەرانەی کە لە چواردەورمدا دەلەرینەوە. پەیوەندییەکی قووڵ و جیانەکراوەم لەتەک بزاڤی بوونەوەران و سروشتدا هەبوو، لە ڕێگایەکی نادیارەوە؛ پەوتێک، بە تەرزێکی نیگەران لەنێوان من و گشت تۆخمەکانی سروشتدا دامەزرابوو.

هیچ جۆرە خەیاڵێکی ناسروشتییم نەبوو، من دەمتوانی بە ئاسانی لە نهێنی نیگارە دێرینەکان، لە نهێنی کتێبە فەلسەفییە سەختەکان، لە سەرەتای شێوە و جۆرەکان تێ بگەم، چونکە من لەم ساتەدا بەشداریم هەبوو لە

سووڕانەوەی زەوی و ئاسمان، لە ڕسکانی ڕووەک و لە جوڵەی گیانداران، ڕابردوو و داهاتوو؛ تێکەڵ و هاودەم بە ژینی هەستیاری من ببوون.

لەم جۆرە کاتانەدا؛ هەرکەسە پەنا دەباتە بەر یەکێ لە خووە بەهێزەکانی ژیانی، یەکێ لە واسواسەکانی خۆی؛ عارەقخۆر دەچێ خۆی سەرخۆش دەکات، نووسەر دەڕوا دەنووسێت، پەیکەرساز دێ بەرد دەتاشێ، هەریەکەیان دڵخی دڵی خۆیان بە هەڵهاتن لە هاندەری بەهێزی ژیانی خۆیان دەڕێژن، لەم کاتەدایە؛ کە هونەرمەندی ڕاستەقینە دەتوانێ شاکار بخوڵقێنێت.

بەڵام منێکی بێ سەلیقەی بەدبەخت، نیگارکێشێکی سەربەرگی قەڵەمدان، دەمتوانی چی بکەم..؟ بەو وێنە وشک و درێوو بێ ڕۆحانە؛ دەمتوانی چی بکێشم، کە ببێ بە شاکار..؟ کەچی لە وجودی خۆمدا شۆڕێکی گەورە و گەرماییەکی بەتینم هەست پێ دەکرد، جۆرە مەیل و خواستێکی تایبەت بوو؛ دەمویست ئەو چاوانەی بۆ هەمیشە لێکترابوون، لەسەر کاغەز بکێشم و بۆ خۆمیان هەڵبگرم. ئەم هەستە وای لێ کردم، بڕیارەکەی خۆم بکەم بە کردار، یانی بە دەست خۆم نەبوو؛ ئەویش لەکاتێکدا کە بونیام

لەگەڵ مردوویەکدا حەپس کراوە، هەر ئەم خەیاڵە خۆشییەکی تایبەتی لەمندا پێک دەهێنا.

سەرەنجام چراکەم، کە دووکەڵی دەکرد، کوژاندەوە. دوو مۆمم هێنا و لە ژوورسەری ئەوەوە دامگیرساندن، لە بەر ڕووناکی لەرزۆکی مۆمەکاندا؛ ڕووخساری برێ ئارامتر بوو، لە تاریک و ڕوونی ژوورەکەدا شێوەیەکی پڕ ڕازوڕەمزی ئەم ئاسای بەخۆوە گرت.

کاغەز و کەرەستەی کارەکەم هەڵگرت و هاتمە پەنا چرپاکەی ئەوەوە -چونکە تازە ئەم چرپایە هی ئەو بوو- دەمویست ئەم ڕووخسارە، کە هێواش هێواش مەحکوم بە ڕزین و لەناوچوون بوو، ئەم بەژنە، کە بە ڕواڵەت بێ جوڵە و لە دۆخێکدا مێخکوت بوو؛ بەکاوەخۆ بکێشم. لەسەر کاغەز: هێڵە ڕاستەقینەکان ڕێک بخەم، ئەو هێڵانە هەڵبژێرم، کە منیان خستبووە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە.

نیگار هەرچەند بچووک و ساکار بێ؛ بەڵام دەبێ هەم کاریگەر بێ و هەم ڕۆحی هەبێ. من کە خووم بە نیگاری سەر بەرگی قەڵەمدانەوە گرتبوو؛ ئێستا دەبوو مێشکی خۆم بخستبایە کار، خەیاڵی خۆم -یانی ئەو ئارماییەی کە لە ڕووخساری ئەو کاری کردبووە سەر من- لەلای خۆم وێنا

بکەم؛ لە ڕووخساری ورد ببمەوە، پاشان چاوم لێک بنێم و ئەو هێڵانەی لە دەموچاوی ئەو هەڵمەدەبژارد بهێنمە سەر کاغەز، تا لەڕێگای خەیاڵی خۆمەوە بەشکم تلیاکێ بۆ ڕۆحی ئەشکەنجە کراوم بدۆزمەوە... سەرئەنجام پەنام بردە بەر ژیانی وێستاوی شێوە و هێڵەکان.

ئەم شێوازە لەگەڵ ستایڵی نیگارە مردووەکانی منیا هاوئاهەنگ بوو؛ -نیگاری مردووکێشان- خۆ من هەر نیگارکێشی مردووەکان بووم، بەڵام چاوەکان؛ چاوە لێکنراوەکانی..! ئایا پێویستم بەوە بوو سەرلەنوێ بیانبینمەوە..؟ ئایا بە ئەندازەی پێویست لە خەیاڵ و ئەندێشەی مندا نەبوون..؟ نازانم تا دەمەویەیان؛ چەند جار نیگارم لە ڕووخساری ئەو کێشا، بەڵام هیچیانم بەدڵ نەبوو. هەرچیم دەکێشا دەمدڕاند، لەم کارە ئەماندوو دەبووم نە هەستم بە تێپەڕینی کات دەکرد.

تاریک و ڕوونە بوو؛ ڕووناکییەکی کز لەودیو شووشەی پەنجەرەکەمەوە خۆی خزاندبووە ژوورێ، من بە نیگارێکەوە سەرقاڵ بووم، کە پێم وابوو لە هەموویان باشترە، بەڵام چاوەکانی؛ ئەو چاوانەی لە دۆخی سەرزەنشتکردندا بوون؛ وەک ئەوەی من گوناهێکم کردبێ، کە هی لێخۆشبوون نەبێت، نەمدەتوانی بیانهێنمە سەر کاغەز. لەناکاو هەموو

ژیان و یادەوەریی ئەو چاوانە لەمێشکمدا سڕایەوە، هەوڵەکانم بێهوودە بوون، هەرچەند لە ڕووخساریم دەڕوانی؛ نەمدەتوانی شێوەی ئەو چاوانە بیری خۆم بێنمەوە. لەپڕ دیتم سەرگۆناکانی سوور بوونەوە، سوورێکی جەرگیی؛ وەک ڕەنگی گۆشتی بەردەم دووکانی قەساب؛ ڕۆحی تێگەڕا.

چاوە بێ ئەندازە کراوە و سەرسامەکانی ئەو؛ ئەو چاوانەی کە هەموو پرشینگی ژیانی تێدا کۆببووەوە؛ بە ڕووناکییەکی سەیر درەوشایەوە؛ چاوانی نەخۆش و سەرزەنشتکاری زۆر بەهێوری کرانەوە و لەمنی ڕوانی. بۆ یەکەم جار بوو، کە هەستی بە من کرد، لێمی ڕوانی و دیسانەوە چاوەکانی لێکنایەوە. ئەم پێشهاتە ڕەنگە چرکەیەک زیاتری نەخایاند بێت، بەڵام بۆ من بەس بوو تا وێنەی چاوانی وەرگرم و بیهێنمە سەر کاغەز، بە فڵچەیەک ئەم وێنەیەم کێشاو ئەم جار ئیتر نیگارەکەم نەدڕی.

پاشان لەسەر جێگاکەم هەستام و بەهێواشی لێی نزیک بوومەوە؛ وام بەخەیاڵدا هات زیندووە یان زیندوو بۆتەوە، عەشقی من ڕۆحی تێکەڕاندبوو، بەڵام لەنزیکەوە بۆنی مردوو؛ بۆنی مردووی ڕزیووم هەست پێ دەکرد؛ بەسەر جەستەیەوە کرمی ورد تێکهەڵژیوابوون و دوو زەردەواڵە لەبەر ڕووناکی مۆمەکەدا بە دەوریدا هەڵدەفڕین. بەتەواوی مردبوو، بەڵام

بۆچی و چۆن چاوەکانی کرانەوە...؟ نازانم. ئایا لە خەونما دیتبووم یان بەڕاستی...؟ نامەوێ کەس ئەم پرسیارەم لێ بکات.

گرنگ ڕووخساری نـا، چاوەکانی بوون و ئێستایش ئەو چاوانەم هەبوو، ڕۆحی چاوەکانیم لەسەر کاغەز هەبوو ئیتر پێویستم بە جەستەی نەبوو، ئەو جەستەیەی؛ مەحکوم بە نەبوون بوو، مەحکوم بە چێژ بوو بۆ مارومێرووەکانی ژێر زەوی. لەمەودوا ئەو لە دەستی مندا بوو، نەک من لە دەستی ئەودا، هەر ساتێک بمویستبا؛ دەمتوانی چاوانی ببینم. نیگارەکەم زۆر بەوریایی و پارێزەوە برد و لە چەلەنگی خۆم؛ کە جێگای داهاتەکانم بوو لە گەزنەی ژوورەکەمدا شاردمەوە.

شەو هێور و پێدزە دەڕۆیشت، وەک ئەوەی بە ئەندازەی پێویست ماندوویەتی خۆی دەرکردبێت، لە دوورەدەست هەندێ دەنگ یەکزی دەبیستران، ڕەنگە مەلێک یان باڵندەیەکی کۆچەر خەون ببینێت، لەوانەیە گیاکان شین ببن. لەم ساتەدا، کە ئەستێرە بێورشەکان لە پشت هەورەکانەوە ون دەبوون؛ بەسەر ڕووخسارمدا هەناسەی فێنکی بەیانم هەست پێ دەکرد، ڕاست لەم کاتەدا قووقەقووقی کەڵەشێر لە دوور ڕا بەرزبووەوە.

دەمتوانی چی لە مردوو بکەم..؟ مردوویەک، کە لەشی خەریک بوو دەڕزی. سەرەتا وام بەخەیاڵدا هات؛ لە ژوورەکەی خۆمدا بینێژم، دوایی بیرم کردەوە بیبەمە دەرەوە و لە چاڵێکی بهاوێم؛ چاڵێک، کە لە دەوروبەرەکەیدا گوڵی نیلوفەری شین ڕووابێت، بەڵام بۆ کارێکی ئاوها؛ کە کەس نەیبینێ؛ چەندێک مێشک، چەندێک زەحمەت و دەستوبردی پێویست بوو..؟ سەرەڕای ئەمانەیش من نەمدەویست هیچ بێگانەیەک چاوی بەو بکەوێت، دەبوو گشت ئەم کارانەم بە تەنیا و بە دەستی خۆم ئەنجام دابا. من بەجەهەننەم، جا ژیانی من دوای ئەو بە کەڵکی چی دێت..؟ بەڵام ئەو نا.. هەرگیز.. هیچ کەسێک لە خەڵکی ئاسایی نەدەبوو بە مردنی ئەو بزانێت. ئەو هاتبوو لە ژوورەکەی مندا؛ جەستەی سارد و سێبەری خۆی دابوو بە من تا کەسی تر نەیبینێت، بۆ ئەوەی بە نیگای هیچ بیانییەک ئالودە نەبێت.

سەرئەنجام خەیاڵێک بەمێشکمدا هات؛ ئەگەر لەشیم پارچە پارچە بکردایە و لە ژانتا، هەر ئەو ژانتا کۆنەی خۆمم نابا و بمبردایە لە دوور.. زۆر دوور لە چاوی خەڵک، دەمناشت. ئیتر دوودڵ نەبووم، کاردێکی دەسک تەختە؛ کە لە گەنجەی ژوورەکەم هەمبوو، هێنام و زۆر بەوردی؛ سەرەتا کراسە ڕەشە تەنکەکەی، کە وەک تەونی جاڵجاڵۆکە ئەوی لەخۆیدا

حەپس کردبوو و تەنها شتێک بوو کە لەشی داپۆشی بوو، دامدڕی. دەتگوت باڵای هەڵی داوە..! درێژتر لە جاران هاتە بەرچاوم، ئەمجا سەریم لێ کردەوە، دڵۆپە خوێنی مەیوی سارد لە قوڕگییەوە هاتە دەر، ئەمجا دەست و قاچەکانیم بڕین و هەموو ئەندامەکانی جەستەیم بە ڕێکوپێکی لە ژانتاکەدا جێ کردەوە، کراسەکەی -هەر ئەو کراسە ڕەشەی لەبەریدا دامدڕی بوو- نامە سەریان، ژانتاکەم داخست و کلیکەیم لە گیرفانم نا. هەر کە لێ بوومەوە هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵمژی، ژانتاکەم دەستدایە و وەزنم کرد! قورس بوو، ئەتم بەم جۆرە هەست بە هیلاکی نەکردبوو، تا هەرگیز نەمدەتوانی بەتەنیا ژانتاکە لەگەڵ خۆمدا بەرم.

دونیا دیسان هەور بوو! نەمنە باران دەستی پێ کردبوو، لە ژوورەکەم هاتمە دەرێ؛ بەڵکو کەسێک بدۆزمەوە ژانتاکەم لەگەڵ هەڵبگرێ. لەو دەوروبەرە کەس نەدەبینرا، بڕێ دوورتر، کە باش ورد بوومەوە؛ لەنێو تەمەکەدا پیرەمێردێکی قەمبورم بینی لەژێر دارسەروویەکدا دانیشتبوو؛ ڕووخساری وەها بە شاڵگەردنێکی پان داپۆشیبوو، کە نەدەبینرا. بەهێمنی لێی نزیک بوومەوە، هێشتا هیچم نەوتبوو، کە پیرەمێردەکە پێکەنینێکی وشک و دزێوی کرد، وەها کە مووی جەستەمی گرژکرد، وتی:

"ئەگەر حەماڵت دەوێ، ئەوە من حازرم، عەرەبانەیەکی تەرمکێشیشم هەیە، من هەموو ڕۆژێ مردووەکان دەبەمە شا عەبدولعەزیم* و ئەسپەردەیان دەکەم، تابووتیش دروست دەکەم، بە ئەندازەی هەرکەسێک تابووتم هەیە بێ کەم و زیاد، من حازرم... هەر ئێستا..!"

لە قاقای پێکەنینی دا؛ وەها کە شانەکانی دەلەرینەوە، من بەدەست ئاماژەم بۆ ماڵەکەم کرد، بەڵام ئەو نەیهێشت قسە بکەم و وتی:

"پێویست ناکات، من ماڵەکەت دەزانم.. هەر ئێستا..!"

لەسەر جێگاکەی هەستا، من ڕووەو ماڵەوە گەڕامەوە، چوومە ژوورێ و ژنتای مردووەکەمم بە هەزارحاڵ تا بەردەرگا هێنا.. تەماشا دەکەم؛ عەرەبانەیەکی تەرمکێشی شڕو کۆن، کە دوو ئەسپی ڕەشی لەڕی لێ بەستراوە لەبەر دەرگایە. پیرەمێردی قەمبوور وا بەسەر عەرەبانەکەوە و قامچییەکی درێژی بەدەستەوە گرتووە، هەر ئاوڕێکیشی نەدایەوە تا بمبینێ. من بە زەحمەت ژنتاکەم خستە نێو عەرەبانەکە، کە شوێنی تایبەتی تابووتی تێدا بوو، ئەوجا خۆیشم سەرکەوتم و

* شا عەبدولعەزیم: ناوی مەرقەد و گۆرستانێکە لە شاری (ڕەی) لە باشووری تاران -و.

چوومە شوێنی تابووتەکە و تێیدا ڕاکشام و سەرم خستە سەر قەراخەکەی تا بتوانم دەوروبەری خۆم ببینم، ئەمجا ژانتاکەم خزاندە سەر سینگم و بە هەردوو دەستم توند گرتم.

دەنگی قامچی لە هەوادا هات و ئەسپەکان بە هانکەهانک وەڕێکەوتن، لە کوونە لووتیانەوە؛ هەڵم وەک لولەی دووکەڵکێش لە هەوای باراناویدا دەبینرا و شەقاوی بەرز و لەسەر خۆیان هەڵدەگرت. دەستە لەرەکانیان وەک دەستی دزێک، کە بەپێی یاسا پەنجەکانیان بڕیبێتەوە و لە ڕۆژی قرچاوییان کردبن؛ بەهێمنی بەرز دەبوونەوە و بێدەنگ دەخرانەوە سەر زەوی، زەنگی زەنگوڵەکانی گەردنیان، لەو هەوا شێدارەدا بە ئەوایەکی تایبەت دەزرینگانەوە. جۆرە ئاسوودەییەکی بێ هێز و ناگوتەنی سەرتاپای تەنیبووم، بە جۆرێک، کە لە جوڵەی ئەو عەرەبانە تەرمکێشەدا: ئاو لەنێو دڵمدا نەدەمەڕا و تەنها قورسایی ژانتاکەم لەسەر قەفەسەی سینگم هەست پێ دەکرد. لاشەی ئەو، تەرمی ئەو، وەک ئەوە بوو؛ کە ئەم قورساییە هەمیشە لەسەر سینگم بووبێ و فشاری دابێت.

مژێکی خەست دەوروبەری جادەکەی لەخۆ گرتبوو، عەرەبانەکە بەخێرایی و ئاسوودەییەکی تایبەتییەوە بەنێوان چیا و دەشت و ڕووباردا تێدەپەڕی. لە دەوروبەری منەوە

گەلێک دیمەنی بێ وێنەی وەها دەبینران؛ کە ئەمن نە لە خەو و نە لەبێداریدا نەمدیتبوون! شاخی دابڕدابڕ، درەختی سەیروسەمەرەی نەفرینکراو و داهێنراو؛ لە هەردوو لای جادەکەوە دیاربوون، لەنێوانیشیاندا ماڵی خۆڵەمێشیی بەشێوەی سێگۆشە و چوارگۆشە و شەشپاڵوو؛ بە پەنجەرەی نزم و تاریک و بێ شووشەوە دەبینران، ئەم پەنجەرانە لە چاوی ورووگێژی کەسێک دەچوون، کە تاسای هەبێ و وڕێنە بکات. نازانم دیوارەکان چییان پێ بوو، کە سەرماوسۆڵەیان تا قوڵایی دڵی بونیام رادەگواست، بەوە دەچوو هەرگیز هیچ گیانەوەرێک نەتوانێ لەم ماڵانەدا بژی..! ڕەنگە ئەم ماڵانە بۆ سێبەری بوونەوەرە ئەم ئاساکان دروست کرابێتن..!

دەتگوت ئەم عەرەبانچییە؛ بە جادەیەکی تایبەتی یان لارێیەکدا مێ دەبات، لە هەندێ شوێن؛ تەنها داری بڕاو و درختی خواروخێچ؛ دەورووبەری جادەکەیان گرتبوو، لە پشتی ئەوانەوە ماڵی بەرزونزم، بە گەلێ شێوەی ئەندازەیی؛ قووچەکی -قووچی کووژ-، بە پەنجەرەی باریک و خوارەوە دەبینران، کە گوڵە نیلوفەری شینیان لێ هاتبووە دەرێ و بە داروديواریاندا هەڵگژابوون. لەناکاو ئەم دیمەنە لە پشت تەمێکی خەستەوە ون بوو، هەورە قورس و بارانارییەکان؛ لوتکەی شاخەکانیان لە باوەشیاندا گوشی و خوناوی باران

وەک تۆز و خۆڵی سەرگەردان بە هەوادا ڕژا. پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتین؛ لە زیک چیایەکی بڵندی ڕووتەڵ و بێ گژوگیا؛ عەرەبانە ئەرمکێشەکە ویستا، من ژنتاکەم لەسەر سینگمەوە خزاندە خوارێ و هەستام.

دامێنی چیاکە شوێنێکی چۆڵ و ئارام و خۆش بوو، شوێنێک بوو کە هەرگیز نەمدیبوو! بەڵام ئاشنا دەهاتە بەرچاوم، دەتگوت لە خەیاڵی من بەدەر نەبووە، زەوییەکەی بە نیلوفەری شینی بێ بۆن داپۆشرابوو، وا دیاربوو! هەتا ئێستا کەس پێی لەم خاکە نەنابێت، من ژنتاکەم لەسەر عەردەکە دانا. پیرەمێردی عەرەبانچی ئاوێی دایەوە و گوتی:

"ئێرە شا عەبدولعەزیمە، شوێنی لەمە باشتر نادۆزیتەوە، چۆلەکەی بەسەردا نافڕێ... ها..!"

دەستم لە گیرفانم نا، تا کرێی عەرەبانەکەی بدەم، دوو قران و یەک عەباسیی زیاترم لە گیرفاندا نەبوو، عەرەبانچییەکە پێکەنینێکی وشک و دزێو، پێکەنی و گوتی:

"شایەنی نییە، دوایی لێت وەردەگرم، ماڵەکەت پێی دەزانم.. ئیتر ئیشت بە من نییە..؟ ها.. ئەوەش بزانە لە گۆڕەڵکەندا شارەزام.. شەرمی ناوێ، وەرە بچین هەر لێرە

نزیک جۆگەکە، لای دارسەرووەکە چاڵێکی بەقەد ژانتاکەت بۆ هەڵدەکەنم و دەیڕۆم".

پیرەمێردەکە وەها گورج لە جێگاکەی خۆیەوە بازی دا: کە من هەر نەمتوانی بیریشی لێ بکەمەوە، ژانتاکەم هەڵگرت و پێیکەوە ڕۆیشتینە تەنیشت دارێکی وشک بوو، کە لە پەناییەوە جێ چەمێکی وشک هەبوو، ئەو وتی:

"ئێرە باشە..؟"

بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بێت، بە پاچ و بێڵچەیەک*، کە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی دەستی بە هەڵکەندن کرد. من ژانتاکەم لەسەر عەرد دانا و بۆ خۆم سەرلێشێوە ڕاوەستابووم، پیرەمێرد بە پشتێکی قەمبووروەوە بە دەستوبردی کەسێکی کۆنەکار خەریک بوو، بەدەم هەڵکەندنی زەوییەکەوە شتێکی لە شێوەی گۆزەیەکدا دۆزییەوە، ئەوجا لە دەسماڵێکی چڵکنییەوە پێچا، هەستاو گوتی:

"ئەوەش چاڵ... ها... ڕێک بەقەد ژانتاکەیە، بێ کەم و زیاد.. ها..!"

* بێڵچە: بێڵی بچووک-(و)

من بەدەستم لە گیرفانم نا؛ کە حەقدەستییەکەی بدەم، دوو قـران و یەک عەباسـی زیـاترم پـێ نەبـوو، پیرەمێـرد پێکەنینێکی وشک و درێژ پێکەنی و گوتی:

"نامەوێ، ماڵەکەت دەزانم.. ئینجا لە بری حەقدەستەکەم ئەوە گۆزەیەکم دۆزیوەتەوە؛ گوڵدانی ڕاغە**، هی شاری کۆنی ڕەی‌یە***.. ها..!"

پاشان بەو سەروسەکوتە قەمبوورەیەوە پێکەنی، وەها کە شانەکانی دەلەرینەوە، گـۆزەکەی کە لە دەسـتماڵێکی چڵکنەوە پێچـا؛ لە بنبـاڵی نـاو بەرەو لای عەرەبـانەکەی ڕۆیشت و گورج بازی دایە جێگاکەی خۆی.. دەنگی قامچی لە هەوادا هـات و ئەسـپەکان بە هانکەهانـک بەڕێ کەوتـن؛ زەنگی زەنگۆڵەکانی ملیـان بە ئەوایەکی تـایبەت لە هەوای شێداردا دەزرینگایەوە و وردە وردە لەودیو تەمێکی چڕەوە لە چاوی من ون بوون.

---

** ڕاغ یان ڕاغە: یەکێکە لە ناوەکانی شاری ڕەی. (و)

*** ڕەی: شاری یەکێک لە کۆنترین شارەکانی ئێران و جیهانە و مێژووی دروستبوونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین، سەردەمێکی زۆر ئەم شارە پایتەختی ئێران بووە، شاری ڕەی کەوتۆتە باشووری پارێزگای تاران (تهران). ئەم شارە لە مێژوودا بەناوی جیاجیا ناوهێنراوە، لەوانە: ڕەگا، ڕاگە، ڕاگا، ڕاس، ئەردەشێر، ئەرشکیە. (و)

هەر کە بە تەنیا مامەوە؛ هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا، وەک ئەوەی بارێکی قورسیان لەسەر سینگم لابردبێت، ئارامییەکی خۆش سەرتاپامی تەنی. تەماشای دەوروبەری خۆمم کرد؛ ئێرە جێگایەکی بچکۆلە بوو، کە لەنێوان گەلێک گرد و تەپۆلکە و شاخی شیندا گیر مابوو. لەسەر زنجیرە چیایەک: چەند ماڵێکی کۆنی لە خشتی ئەستوور دروستکراو و شوێنی چەمێکی وشکیش دەبینرا، ئەم شوێنە چۆڵە: تەریک و دوور لە هەراوهوریا بوو. من پڕ بە دڵ خۆشحاڵ بووم و لەبەر خۆمەوە بیرم کردەوە؛ کە ئەو چاوە گەورانە، کاتێ لە خەوی زەمینی بێدار دەبنەوە، شوێنێ شیاو بە بەژن و باڵای خۆیان دەبیننەوە، جگە لەوەی دەبا دوور لە خەڵکی دی، دوور لە مرنووی دی بێت، هەر بەو جۆرەی کە لە ژیانیشیدا دوور لە ژیانی ئەوانی تر بوو.

ژانتاکەم بە هێواشی هەڵگرت و خستمە چاڵەکەوە، چاڵەکە رێک بەقەد ژانتاکە بوو؛ نە کەم نە زیاد، بەڵام بۆ دواجار ویستم: تەنها یەک جار سەیری ناو ژانتاکە بکەمەوە، لەملاولای خۆمم روانی، کەس دیار نەبوو، کلیلەکەیم لە گیرفانم دەرهێنا و ژانتاکەم کردەوە؛ بەڵام کاتێک سووچی کراسە رەشەکەیم لادا: لەنێوان خوێنی دەڵەمەبەستوو و گەلێک کرمدا کە بەسەریەکدا هەڵدەڕژیوان؛ دوو چاوی پەشم

بینی، کە ڕاستەوخۆ زەق ببوونەوە و لە منیان دەڕوانی، ژیانی من لە بنی ئەو چاوانەدا نوقم ببوو.

بەپەلە ژاکێتەکەم داکەندەوە و خۆڵم بەسەردا کرد و ئەمرا خۆڵەکەی سەریم پێشێل کرد و بە پێی کوتامەوە. چووم پەلکە نیلوفەری شینی بۆ بۆنم هێناو لەسەر گڵەکەی ڕووانادم، ئینجا چەو و بەردم هێنا و ڕژاندم بەسەریدا تا خوێنی گۆڕەکە بە چەشنێک بشارێتەوە؛ کە کەس نەتوانێت بیدۆزێتەوە. هێندە باش ئەم کارەم کرد؛ کە خۆیشم نەمدەتوانی گۆڕ و عەردەکە لێک جیابکەمەوە.

کە کارەکەم تەواو بوو، سەیری خۆمم کرد دیتم؛ جلەکانم خۆڵاوی بووە و دڕاوە و پەڵە خوێنی ڕەشیان پێوەنووساوە، دوو زەردەواڵە بە دەوریمدا دەفڕین و چەند کرمێکی ورد بە لەشمەوە لکابوون، کە بەیەکدا هەڵدەزیوان. ویستم پەڵە خوێنی سەر داوێنم بسڕم، بەڵام هەرچی سەرەدەستەکەم بە تف تەڕ دەکرد و پیامدا دەهێنا؛ پەڵە خوێنەکە خەستتر دەبووەوە و خراپتر بڵاو دەبووەوە؛ بەشێوەیەک هەموو جەستەمی گرتەوە و سەرمای لیقنی خوێنم بەسەر لەشمەوە هەست پێ دەکرد.

دەمەو ئێوارە بوو؛ نمەنمە باران دەباری، من لەخۆوە بە شوێن تایەی عەرەبانە تەرمکێشەکەدا هاتم و بەڕێ کەوتم، هەر کە دونیا تاریک داهات؛ شوێن تایەی عەرەبانەکەم ون کرد، بێ مەنزڵ، بێ بیرکردنەوە لەخۆوە؛ لە تاریکییەکی چڕی خەستدا، بە هێواشی ڕێگام دەبڕی و نەمدەزانی دەگەمە کوێ..! چونکە دوای ئەو، دوای ئەوەی ئەو چاوە گەورانەم لەنێوان خوێنی دەڵەمەبەستوودا دیت، بە شەوێکی تاریکدا، شەوێکی قووڵ، کە سەرانسەری ژیانی منی لەخۆ گرتبوو دەڕۆیشتم، چونکە ئەو چاوانەی بۆ من چرا بوون؛ بۆ هەتاهەتایە کوژابوونەوە. لە دۆخێکی وەهادا وەکیەک وابوو بۆم؛ بگەمە شوێن و مەنزڵێ یان هەر نەگەم.

بێدەنگییەکی رەها حکومی دەکرد، پێم وابوو، هەموان منیان جێ هێشتووە، پەنام بردە بەر بوونەوەرە بێگیانەکان، پەیوەندییەک لەنێوان من و ڕەوتی سروشت، لەنێوان من و تاریکییەکی قووڵدا، کە بە ڕۆحی مندا هاتبووە خوار؛ پێکهاتبوو. ئەم بێدەنگییە جۆرە زمانێکە، کە ئێمە لێی تێ ناگەین. لەخۆشییدا سەرم گێژی دەخوارد، هێڵنجم دەهات، قاچەکانم سست بوون و ماندوویەتییەکی بێ بڕانەوەم لەخۆمدا هەست پێ دەکرد، چووم لە گۆڕستانی قەراغ جادەکە لەسەر کێلی گۆڕێک دانیشتم، سەرم خستە نێوان

هەردوو دەستمەوە و لە حاڵی خۆم سەرم سووڕ مابوو. لەپڕ دەنگی پێکەنینێکی وشک و درێژ ڕایچڵەکاندم، ئاوڕم دایەوە؛ تەماشا دەکەم بەرێتێک، کە سەرەوبووی بە شاڵگەردنێک هەڵپێچاوە؛ لەتەنیشتمەوە دانیشتووە و شتێکی لە دەسماڵ پێچراوی لە بنباڵی ناوە، ڕووی تێ کردم گوتی:

"هەڵبەتە تۆ ئەتویست بچیت بۆ شار و ڕێگات ون کردووە.. ها؟ ڕەنگە ئێستا لەبەر خۆتەوە بڵێی من بەم شەوە لەم گۆڕستانەدا چی دەکەم؟ بەڵام مەترسە، من سەروکارم لەگەڵ مردوواندایە، گۆڕهەڵکەنم، کارێکی خراپ نییە.. ها؟ من کوون بە کوونی ئێرە شارەزام، بۆنموونە ئەمڕۆ گۆڕێکم هەڵدەکەنی، ئەم گۆزەیەم لەژێر زەوییەکەدا دۆزییەوە، دەزانی گوڵدانی ڕاغە؛ هی شاری کۆنی ڕەی. ها؟ شایانی نییە، ئەم گۆزەیە بەدیاری ئەدەم بە تۆ، با وەک یادگارییەکی من لەلات بێت"

من دەستم بە گیرفانمدا کرد؛ دوو قران و عەباسییەکم دەرهێنا، پیرەمێردەکە بە پێکەنینێکی وشک و درێژەوە گوتی:

"نا، هەرگیز.. شایەنی نییە، من تۆ دەناسم،ماڵەکەشت دەزانم.. هەر لەم پەنایەوە عەرەبانەیەکی تەرمکێشم هەیە، وەرە بتگەیەنمەوە ماڵەوە.. دوو هەنگاوە.."

گۆزەکەی هاویشتە باوەشمەوە و هەستا، لەناو پێکەنین شانەکانی دەلەرینەوە، من گۆزەکەم هەڵگرت و دوای تارمایی قەمبووری پیرەمێردەکە کەوتم، لەسەر پێچی جادەکە عەرەبانەیەکی تەرمکێشی شەقوشڕ بە دوو ئەسپی ڕەشی لەڕەوە وێستابوو. پیرەمێردەکە بە خێراییەکی تایبەت خۆی هەڵدایە سەری و دانیشت، منیش چوومە ناو عەرەبانەکە و لە بان ئەو جێگا تایبەتەی بۆ تابووت دروست کرابوو ڕاکشام و سەرم لەسەر قەراخەکەی نا تا بتوانم دەوروبەری خۆم ببینم، ئەمجا گۆزەکەم لەسەر سینگم دانا و توند بە دەستەکانم گرتم.

شەقەی قامچی هات و ئەسپەکان بە هانکەهانک بەڕێ کەوتن، هەنگاویان درێژ هەڵدەگرت و هێمن بایاندەنا، زەنگی زەنگۆڵەی ملیان لە هەوای شاویدا؛ بە ئەولەیەکی تایبەت دەزرینگایەوە. لەپشت هەورەکانەوە؛ ئەستێرەکان وەک گلێنەی چاوانێکی ڕەش، کە لە خورپێی دڵەمەیەستووەوە هاتبنەدەر؛ لە زەوییان دەڕوانی. هێمنییەکی تەواو

سەرتاپامای تەنی، تەنها گوڵدانەکە وەک قورسایی تەرمی مردوویەک سەر سینگمی دەگووشی.

درەختە چڕ و تێکرژاوەکان بە لقوپۆپە خواروخێچەکانیانەوە لەتاریکاییدا؛ دەستی یەکتریان گرتبوو، لەوە دەچوو بترسن لەوەی نەکا بخزێن و بکەونە سەر زەوی. ماڵی سەیروسەمەرە بە شێوەی دڵبردابڕی ئەندازەیی؛ بە پەنجەرەی چوڵ و ڕەشەوە لە کەناری جادەکە ڕیزیان بەستبوو، بەڵام دیواری ئەم ماڵانە وەک گوڵەئەستێرە؛ بریسکەیەکی کز و درێژیان لێ بەرز دەبووەوە. درەختەکان بە ترسەوە؛ دەستە دەستە، پێنج پێنج ڕادەبوردن و بەشوێن یەکدا هەڵدەهاتن، کەچی وا دەهاتە پێش چاو؛ کە لاسکی نیلۆفەرەکان لە پێیان دەئاڵاو دەکەوتن.

بۆنی مردوو؛ بۆنی گۆشتی ڕزیو؛ هەموو گیانمی تەنیبوو؛ گوایا بۆنی مردوو؛ بۆ هەتاهەتایە بەلەشی منەوە نووساوەو من سەرانسەری ژیانم لە تابووتێکی ڕەشدا خەوتووم و پیرەمێردێکی قەمبوور، کە ڕوویم نەدەبینی؛ منی بە ناو تەم و سێبەرە تێپەڕەکاندا دەگێڕا.

عەرەبانە تەرمکێشەکە وێستا؛ من گۆزەکەم هەڵگرت و لە عەرەبانەکە هاتمە خوارێ. لەبەر دەرگای ماڵەکەمدا بووم!

خێرا خۆم کرد بە ژووردا، گۆزەکەم لەسەر مێزەکەم دانا و چووم چەڵەنگەکەم، هەر ئەو قتووییەی وا دەخیلەم بوو و لە گەڕتەی ژوورەکەدا شاردبوومەوە؛ هەڵمگرت و هاتمە دەرەوە تا لەبری کرێیەکەی بیدەم بە پیرەمێردی عەرەبانچی، کەچی ئەو گومگۆڕ ببوو، هیچ شوێنەوارێک لە خۆی و لە عەرەبانەکەشی دیار نەبوو.

دیسان نائومێد گەڕامەوە ژوورەکەم؛ چراکەم هەڵکرد و گۆزەکەم لەنێو دەسماڵەکە دەرهێنا، خۆڵەکەی سەریم بە سەرقۆڵەکەم سڕی. گۆزەکە سکێچێکی ئەنگی وەنەشەیی دێرینی هەبوو، کە وەک ڕەنگی زەردەواڵەی وردکراو دەردەکەوت، لایەکی گۆزەکە بەشێوەی لەبزینەیی پەراوێزێکی لە نیلوفەری شین هەبوو، لە ناوەڕاستی ئەو پەراوێزە لەبزینەییەدا؛ ڕووخساری ئەو، ڕووخساری ژنێک کێشرابوو، کە چاوانی ڕەشی گەورە؛ چاوانێکی لە ئەندازە گەورە؛ چاوانێکی سەرزەنشتکاری هەبوو، وەک ئەوەی من کۆمەڵێ گوناهی نەبەخشراوم کردبێت و خۆم نەمزانی بێت.

چاوانێکی ئەفسوونگەر بوو، کە لەیەک کاتدا؛ نیگەران و واقوڕماو، هەڕەشەکار و پەیمانەدەر بوون. ئەم چاوانە؛ ترسێنەر و کەمەندکێش بوون، تیشکێکی سەروووسروشتیی مەستکار لەسۆماپاندا دەدرەوشایەوە، گوڵمەکانی خڕ، تەوێڵی

پان، برۆکانی باریک و پەیوەست، لێوی گۆشتن و نیوەکراوە، قژێکی ئاڵۆزی هەبوو، کە دەستەیەکی بە لاچانگییەوە نوسابوو.

ئەو وێنەیەی کە دوێنێ شەو لە ڕووخساری ئەوم کێشابوو؛ لەنێو قووتووەکەم دەرهێنا، لەبەرانبەر یەک ڕامگرتن، لەگەڵ نیگاری سەر گۆزەکە بە موو جیاوازییان نەبوو، دەتگوت وێنەی یەکترن. هەردووکیان یەکێک بوون و کاری نیگارکێشێکی چارەڕەشی سەر بەرگی قەڵەمدان بوون. ڕەنگە لەوکاتەدا، کە من ئەم نیگارەم کردبێت؛ ڕۆحی نیگارکێشی سەر گۆزەکە هاتبێتە جەستەی منەوەو دەستی من بە ویستی ئەو نەخشاندبێتی.

نەدەکرا لە یەکیان جیا بکەیتەوە؛ تەنها ئەوە بوو؛ نیگارەکەی من لەسەر کاغەز کێشرابوو، لەکاتێکدا نیگاری سەر گۆزەکە سکێچێکی ڕوونی دێرینی هەبوو، کە ڕۆحێکی نهێنی ئامێز، ڕۆحێکی سەیری نائاسایی بەم وێنەیە دابوو. پزیسکی ڕۆحێکی شەیتانی لە بینایی چاوەکانی وێنەی سەر گۆزەکەدا دەدرەوشایەوە، نا جێی باوەڕ نەبوو؛ هەمان چاوانی گەورەو درشتی بێ سەرنج، هەمان شێوەی نهێنی ئامێز و لەهەمانکاتیشدا ئازاد..!

کەس ناتوانێت پەی بەوە ببات چ هەستێکم تێگەڕا..! دەمویست لە خۆم هەڵبێم، ئاخۆ ڕێکەوتێکی وەها دەبوو..؟ تێکڕای بەدبەختییەکانی ژیانم دووبارە هاتەوە بەرچاو. ئایا چاوانی کەسێک لەژیانمدا بۆ من بەس نەبوو..؟ کە وا ئێستا دوو کەس بە هەمان چاوەوە —چاوانێک، کە هی ئەو بوون— لە منیان دەڕوانی..! نا بێگومان نەدەکرا؛ چاوانێک، کە وا لەوێ لەنزیک چیایەک لەژێر درەختی سەرووندا، لەتەنیشت چەمێکی وشک، لەژێر نیلۆفەرە شینەکاندا، لەنێو خوێنی خەستدا، لەنێو ئەو کرم و گیانەوەر و مێرووانەدا، کە بەدەوری ئەودا جەژنیان گێڕاوە؛ نێژراوە. چاوانێک؛ کە ڕیشەی گیاکان بەم زووانە ڕۆدەچوونە گلێنەیەوە تا شیلەی بمژن، دەکرێ ئێستا بە ژیانێکی لێوڕێژ و پڕهێزەوە لە من بڕوانێت..؟!

من تا ئەم ئەندازەیە گومانم لە چارەڕەشی و نەفرەتلێکراویی خۆم نەدەکرد، بەڵام لەبەر هەستی تاوانێک کە لەمندا شاردرابووەوە و لە هەمان کاتدا خۆشییەکی بێهوودەیش؛ چێژێکی غەریبم تێگەڕا؛ چونکە تێگەیشتم، کە هاوڕەنگێکی دێرینم هەبووە، ئایا ئەم نیگارە دێرینە، ئەم نیگارکێشەی سەدان، تۆ بڵێی هەزاران ساڵ لەمەوبەر ئەو نیگارەی

کێشابوو؛ هاوتەرزی من نەبووە..؟ ئایا هەر بەم دونیایەی ئێمەدا نەڕۆیشتووە..؟

تا ئەم ساتە من خۆمم بە چارەڕەشترین بوونەوەر دەزانی؛ بەڵام تێگەیشتم سەردەمێک لەسەر ئەو چیایانە، لەو ماڵ و گوندە وێرانانەی کە بە خشتی سەنگین دروست کراون؛ خەڵکانێک ژیاون، کە ئێستا ئێسقانیشیان نەماوە و ڕەنگە گەردیلەی بەشە جۆراوجۆرەکانی لاشەیان لە بنچکی نیلۆفەرە شینەکاندا بژین؛ بەڵام لەناو ئەو خەڵکەدا؛ نیگارکێشێکی نەگبەت، نیگارکێشێکی نەفرەتلێکراو، -ڕەنگە نیگارسازێکی کلۆڵی سەر بەرگی قەڵەمدانەکان بووبێت وەک من- کتومت وەک من ژیاوە. ئێستا پەیم بەوە برد؛ کە ئەویش لەنێوان دوو چاوی ڕەشی درشت و گەورەدا سووتاو و تواوەتەوە، کتومت وەک من. تەنها ئەمە دڵنەوایی دەکردم.

دواجار نیگارەکەی خۆمم لەتەنیشت نیگاری سەرگۆزەکەوە دانا، ئەوجا چووم مەقلیبەکەم ساز کرد، کە ئاگرەکە گەشایەوە؛ هێنام لەبەردەم نیگارەکاندا دامنا، چەند مژێکم لە بافوورەکە* دا و لەنێوان دونیای خەون و بێداریدا، لە نیگارەکان رامام، چونکە دەمویست خەیاڵەکانم کۆ بکەمەوە،

* بافوورە: کەرەستەی تلیاککێشانە.(و)

تەنها دووکەڵی سووکی تلیاکیش بوو؛ دەیتوانی هۆشم کۆبکاتەوە و بکات و تۆخزێنێکی خەیاڵیم بداتێ.

هەرچی تلیاکم هەبوو کێشام، تا ئەم ئەفیونە سەیرە بە هەموو ئاریشەکانمدا، بەو پەردانەی کە بەسەر چاومدا درابوون، بە هەموو یادگارییە دوور و خۆڵەمێشیی و چرەکانمدا بڵاوبێتەوە. ئەو خۆشنودییەی کە بە نیازی بووم، هات و زیاتر لەوەیش کە بەتەمای بووم. وردەوردە خەیاڵەکانم کوتموکوڵ، مەزن و ئەفسووناوی بوون، لە دۆخێکی نیوەخەو و نیوەنەشئەدا ڕۆچووم. دواتر وەک ئەوە وا بوو قورسایی سەر سینگم لابرابێت، وەک ئەوەی لە دەرەوەی یاسای کێشکردن بم، ئازادانە بە دوای خەیاڵەکانمدا؛ کە ئێستا گەورە و ناسک و تەنک ببوون، دەفڕیم. جۆرە شادییەکی قووڵ و ناگوتەنی سەرتاپامی لەخۆی گرت؛ لە بەندیی باری جەستە ڕزگار بووم، دونیایەکی ئارام، بەڵام پڕ شێوە و پڕ ڕەنگ و ئەفسوونگەر و هێمنگار خۆش... دواتر زنجیرەی خەیاڵەکانم لێک پچڕان و لەم ڕەنگ و شێوە و ئەفسوونانەدا بە هێواشی توانەوە.

لەو شەپۆلانەدا تلم دەخوارد، کە سەرشار لە تەوژمی نائاسا بوون، دەنگی لێدانی دڵی خۆمم دەبیست، جووڵەی شاەمارمم هەست پێ دەکرد، ئەم دۆخە بۆ من پڕ لە مانا و

چێژ بوو. لەدڵەوە دەمویست و ئاواتەخواز بووم؛ خۆم بە خەوی فەرامۆشی بسپێرم، ئەگەر ئەم فەرامۆشییە دەستی بدابایە..! ئەگەر بیتوانیبا بەردەوامبا! ئەگەر چاوانم، کە وێک دەنا؛ لەوبەری خەونێکی ئارام و لە نەبوونێکی تەواودا ڕاپێچوویان و بوونی خۆمم هەست پێ نەکردبا..! ئەگەر لەگەڵ پەڵەیەک مرەکەب، لەگەڵ دەنگی مۆسیقا هاوڕا بە ئاوێزەی ڕەنگین، تەواوی بوونم ئاوێتە ببوایە و دواتر ئەم شێوە و شەپۆلانە هێندە گەورەبیان و تەشەنەیان بسەندبا، کە دەستبەجێ ون و نادیار ببوونایە؛ ئیتر خۆ من بە ئاواتی خۆم دەگەیشتم.

هێواش هێواش دۆخی سستی و بێهۆشی دایگرتم، وەکو جۆرە شەکەتییەکی خۆش یان گورزەیەک شەپۆلی نەرم بوو، کە لە جەستەمەوە دەهاتنە دەرێ. ئەمرا هەستم کرد ژیانم بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، بەرەبەرە بەرەو دۆخ و ڕووداوەکانی ڕابردوو؛ یادەوەریی سڕاوە و پاکبووەی سەردەمی منداڵی خۆمم دەدی، نەک هەر دەمدی بگرە تیایاندا بەشدار بووم و هەستم پێیان دەکرد، سات بە سات بچووکتر و منداڵتر دەبوومەوە.

لەناکاو خەیاڵەکانم هەموویان ون بوون و تاریک داهاتن، بە ئەندێشەمدا هات: تێکڕای بوون و ژیانی من بەسەر شەنێکی

باریک، لە قووڵایی چاڵێکی تاریکدا هەڵواسراوە، وەک ئەوەی لەسەر شەنەکەوە بکەومە خوارێ؛ دەترسام و دوور نەکەوتمەوە بێ ئەوەی بەر هیچ لەمپەرێک بکەوم. هەڵدێرێکی بێبڕانەوە بوو لە شەوێکی جاویدانیدا. ئینجا ئەو پەردە ون و سڕاوانە؛ پەیتاپەیتا لەبەرچاومدا ئەخشیان بەست، بۆ ساتێک تەرلمۆشییەکی تەواوم بڕی. وەختێ هاتمەوە هۆش خۆم، خۆمم لە ژوورێکی چکۆلانەدا بینی؛ لە دۆخێکی تایبەتدا بووم، کە ئەگەرچی لەبەرچاومدا نامۆ بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بۆم سروشتی بوو.

***

لەو دونیا تازەیەدا، کە بێدار ببوومەوە؛ دۆخ و هەلومەرجی تەواو نزیک و ئاشنا بوو پێم، بەشێوەیەک پتر لە شوێن و ژیانی پێشووی خۆم نزیکتر بوو بۆم، وەک ئەوەی ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕاستەقینەی من بێت. دونیایەکی تر، بەڵام بە چەشنێک نزیک بوو لێم؛ کە پێم وابوو گەڕامەتەوە دونیای ڕاستەقینەی خۆم، لە دونیایەکی دێرین، بەڵام لەهەمان کاتدا؛ نزیکتر و سروشتی تر لەدایک بووم.

دونیا هێشتا تاریک و ڕوونە بوو؛ فتیلەیەک لەسەر ڕەفەی ژوورەکەم دەگڕا؛ پێخەفێکیش لە سووچێکی ژوورەکەدا ڕاخرا بوو، بەڵام من بێدار بووم، هەستم کرد؛ جەستەم گەرمە و پەڵەی خوێن بە عەباکەم و شاڵگەردنەکەمەوە نووساوە. دەستەکانم خوێناوی بوون، بەڵام تا و سەرەگێژە: جۆرە دڵەکوتە و هەژێن و هەژانێکی تایبەت لەمندا پێک هاتبوو؛ کە لە خەیاڵی سڕینەوەی شوێنەواری خوێن بەسەر جەستەمەوە، بەهێزتر بوو. بەهێزتر لەوەی داروغە* بێت و

---

* داروغە: لە بنەچەدا وشەکە لە تارتەجیرییەوە هاتووە کە بەمەغۆلیی، دەستەیەک لە کەسانی نیزامی بوون؛ کە ئاسایشی شارەکانیان دەپاراست وەکو پۆلیسی ئێستا، لەسەردەمی ئیلخانییەکان و ئاققۆیونلوەکان و قەراقۆیونلوەکان سەفەوییەکاندا هەبوون. (و)

من قۆڵبەست بکات، سەرەڕای ئەوەی من دەمێ بوو چاوەڕێی ئەوە بووم دارۆغە بێت و قۆڵبەستم بکات، بەلام بڕیارم دابوو بەر لە قۆڵبەستکردنم؛ پیاڵەیەک لە شەرابی ژەهراوی سەر ڕەفەکەم یەکبینە هەڵقوڕێنم. ئەمە پێداویستیی نووسین بوو، کە بۆ من ببوو بە بێنگاری، دەمویست ئەو نێوەی لە مێژبوو ڕۆحمی ئەشکەنجە دەکرد؛ دەرکێشمە دەرەوە، دەمویست دڵپڕی خۆم بخەمە سەر کاغەز. سەرئەنجام پاش بڕێ دوودڵی؛ فتیلەکەم ڕاکێشایە بەردەمی خۆم و ئاوها دەستم پێ کرد:

من هەمیشە پێم وا بووە؛ کە بێدەنگی باشترین شتە، پێم وا بوو، کە باشتر وایە؛ بونیام وەکو شینەشاهۆی* کەنار دەریا پەروبالی خۆی قشبکاتەوە و بە تەنیا هەڵنیشێ، بەڵام ئێستا ئیتر لە دەست خۆمدا نییە، چونکە ئەوەی کە تەدەبا ببووا؛ ببوو. کێ چووزانێت..؟ ڕەنگە هەر ئێستا یان سەعاتێکی تر؛ تاقمێک پاسەوانی شەوگەڕی مەست بێن بۆ دەستگیرکردنم. من هیچ مەیلێکم بۆ ڕزگارکردنی جەستەی خۆم نییە، وێڕای ئەوەی ناکرێ نکۆڵییش بکەیت، گریمان وا پەڵەخوێنەکانیشم سڕییەوە، بەڵام بەر لەوەی بکەومە دەست ئەوان؛ پیاڵەیەک لە قاپە شەرابی سەر تاقەکە، لە شەرابی بەمیراتبرواوی خۆم؛ دەخۆمەوە.

ئێستا دەمەوێ؛ سەرلەسەری ژیانی خۆم وەک هێشووە ترێ لەمشتمدا بگوشم و شیلەکەی، نا شەرابەکەی؛ دڵۆپ دڵۆپ وەک ئاوێکی پیرۆز بکەم بە گەرووی وشکی سێبەرەکەمدا. تەنها دەمەوێ بەرلەوەی بمرم؛ ئەو زامانەی کە وردە وردە

* شینەشاهۆ- Bittern: باڵندەیەکی بەرخەت و خالی کاڵ شینە، درێژییەکی دەگاتە ٧٥سم؛ زۆر کەم دەفڕێ، ئەگەر هەست بە مەترسی بکات جووڵە لە خۆی دەبڕێت، بەیابان و لێوارانی دەگەڕێ و ڕاوەکات، تەواوی کاتەکانی تر خۆی لە چاو دەشارێتەوە و بەشێوەیەکی گشتی ژیانی ئەم باڵندەیە تەنیایی و خۆ شاردنەوەیە. (و)

منیـان وەک خـۆرە یـا دومەڵ لە سـووچێکی ئەم ژوورەدا خواردووە؛ بهێنمە سەر کاغەز، چونکە لەم ڕێگایەوە باشتر دەتوانم خەیاڵەکانم ڕێک بخەم. ئایا مەبەستم نووسینی وەسیەتنامەیە..؟ نــا، بە هیچ شێوەیە، چونکە من نە ماڵم هەیە دێو بیخوات و نە دینم هەیە شەیتان بیبات، وێڕای ئەوە: چ شتێکی سەر زەوی دەتوانێت بچووکترین بایەخی بۆ من هەبێـت..؟ ئەوەی کە ژیان بووە: لە دەستم داوە و هێشتم و ویستم لە دەستم بچێت... دوای ئەوەی خۆشم نەمام؛ بە دەرەک..!*

یەکێک پێی خۆشە؛ پارچە کاغەزەکانی من بخوێنێتەوە، بیخوێنێتەوە.. پێی خۆش نییە؛ حەفتا ساڵ نەیخوێنێتەوە*. من تەنها بۆ ئەم پێویستییە بەنووسین؛ کە هەنووکە نیازم پێیەتی دەنووسم. من پێویستمە، زیاتر لەهەر کاتێک پێویستیم بەوەیە کە ئەندێشەکانی خۆم؛ بە بوونەوەری خەیاڵی خۆم، بە سێبەری خۆمەوە بلکێنم، ئەم سێبەرە

---

* دەرەک: گوایا قاتی خواری خوارەوەی دۆزەخە.. بۆ ئەم دۆخە لە نێتاکی؛ لە کوردیدا دەوترێ: بەشووی، یا بە جەهەنەمم. لێ من هەر وشە فارسییەکەم —کە لە کوردیشدا بەکاردێت— بە شیاوتر و بەهێزتر زانی. (ا)

* چ ڕێکەوتێکی سەیرە..! کە من وەک وەرگێڕی ئەم کتێبە ئێستا ئەم دێڕە دەکەم بە کوردی، دروست ٣٨ ساڵ بەسەر نووسینیدا تێپەڕیووە. (و)

شووشەی؛ وا لەبەر ڕووناکی گڕی فتیلەکەدا لەسەر دیوارەی چەماوەتەوە و وەک ئەوە وایە هەرچی دەنووسم؛ بەوردی بیخوێنێتەوە و هەڵیلوشێت. بێگومان ئەم سێبەرە باشتر لە من تێ دەگات، تەنها لەگەڵ سێبەرەکەی خۆم باش دەتوانم بدوێم، ئەوە ئەوە، کە من ناچار بە قسەکردن دەکات، هەر ئەو دەتوانێ من بناسێت، بێگومان تێشدەگات. دەمەوێ شیلە، نا شەرابی تاڵی ژیانی خۆم دڵۆپ دڵۆپ بە گەرووی وشکی سێبەرەکەمدا بتکێنم و پێی بڵێم: "ئەمە ژیانی منە!".

هەرکەسێ دوێنێ منی بینیوە؛ گەنجێکی شکاو و بیماری دیوە، بەڵام ئەمڕۆ پیرەمێردێکی قەمبوور دەبینێت؛ کە مووەکانی سپی، چاوەکانی مۆڕ و لچێکی هەڵقڵیشاوی هەیە. من ناوێرم لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە بڕوانمە دەرەوە، یان لە ئاوێنەدا تەماشای خۆم بکەم؛ چونکە لە هەموو جێیەک سێبەرەکانی خۆم دەبینم، کە دوو هێندەی من دەبن، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانم ژیانی خۆم بۆ سێبەری چەماوەم باس بکەم؛ دەبێ حیکایەتێک بگێڕمەوە. حیکایەتی زۆری سەردەمی منداڵی؛ لەمەڕ عەشق، هاوجێگەیی، شین و شایی هەیە و هیچیشیان ڕاست نین، من لە حیکایەت و پەندهێنانەوە ماندوو بووم.

هەوڵ دەدەم ئەم هێشووە بگوشم؛ بەڵام لەودا بچووکترین شوێنەواری ڕاستی دەبینرێت یان نا..؟ ئەوە ئیتر نازانم، من نازانم لە کوێم و ئەم پارچە ئاسمانەی یان سەرم، یان ئەم چەند بستە عەردەی ژێرم؛ هی نەیشابوور* یان بەڵخ** یان بەنارەسە***..؟ بەهەرحاڵ من لە هیچ شتێک دڵنیا نیم.

من ئەوەندە شتی درێژەیەک و قسەی جۆراوجۆرم بیستووە، ئەوەندە سۆمای چاوم -ئەم توێژە ناسک و سەختەی کە ڕۆح لە پشتییەوە شاردراوەتەوە- بەسەر شتی جۆراوجۆردا خزاوە؛ کە ئێستا باوەڕم بە هیچ شتێک نەماوە، هەنووکە گومانم لە جێگیریی و قورسایی شتەکان، لە حەقیقەتی ڕوون و ئاشکراشیان هەیە. نازانم: ئەگەر پەنجەم لە هەوەنگی**

---

* نەیشابوور: شارێکی بەناوبانگە لە شارە گرنگە لەمێژینەییەکانی کیشوەری ئاسیایە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران، شاعیری گەورەی فارس عەتاری نەیشابووری، نووسەری کتێبی (ئیلاهینامە) خەڵکی ئەم شارەیە.(و)

** بەڵخ: گوایە کۆنترین شاری دونیایە و دەکەوێتە باکووری ئێستای وڵاتی ئەفغانستانەوە، ئیبن سینا و مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی خەڵکی ئەم شارەن.(و)

*** بەنارس: شارێکی مێژووییە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هیندستان، ئەم شارە لای هیندۆسەکان پیرۆزیی تایبەتی خۆی هەیە.(و)

** هەوەنگ: ئاوان، ئاوێنگ، جۆنی، هاوان، هاڵ، دەستکەوان.(و)

لەبیرە ئاشراوی گۆشەی حەسارەکەمان بدەم و لێی بپرسم:
"ئایا لە جێگای خۆت جێگیر و قورس و پتەو وێستاویت..؟
ئەگەر بە (نا) وەڵامی دایەوە، باوەڕ بکەم یان نا..!

ئاخۆ من بوونەوەرێکی جیاواز و دیاریکراوم..؟ نازانم، بەڵام ئێستا، کە تەماشای ئاوێنەکەم کرد خۆمم نەناسییەوە، تا "من"ی پێشوو مردووە، ڕزیوە، بەڵام هیچ کۆسپ و لەمپەرێک لەنێوانماندا نییە. دەبێ چیرۆکی خۆم بگێڕمەوە، بەڵام نازانم لەکوێوە دەست پێ بکەم، خۆ سەرلەسەری ژیان چیرۆک و بەسەرهاتە..! دەبێ هێشووە ترێیەکە بگووشم و شیلەکەی، کەوچک کەوچک بڕێژمە گەرووی وشکی ئەم سێبەرە پیرەمەوە.

دەبێ لەکوێوە دەست پێ بکەم..؟ چونکە هەموو ئەو خەیاڵانەی ئێستا لەسەرمدا هەڵدەقوڵێن؛ هی ئێستان، سەعات و دەقیقە و مێژوویان نییە، ڕەنگە بۆ من ڕووداوێکی دوێنێ؛ زۆر کۆنتر و بێ کاریگەرتر بێت لە ڕووداوێکی هەزار ساڵ پێش ئێستا...!

پەنگە هی ئەوە بێ، کە هەموو پەیوەندییەکی من لەگەڵ دونیای زیندووەکان پچڕاوە.

یادگارییەکانی رابردوو لەبەرچاوم ڕیز دەبەستن، ئیتر: رابردوو، داهاتوو، سەعات و ڕۆژ و مانگ و ساڵ بۆ من وەک یەکن. قۆناغە جۆربەجۆرەکانی منداڵی و گەنجی و پیری بۆ من جگە لە قسەی پووچ هیچی تر نین، تەنها بۆ خەڵکی ئاسایی، بۆ خوێڕییەکان* -پڕ بەدەم خوێڕی، هەر ئەم وشەیەم دەویست- بۆ خوێڕییەکان، کە ژیانیان وەرزییەو وادەو کاتێکی دیاریکراوی هەیە، وەک وەرزەکانی ساڵ، کە لە ناوچەیەکی مامناوەندیی ژیاندا هەڵکەوتب. بەڵام سەرانسەری ژیانی من یەک وەرز و یەک دۆخی هەبووە، وەک ئەوەی لە ناوچەیەکی سارد و سەرسڕ، لە تاریکاییەکی جاویدانەدا گوزەرا بێت، ئەوە لەکاتێکدا: لەنێو گیانمدا هەمیشە ئاگرێک دەگڕێ و من وەک مۆم دەتوێنێتەوە.

---

* لێرەدا و لە دەقە فارسییەکەدا سادق وشەی (ڕەجاڵە)ی بەکارهێناوە، کە وەک تەنز بە بیمار دەوترێت و بە مانای پیاوی مۆسنە نێت، لە بنەڕەتدا هیندییە، ئەم وشەیەی وەک جنێو و سووکایەتی کردن بۆ پیاوانی خراپ و ئەوانەی تێکەڵ بە دەسەڵات دەبوون بەکار دەبرد. ئێمە لەبەرانبەری و لەزمانی کوردیدا (خوێڕی)یمان بە پەسەند زانی. (و)

لەنێوان چوار دیواردا، کە ژوورەکەی من پێکدەهێنێت و حەسارێک، کە بە دەوری ژیان و خەیاڵەکانمدا کێشراوە، ژیانم؛ وەک مۆم تکتک دەتوێتەوە -تا هەڵەم کرد- وەکو کۆتەرەدارێکی تەڕ، کە لە سووچی کولانەیەکدا کەوتبێ و بە ئاگری کۆتەرەکانی تر برژابێت و ڕەش بووبێت، بەڵام نە سووتا بێ و نە تەڕوتازەش مابێتەوە، ئاوها ژیانی من؛ تەنیا لە چرەدووکەڵی ئەوانی تردا خنکاوە.

ژوورەکەم وەک هەموو ژوورێک، بە خشت و بەرد، لەسەر وێرانەی هەزاران خانووی کۆن دروست کراوە؛ ڕووکارێکی سپیکراو و کەنارەیەکی بەردنووسی هەیە، ڕێک دەڵێی گۆڕە، بچووکترین کوون و کەلێنی ژوورەکەم بەسە بۆ ئەوەی چەندین سەعاتی درێژ بیری من بەخۆیەوە خەریک بکات، بۆ نموونە تەونی جاڵجاڵۆکەی سووچی دیوارەکە، لەبەرئەوەی لەو کاتەوەی لەجێگادا کەوتووم کەمتر بە کارەکانم ڕادەگەن.

ئەو گوڵمێخەی بە دیوارەکەدا داکوتراوە، جێ لەلوتی من و خێزانەکەم بووە، ڕەنگە دواتر قورسایی منداڵانی دیکەشی لەسەر خۆی هەست پێ کردبێت. تۆزێ خوارتر بزمارێک لە گەچی دیوارەکە هەڵکەندراوە و لەژێرییەوە بۆنی بوونەوەران و شتانێکی لێ دێ، کە پێشتر لەم ژوورەدا بوون؛ بەجۆرێک،

که هەتا ئێستا هیچ هەواو بایەک نەیتوانیوە؛ ئەم بۆنە و خەست و کەسکوونە بڵاوە پێ بکات: بۆنی عارەقەی لەش، بۆنی نەخۆشییە کۆنەکان، بۆنی دەم، بۆنی قاچ، بۆنی میز، بۆنی بۆنی بۆگەن، بۆنی حەسیری ڕزیو، بۆنی خاریز و پیازی سووتاو، بۆنی خواردنی کوڵاو، بۆنی پەپکەمەلیچکانە و مارەزای منداڵ، بۆنی ژووری کوڕێک کە تازە باڵق بووە، ئەو هەڵمانەی کە لە کۆڵانەوە دێن، بۆنی مردوو یان کەسێک، کە لە سالی گیانەلادا بێت: هەموو ئەم بۆنانە زیندوون و نیشانەی تایبەتی خۆیانیان ڕاگرتووە. زۆر بۆنی دیکەش هەن، کە ڕەگ و ڕیشەیان نادیارە، بەڵام شوێنەواری خۆیان جێ هێشتووە.

ژوورەکەم خەڵوەتێکی تاریکە و ڕووەو دونیای خوێرییەکان: دوو دەلاقەی ڕوو بەدەری هەیە، یەکێکیان بەسەر حەسارەکەی خۆماندا دەکرێتەوە و ئەوی دیان ڕووەو کۆڵان؛ من بە شاری (ڕەی)یەوە دەبەستێتەوە. شارێک، کە بە بووکی دونیا ناونراوە و هەزاران کۆڵان و کوچە و خانووی داتەپیو و مەکتەب و کاروانسەرای هەیە. شارێک، کە بە مەزنترین شاری دونیا دێتە هەژمار؛ لەونێو ژوورەکەی منەوە هەناسە دەکێشن و دەژی. لێرە لە سووچی ژوورەکەمدا کاتێک، کە چاوەکانم لێک دەنێم: سێبەرە ون و

بەپەلکەلچووەکانی شار، ئەوەی کاریگەریی لەسەر من هەبووە بە کۆشک و مزگەوت و باخەکانییەوە، هەموویم لەپێش چاو وێنا دەبێ.

ئەم دوو دەلاقەیە مـن بە دونیـای دەرەوە؛ بە دونیـای خوێرییەکانەوە دەبەستنەوە. لە ژوورەکەمدا ئاوێنەیەک بە دیوارەکەوەیە، کە ڕووخساری خۆمی تێدا دەبینم، لە ژیانی مندا ئاوێنە؛ گرنگترە لە دونیای خوێرییەکان، دونیایەک؛ کە من هیچ پەیوەندییەکم پێوەی نییە.

لە تەواوی دیمەنی شار، دووکانێکی چکۆلەی قەسابی، لەبەردەم دەلاقەی ژوورەکەم دایە، کە ڕۆژی دوو مەڕ دەفرۆشێت. هەر جارێ لە دەلاقەکەوە چاو لە دەرێ دەکەم؛ قەسابەکە دەبینم. هەموو بەیانییەک زوو، دوو بارگیری ڕەشی لەڕ، کە وشک و قووڵ دەقۆزن* و دەستە وشکهەڵگەڕاوەکانیان بە سم کۆتایی هاتووە، -کە دەڵێی بەپێی یاسایەکی ڕەحشییانە دەستەکانیان بڕیونەتەوە و لە ڕۆژنی قرچاوییان ناوێ- لەملاولایانەوە کەلاکی مەڕ بارکراوە و دەیهێننە بەردەم دووکانەکە.

---

* قۆزانن: کۆکینی تاڵ.(و)

قەسابەکە دەستە چەورەکانی بە ڕیشی خەنەکراویدا دێنێت، لەپێشدا بە چاوێکی کڕیارانە تەماشای مەڕەکان دەکات؛ پاشـــان دووانیـــان هەڵـــدەبژێرێت، دەســـت دەدات لە دووگەکەیانەوە و ئەوسا دەیانبات بە قولاپی دوکانەکەیەوە هەڵیاندەواسێت، ئینجا بارگیرەکان هانکەهانک دەڕۆن. ئەمڕا قەسابەکە دەست دێنێت بەم لاشە خوێناوییانەدا؛ بە سەری بـڕاو، بە چـاوی دەرپەڕیـو و پێڵـوی خوێناویانـدا؛ کە لە کەللەسەری بۆریانەوە دەرتۆقیون. پاشان کاردێکی قەسابی دەسک ئێسقانیی دەهێنێت؛ بەلیزانییەوە کەلاکەکان کوتکوت دەکـات و بە زەردەخەنەوە گۆشـتی نەرمە بە کڕیارەکـانی دەفرۆشێت.

تەواوی ئەم کـارانە بە چ چێـژێکەوە دەکـات..! مـن دڵنیـام خۆشـــی و کەیفـــی لـــێ دەبینێـــت. ئەو ســـەگە بەرەڵایەی کۆڵانەکەمانی پاوان کردووە بۆ خۆی؛ هەمیشە بە ملی کەچ و چاوانی بێ گونـاهی، بە نیگـای حەسرەتاوییەوە لە دەسـتی قەسـابەکە دەنۆڕیـت، ئەو سـەگەیش هەمـوو ئەمـانە دەزانـێ، ئەو سەگەیش دەزانێ؛ کە قەسابەکە چێژ لە پیشەکەی خۆی وەردەگرێت..!

بری لەو لای قەسابەکەوە؛ پیرەمێردێکی سەیر لەژێر تاقێکدا دانیشتووەو ڕاخەرێک لەبەردەمیدا کراوەتەوە، لەسەر ڕاخەرەکە: ئەوردایەک، دوو نال، چەند جۆری متومووری ڕەنگاوڕەنگ، کاردێک، تەڵەمشکێک، گازێکی زەنگاوی، کەوچکێک، شانەیەکی دان شکاو، بێڵچەیەک و گۆزەیەکی داناوە، کە دەستەواڵێکی داوە بەسەریدا. چەندین سەعات، چەندین ڕۆژ، چەندین مانگ من لەودیو دەلاقەکەوە تەماشای ئەوم کردووە؛ هەمیشە بە شاڵگەردنێکی چڵکنەوە، بە عەبایەکی بۆزەوە، بە یەخەی دلچەکاوەوە، کە مووی سپی سینگی لێهاتۆتەدەر، بە پێڵووی سوورو هەڵگەڕاوییەوە -کە نەخۆشییەکی تووش و لاسار دەیخواردن- و بە تەلیسمی، کە لە باڵییەوە پێچابووی، لە دۆخێکی هەمیشەییدا دانیشتبوو.

تەنها شەوانی هەینی بە ددانە زەردو کەوتووەکانییەوە قورئانی دەخوێند، گوایا لەم ڕێگایەوە بژێوی خۆی پەیدا دەکرد، چونکە من هیچ کاتێک نەمدیوە کەسێک شتێکی لێ بکڕێت. دەڵێی لە تەقەی خەوە ناخۆش و پڕ مۆتەکەکانی مندا: دەموچاوی ئەم پیاوە دەبینم. لەپشت ئەو سەرە تاشراوەیەوە، کە مێزەرێکی زەردی تێوەپێچاوە، لەودیو ئەو ئەوێڵە کورتەیەوە؛ ع خەیاڵێکی لاسار و گەمژانە وەک

گیاهەرزە ڕوواوە...؟ وەک بڵێی خرتکەویرتکەی سەر ڕاقەری بەردەمی؛ لەگەڵ ژیانی ئەو پیرەمێردە پەیوەندییەکی تایبەتیان هەیە. چەند جارێ بڕیارم دا بڕۆم و قسەی لەگەڵ بکەم یان شتێکی لێ بکڕم، بەڵام نەموێرا. دایەنەکەم پێی گوتم؛ کە ئەم پیاوە لە سەردەمی گەنجیدا گۆزەگەر بووەو تەنها ئەم دانە گۆزەیەی بۆ خۆی هەڵگرتووەو ئێستا بە وردەواڵەفرۆشی نانی خۆی پەیدا دەکات.

ئەمانە پەیوەندییەکانی من بوون لەگەڵ دونیای دەرەوە، لێ دونیای ناوەوە؛ تەنها دایەنەکەم و ژنێکی قەحبە بۆ من مابوونەوە، بەڵام نەنەخان دایەنی ئەویشە، دایەنی هەردووکمانە، چونکە من و ژنەکەم نەک هەر تەنها خزمی یەک بووین، بەڵکوو نەنەخان؛ پێکەوە شیری بە هەردووکمان دابوو. نەنەخان هەم دایکی ئەو و هەم دایکی منیش بووە، چونکە من دایک و باوکی خۆم هەرگیز نەدیبوە. دایکی ئەو؛ ئەو ژنە باڵابەرزە قژ ماشوبرنجییەی منی بەخێو کردبوو؛ وەک دایکی خۆم خۆش دەویست و هەر لەبەر ئەم خۆشەویستییەش بوو کچەکەیم هێنا.

سەبارەت بە دایک و باوکم؛ چەندین حیکایەتم بیستووە، تەنها یەکێک لەو چیرۆکانە، کە نەنەخان بۆی گێڕاومەتەوە

پێم وایە دەبێ ڕاست بێت، ئەتەخان گوتی: کە باوکم و مامم دوولە بوون، هەردووکیان یەک شێوەو یەک جۆر قەدوباڵا و یەک جۆر هەڵسوکەوتیان هەبووە، تەنانەت دەنگیشیان کتومت وەک یەک بووە و جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نەبووە. جگە لەوە پەیوەندییەکی ڕۆحی و هەستی هاوبەردیش لەنێوانیاندا هەبووە: بەشێوەیەک ئەگەر یەکێک لەوان ئەخۆش کەوتبێت، ئەوی دیکەشیان نەخۆشکەوتووە، بە قسەی خەڵک: سێویک بوون و کرابوون بە دوو لەتەوە.

دواجار هەردووکیان ڕێگای بازرگانی دەگرنەبەر و لە تەمەنی بیست ساڵیدا دەچن بۆ هیندستان. لەگەڵ خۆیاندا پارچەی جۆراوجۆری وەک پارچەی گوڵدار، پارچەی پەمەیی، کەوا، شاڵ، دەرزی، قاپوقاچاغی گڵینە، گڵی سەرشۆرین و بەرگی قەڵەمدان دەبەن و دەیفرۆشن.

باوکم لە شاری بەنارەس بووەو بۆ ئیشی بازرگانی؛ مامی بۆ شارەکانی تری هیندستان ناردووە. پاش ماوەیەک باوکم عاشقی کیژێکی بوگام داسی*، سەماکەری پەرەستگای

---

* بوگام داسی: ڕاقەکارەکانی هیندایەتی، تەفسیری زۆر بۆ ئەم ناوە دەکەن؛ بە هیندی بە مانای (بوگام) دێت و بە تورکی بە مانای (پەردە هەڵگرتنی) (ی)

لینگۆم** دەبێ. کاری ئەم کیژە سەمای ئاینی لەبەردەم بتی مەزنی لینگۆم و خزمەتی بتخانە بووە، کیژێکی خوێنگەرمی زەیتوونیی بە دوو مەمکی لیمۆیی، دوو چاوی گەورەی کەچ، دوو برۆی پەیوەست، کە خاڵێکی سووری لەنێوانیاندا داناوە.

ئێستا دەتوانم بیهێنمە پێش چاوی خۆم؛ کە بۆگام باسی، یانی دایکم بە ساری*** ئاوریشمینی زێرچنی رەنگینی، بە سینەی ئاوەڵای، بە سەرپێچی دیبای، بە کەزیی رەشی قورسی، کە وەک شەوی ئەزەلیی تاریک؛ لە پشت سەرییەوە بەستبووی، بە خرخاڵی دەست و بە پاوانەی پێی، بە ئەڵقەیەکی زێرین کە بەلووتییەوە بووە، بە چاوە گەورە و رەش و کەچ و خومارەکانی، بە ددانە سپییەکانی، بە جوڵە هێواشەکانی، کە بە ریتمی سیتار و دومبەک و تەمبوور و سنج و کەرەنا سەمای کردووە. بە جۆرە مۆسیقایەکی نەرم و یەک ریتم؛ کە پیاوانی بووتی مێزەر بەسەر لێیانداوە، مۆسیقایەکی پڕمانا کە رازەکانی جادوو و خورافات و هەوارهەوەسی هیندستان لەودا کورت و پوخت بوونەتەوە؛ بە

** لینگۆم: بە زمانی سانسکریتی بە مانای ئەندامی زاوزێی مرۆڤ دێت. (و)

*** ساری: کراسی ژنانەی هیندی. (و)

لەنجەو لارێکی ئامازەداری هەستبزوێن –جووڵەی پیرۆز بوگام داسی؛ وەک پەرەی گوڵ کراوەتەوە، شان و باسکەکانی لەرلەزۆتەوە و داهاتۆتەوە و دیسان خۆی گرمۆڵە کردووە، ئەم جووڵانە، کە مانای تایبەتییان هەبوو و بێ زمان قسەیان کردووە؛ دەبێ تواتیبێتیان چ کاریگەرییەی لەسەر باوکم دابێ..؟ بەتایبەت بۆنی عارەقەی؛ کە تاڕێک بە عەتری موگرا و بۆنی سەندەل بووە، دەبێ هەوەسی ئەم دیمەنەی پتر کردبێت.

هەترێک، کە بۆنی شیلەی درختە دوورەکانی لێ دێت و ڕۆح دەکات بەبەری هەستە دوورو خنکاوەکاندا؛ بۆنی قتووی ماکیاژ، بۆنی ئەو داودەرمانانەی لە ژووری منداڵاندا دایدەنێن و لە هیندستانەوە دێ، ڕۆنی نەناسراوی مەملەکەتێک، کە تژی لە داب و نەریتی دێرینە، لەخۆوە بۆنی شتە کوڵاوەکانی منی لێ دەهات.

هەموو ئەم شتانە یادگارییە دوور و کوژراوەکانی باوکمیان زیندوو کردۆتەوە؛ باوکم وەها عاشقی بوگام داسی دەبێت، کە دەچێتە سەر دینی ئەم کیژە سەماکەرە؛ دینی لینگۆم؛ بەڵام هەر دوای ماوەیەک، کە کچەکە سکی پڕ دەبێت؛ لە خزمەتکردنی پەرستگا دەری دەکەن.

من تازە لە دایک ببووم، کە مامم لە سەفەری خۆی دەگەڕێتەوە بۆ بەنارەس، بەڵام چونکە خۆشەویستی و مەلیقەی ئەویش لەگەڵ باوکمدا یەک شت بووە؛ بە دڵی ئا، بە سەد دڵ عاشقی دایکم دەبێت و سەرئەنجام دایکم فریو دەدات، ئەو ڕێکچوونەشی کە لەگەڵ باوکمدا هەی بووە، ئەم کارەی بۆ ئاسانتر دەکات، بەڵام کە مەسەلەکە ئاشکرا دەبێت؛ دایکم دەڵێ هەردووکیان بەچین دێڵێ، یان مەگەر بەو مەرجەی باوکم و مامم (تاقیکردنەوەی ماری کوبرا) بکەن و هەر کامیان لەو تاقیکردنەوەیە دەرچوو؛ ئەم دەبێت بە هی ئەویان.

تاقیکردنەوەکە ئاوها بووە؛ کە باوکم و مامم دەبووا لە ژوورێکی تاریکی وەک سیاچاڵ لەگەڵ مارێکی کوبرا حەپس بکرێن، مارەکە هەر کامیانی گەست دیارە کە هاوار دەکات، ئەو کات مارگرەکە دەرگای ژوورەکە دەکاتەوەو ئەوی تر ڕزگار دەکات و بووکام داسیش دەبێ بە هی ئەو.

بەرلەوەی بیانخەنە ئەو سیاچاڵەوە؛ باوکم تکا لە بووکام دەکات، جارێکی تر لەبەر چاوی ئەودا سەما بکات: سەمای پیرۆزی پەرستگا، ئەویش خواستەکەی باوکم بەجێ دێنێ و بە مۆسیقای نەیەوە مارناسا لەبەر ڕووناکی

مەشخەڵدا؛ بە لەنجەولار بەجوڵەی پڕ مانای سەما دەکات و وەک ماری کوبرا خۆی دەلەنگێنێ و پێچ دەخوات. پاشان باوکم و مامم لەگەڵ ماری کوبرادا دەخەنە ژوورێکەوە؛ لەجیاتی هاواری پڕ لە پەرێشانی؛ ناڵەیەکی تێکەڵ لە پێکەنینی موچڕکەهێن بەرز دەبێتەوە؛ هاوارێکی شێتانە.

کە دەرگاکە دەکەنەوە؛ مامم لە ژوورەکە دێتەدەر؛ بەڵام ڕووخساری تێکشکاوە و پیر بووە، مووی سەری سپی بووە لە ترسی دەنگی خزین و فیشکەی ماری تووڕە؛ مارێک کە دوو چاوی خڕ و ددانی ژەهراوی هەبووە، مارێک، کە لەشی بریتی بووە لە ملێکی درێژ تا گەیشتۆتە پانایی پێش سەرێکی بچووک، لە ترسی ئەو ماری کوبرایە ئیتر مامم بە سەری سپییەوە لە ژوورەکە هاتۆتەدەر.

بێ مەرج و پەیمان؛ بۆگام دڵسی ئەبێت بە هی مامم، شتێکی ترسناک! ڕوون نییە ئەو کەسەی دوای تاقیکردنەوەکە بە زیندوویی ماوەتەوە؛ مام بووە یان باوکم..!؟ چونکە ئەو کەسە لە ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیەدا مێشکی تێک ئەچێت و بەتەواوی ژیانی پێشووی خۆی بیر دەچێتەوە و تەنانەت منداڵەکەش ناناسێتەوە، لەبەر ئەوە پێیان وابووە؛ ئەم کەسە مامە.

ئایا ئەم ئەفسانەیە پەیوەست بە ژیانی منەوە نییە..؟ یان زایەڵەی ئەم پێکەنینە، کە مووی بونیام گرژ دەکات و ترسی ئەم ئاشکراکردنەوەیە؛ کاریگەریی لەسەر دانەنراوم و پەیوەندی بەمنەوە نییە..؟ دوای ئەمە؛ من جگە لە ئاڵۆزییەکی زیادە و بێگانە، شتێکی تر نەبووم. لەکۆتاییدا؛ باوکم یان مامم بۆ کاری بازرگانی خۆی لەگەڵ بوکێم دامیدا دەگەڕێتەوە شاری (پەی) و من دەسپێرێت بە خوشکەکەی، کە دەکاتە پووری من.

دایەنەکەم وتی: کە لە کاتی ماڵئاواییدا؛ دایکم قاپێک شەرابی ئەرخەوانیی، کە ژەهری ماری کوبرای تێکەڵ کراوە، بۆ من دەداتە دەستی پوورم. بوکێم داسییەک دەتوانێت چ شتێکی باشتر لەمە بە یادگاری بۆ منداڵەکەی جێ بهێڵێت..؟ شەرابی ئەرخەوانیی، ئیکسیری مەرگ، کە ئاسودەیی هەمیشەیی دەهێنێت. ڕەنگە ئەویش ژیانی خۆی وەک هێشووە ترێیەک گوشی بێت و شەرابەکەی دابێ بە من..! هەر ئەو ژەهرەی باوکمی کوشت، ئێستا دەزانم چ سەوغاتێکی* بە نرخی داوە!

* سەوغات: وشەکە لە بنەڕەتدا تورکییە، بەو دیارییە دەوترێت کە کەسێک لە سەفەردا هێنابێتی بۆ کەسێکی تر. (و)

ئایا دایکم زیندووە..؟ ڕەنگە ئێستا کە من خەریکی نووسینم؛ ئەو لە مەیدانی شارێکی دووری هیندستاندا، لەبەر ڕووناکی مەشخەڵێک؛ وەکو مار خۆی بلەنگێنێ و پێچ بخوات و سەما بکات، هەروەک ئەوەی ماری کوبرا گەستبێتی؛ ئەوجا ژن و منداڵ و پیاوانی کونجکاو و ڕووتیش کۆزیلەیان لە دەوری بەستبێت، لەکاتێکدا باوکم یان مامم بە سەری سپییەوە و پشتی قەمبوورەوە؛ لە قەراغ مەیدانێکدا دانیشتووە و چاو لەو دەکات و کەوتۆتە بیری سیاچاڵ و دەنگی خشان و فیشکەی ماری کوبرا، کە سەر بەرز دەکاتەوە؛ چاوەکانی دەبریقێنەوە، ملی وەک ماری کوبرای لێ دێ و هێڵێک وەک چاویلکە لە پشتملییەوە؛ بە ڕەنگێکی خۆڵەمێشیی تۆخ دەردەکەوێت.

بەهەرحاڵ من کوڕیەیەکی شیرەخۆرە بووم، کە خراومەتە باوەشی نەنەخانەوە، ئەم نەنەخانە؛ لەیەک کاتدا شیری بە کچەکەی پوریشم -هەر ئەو ژنە قەحبەیەش- داوە. من لەبەر دەستی پوورمدا؛ ئەو ژنە بالابەرزەی تاڵی خۆڵەمێشی بەسەر ئەوتڵیدا ڕژاوبوو، هەر لەوماڵەدا لەگەڵ کچەکەی، لەگەڵ ئەم قەحبەیە گەورە بووم.

لەو کاتەوەی خۆم ناسی، پوورم لەجێی دایکم دانا و خۆشم ویست، هێندەم خۆش ویست، کە کچەکەی، هەر ئەم خوشکە شیرییەی خۆم، لەبەر ئەوەی لەو دەچوو هێنام، یانی ناچار بووم بیهێنم.

تەنها یەک جار ئەم کچە خۆی دا بەدەستمەوە، هەرگیز بیرم ناچێتەوە؛ ئەویش لەبان سەری دایکی مردوویەوە بوو؛ شەو زۆری ڕۆیشتبوو کەمی مابوو، من بۆ دواماڵئاوایی؛ هەر کە هەموو خەڵکی ماڵەکە خەویان لێ کەوت، بە تونی کراس و دەرپێیەکەوە هەستام و چوومە ئەو ژوورەی مردووەکەی لێ بوو؛ دیتم دوو مۆمی کافووریی لە ژوور سەرییەوە دەگران، قورئانێکیشیان لەسەر سکی دانابوو، بۆ ئەوەی شەیتان خۆی نەکات بەگیانیدا، کە پارچە پەڕۆکەی سەر ڕووخساریم لادا؛ شێوەی بەویقار و کەمەندکێشی پوورم دی، وەک ئەوە وابوو؛ هەموو پەیوەندییە زەمینییەکان لە ڕووخساری ئەودا توابێتنەوە، دۆخێک بوو، کە ناچاری کردم کڕنووشی بۆ بەرم، بەڵام هاوکات مەرگم وەک ڕووداوێکی سروشتی و ئاساییش هاتە بەرچاو.

خەندەیەکی تەوساوی بە سووچێکی لێوییەوە وشک ببوو؛ ویستم دەستی ماچ بکەم و لە ژوورەکە بچمە دەرێ؛ بەڵام کە

ئاوڕم دایەوە بەسەرسامییەوە بینیم: هەر ئەم قەحبەیەی کە ئێستا ژنمە، خۆی کرد بە ژووردا و لەبەرانبەر دڵیکی مردوویدا: بە چ گڕ و ئاوڕێکەوە خۆی پێمەوە نووسان..! منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و چ ماچی تەڕتەپڕی دەکردم..! من لە شەرمان حەزم دەکرد بە ناخی زەویدا بچمە خوارێ، بەڵام نەمزانی چی بکەم، مردووکە بە ددانە دڵخراوەکانییەوە: وەک ئەوە وابوو گاڵتەمان پێ بکات، وام هاتە بەرچاو: کە زەردەخەنە ئارامەکەی گۆڕابێت.

منیش بێ ئەوەی بەهۆی باوەشم کرد بە کچەکەیدا و ماچم کرد، بەڵام ڕێک لەم کاتەدا: پەردەی ژوورەکەی تەنیشتمان لادرا و مێردەی پوورم: "بابی باوکی ئەم قەحبەیە: قەمبووریکی شاڵ لە گەردن هاتە ژوورێ: پێکەنینێکی وشک و درێژو پێکەنی: کە مووی بونیادمی گرژ دەکرد، وەها پێدەکەنی: کە شاڵەکانی لەرینەوە، بەڵام سەیری ئێمەی نەکرد.

من لە شەرمان دەمویست بەزەویدا بڕۆچم و ئەگەر بمتوانیبا شەپازللەیەکی توندم لە مردووەکە دەسرەواند: کە بە نیگایەکی گاڵتەجاڕانەوە تەماشای ئێمەی دەکرد... چ ڕیسواییەک بوو..! پەشۆکاو و ترساو لە ژوورەکە هاتمە

دەرەوە، لەوانەیە هەر لەبەر ئەم قەحسەیە ئەم پسیلانەی دانابێت، تا من ناچاریم بیهێنم. سەرەڕای ئەوەی خوشک و برای شیرینیش بووین؛ بۆ ئەوەی ئابڕۆیان نەچێ، ناچار هێنام؛ چونکە ئەم کچە بێ بێ بوو، ئەرەشم نەدەزانی، هەر نەمتوانی بیزانم؛ تەنها پێیان وتم.

شەوی زەماوەند، وەختێک چووینە پەردەوە؛ چەندێک لێی پاڕامەوە، نەچووە ژێربار و خۆی رووت نەکردەوە، دەیوت: "بێ نوێژم" هەر نەیهێشت بچم بەلایدا، چراکەی کوژاندەوە و چوو لەو سەری ژوورەکەوە نووست، وەک بێ دەلەرزی، دەتگوت ئەویان لەگەڵ ئەژدیهایەک لە سیاچاڵ هاویشتووە، کەس باوەڕ ناکات یانی جێی باوەڕکردنیش نییە؛ کە ئەو تەنانەت نەیهێشت ماچی سەر کولمیشی بکەم..!

شەوی دووهەمیش هەر چوومەوە سەر جێگای شەوی یەکەم و لەسەر عەردێ نووستم، شەوانی دواتریش هەروا، نەمدەوێرا. سەرئەنجام ماوەیەکی زۆر تێپەری وەسن هەر لەوسەری ژوورەکە لەسەر عەرزەکە دەخەوتم، کێ باوەڕ دەکات..؟ دوو مانگ، تا دوو مانگ و چوار ڕۆژ لەسەر عەرد دەخەوتم و نەمدەوێرا توخنی بکەوم.

ئەو پێش ئەمە؛ ئەو دەستماڵە پڕ مانایەی ساز کردبوو؛ خوێنی کۆتری پێداکردبوو، نازانم، لەوانەیە هەر ئەو دەستماڵەش بووبێت، کە لە یەکەم شەوی ژوانی خۆیدا دایخستبێ، بۆ ئەوەی بە تەواوی بمکات بە مەسخەرە. لەو کاتەدا، کە هەموان پیرۆزباییان لێ دەکردم؛ چاویان لەوێ دادەگرت، هەڵبەت لە دڵی خۆیاندا دەیانگوت: "کابرا دونیای قەڵای گرتووە!"، من هەر بەسەر ڕووی مۆبارەکی خۆشما نەدەهێنا، بەمن پێدەکەنین، بەکەرێتیم پێدەکەنین، بەڵێنم بە خۆم دابوو؛ ڕۆژێک هەموو ئەمانە بنووسمەوە.

دوای ئەوەی زانیم؛ کە ئەو یەک دونیا سۆتەی* هەیە. ڕەنگە لەبەر ئەوە ڕقی لێم بێت؛ چونکە مەلایەک چەند وشەیەکی عەرەبی خوێندبووەوە و ئەوی نابووە ژێر دەسەڵاتی من..! یان لەبەر ئەوەی دەیویست ئازاد بێت..! سەرئەنجام؛ شەوێک بڕیارم دا بە زۆر بچمە کنی، بڕیارەکەم بردەسەر، بەڵام دوای هەراوهوریا و کێشمەکێشێکی زۆر ئەو هەستا و ڕۆیی؛ من تەنها خۆم بەوە ڕازی کرد؛ لەناو نوێنوپاتەکەیدا، کە گەرمایی لەشی ئەوی لەخۆگرتبوو و بۆنی ئەوی لێ دەهات؛ بنووم و کێتکڵ بدەم. تەنها خەوێکی ئاسوودە کە کردم؛ هەر ئەو

* سۆتە: فاسق، پیاوی زیناکار، پیاوی داوێنپیس، قەحپەگی. (ن)

شـێوە بـوو، لە دوای ئەو شـەوەوە ئووری خـۆی، لە مـن جیاکردەوە.

ئێواران، کە من دەهاتمەوە ماڵێ، ئەو هێشتا نەهاتبووەوە، نەمدەزانی هاتۆتەوە یان نا، هەر نەمدەویست بزانم، چونکە من مەحکوم بە تەنیایی، مەحکوم بە مەرگ کرابووم. ویستم هەرچۆنێک بووە لەگەڵ سۆزانەکانیدا ئاشنابم، ئیتر کەس باوەڕم پێ ناکات..! ناوی هەر کەسێکم بیستایە کە ئەم حەزی لێ کردووە، خۆم بۆ دادەگرت، دەچووم بە هەزار حەفەت و سەرشۆڕی، خۆم دەکرد بە دۆستی، کلکەلەقێم بۆ دەکرد و نازیم دەکێشا و دەمهێنایەوە بۆ ئەو، ئەویش ڕۆ سۆزانەگەلێک: سەروبنچی، جگەرچی، کەنکەچی، چەرچی، سەرۆک دارۆغە، فەقێ، فەیلەسوف، کە ناوونازناویان جیاواز بوو، بەڵام هەموویان جاشی ماکەرێ بوون، هەموو ئەمانەی لە من پێ باشتر بوو.

بە ڕۆ سەرشۆڕییەک خۆم سوکوسەلیم دەکرد، کەس باوەڕ ناکات..! دەترسام ژنەکەم لەکیس بچێت، دەمویست شێوەی ڕەفتارکردن، ئاکار و دڵڕفێنی لە سۆزانەکانییەوە فێربم، بەڵام گەوادێکی بەدبەخت بووم، کە هەموو گەمژەکان پێیم پێدەکەنین. هەر بەڕاست چۆن دەمتوانی ڕەفتار و ئەخلاقی

خوێرییەکـان ئیـربیم..؟ ئێسـتا دەزانـم بـۆیە ئەوانـی خۆشەدەویست، چونکە بێحەیا و گێل و گەمـژە و بێوگان بوون. عەشقی ئەو هەر تێکەڵ بە چەپەڵی و مەرگ بوو، ئایا بەرلیست: من دەمویست لەگەڵـی بنووم..؟ ئایا ڕواڵەت و ڕووخساری: منی عاشقی خۆی کردبوو..؟ یان ڕقی ئەو لە من..؟ ئایا ڕەفتار و کرداری بوو، یان خۆشەویستی و عەشقێک بوو، کە من لەمنداڵییەوە بۆ دایکی هەم بوو..؟
یان هەموو ئەمانە دەستیان دابووە دەستی یەک..؟

نـا، نازانم. تەنها شتێک کە دەزانم ئەوەیە: ئەم ژنە، ئەم قەحبەیە، ئەم جادووگەرە: نازانم چ ژەهرێکی کردبووە ڕۆح و وجوودی منەوە، کە نەک تەنها دەمویست، بەڵکو تەواوی گەردی لەشم داوای گەردی ئەویان دەکرد. جەستەم هاواری دەکرد: پێویستی پێیەتی و ئارەزوویەکی توندم دەکرد لەگەڵ ئەو: لە دوورگەیەکی ونبوودا بم، کەسـی تێـدا نەبێت، ئارەزووم دەکرد بومەلەرزەیەک، یـان بـاهۆز و بـاپۆوک و تۆفانێک، یان هەورە بروسکەیەکی ئاسمانی، هەموو ئەو خوێریانەی کە لە پشت دیواری مـاڵەکەم پشوویان دەدا و دەگەڕان و کەیفیان دەکرد: هەموویانی بتەقاندایە و تەنها من و ئەو بمابنایەتەوە. ئایا ئەو کاتەش هەر گیانلەبەرێکی دیکە: مـارێکی هیندی، یـان هەژدیهـایەکی لە مـن پـێ باشتر

دەبوو..؟ بە ئاواتەوە بووم شەوێک پێکەوە بووینایە و لە باوەشی یەکتریدا بمردینایە، لام وابوو، ئەمە ئامانجی بڵندی ژیان و بوونی من بوو.

دەنگۆ ئەم قەحبەیە لە ئەشکەنجەدانی من چێژ وەردەگرێت، وەک ئەوەی: ئەو ئازارەی کە منی ورد ورد دەخوارد بەس نەبێت. لەکۆتاییدا من لە جووڵە و کار کەوتم و خانەنشین بووم! وەک مردوویەک بەشی زیندووان بخوات. هیچ کەسێک نهێنی نێوان ئێمەی نەدەزانی: دایەنە پیرەکەم، کە شاهید بوو بەسەر مەرگی هێواشمەوە: لەسەر ئەم قەحبەیە سەرزەنشتی دەکردم.

لە پشتەسەری خزمەوە، لە دوورووبەرەوە دەمبیست، کە دەیانچرپاند و دەیانگوت: ئەم ژنە داماوە چۆن بەرگەی ئەو مێردە شێتە دەگرێ..؟ ڕاستیان دەکرد، چونکە من بە ئەندازەیەک زەلیل ببووم، کە جێی باوەڕ نەبوو.

ڕۆژ بە ڕۆژ کزتر و لاوازتر دەبووم، کە تەماشای خۆم لە ئاوێنەدا دەکرد: کوڵمەکانم سوور و ڕەنگیان وەک ڕەنگی گۆشتی دووکانی قەسابی لێ هاتبوو، جەستەم باغ و چاوەکانم شێوەیەکی خومار و خەماوییان بەخۆوە گرتبوو،

لەم دۆخە نوێیەی خۆم چێژم دەبرد، لە چاومدا: تۆز و گەردی مردنم دیبوو، دیبووم، کە دەبێت بڕۆم.

سەرئەنجام حەکیم باشییان ئاگادار کردەوە –حەکیمی خوێنڕێیەکان، حەکیمی بنەماڵە، کە بە قەولی خۆی ماری گەورە کردبوو– بە هەندێلی شەکەریی و مس بست پێشەوە هات. خۆی بە سەربەرز دەزانی و شانازیی بەخۆیەوە دەکرد، کە دەرمانی پیاوەتی بە باپیرم داوە، خاکەشێر و نەباتی بە قوڕگی منا کردووە و فلسی بە ناوکی پووڕمەوە بەستووە. بەهەرحاڵ کاتێک هات و لەسەر باڵنجی من دانیشت؛ تریە(نەبزی) دەستی گرتم، سەیری زوبانی کردم، دەستوری دا: شیری ماکەر و ئاوی جۆ بخۆمەوە و ڕۆژێ دووجار خۆم بخەمە بەر دووکەڵی کوندور و زەرنیخ. چەند ڕەچەتەیەکی دوورودرێژیشی دا بە دایانەکەم، کە بریتی بوو لە هەندێ شتی کوڵێندراو و بڕێ ڕۆنی سەیرو سەمەرەی وەکو: گەڵای جاترە، زەیتوون، عەرەقی سووسە، کافوور، گیاقەیتەران، ڕۆنی گوڵەبەیبوون، ڕۆنی قاز، تۆوی کەتان، تۆوی سنەوبەر و بڕێ خورافاتی دیکە.

حاڵم خراپتر بوو؛ تەنها دایەنەکەم، کە دایەنی ئەویش بوو، لە سووچێکی ژوورەکەدا بە ئەموچاوی چرچ و قژی

خۆڵەمێشییەوە، لە بان سەری من دادەنیشت، بەئاوی سارد؛ نێوچاوانمی فێنک دەکردەوەو خواردنە کوڵاوەکانی بۆ دەهێنام. باسی جاران و منداڵیی من و ئەو قەحبەیەی دەکرد، بۆنمونە پێی گوتم؛ ژنەکەم لەناو لانکەوە ڕاهاتووە؛ نینۆکی دەستی چەپی جوویووە، وەها جوویەتی، کە دەستی خۆی بریندار کردووە. جارجارەش حیکایەتی بۆ دەگێڕامەوە؛ لام وابوو ئەم حیکایەتانە من بۆ دواوە دەگەڕێننەوە و دۆخی منداڵیی لەمندا دەژێننەوە، چونکە قسەکانی پەیوەندییان بەو سەردەمەوە هەبوو. سەردەمێک، کە زۆر بچکۆلە بووم و لەژوورێکدا؛ لەگەڵ ژنەکەمدا لەنێو لەلوێیەکی گەورەی دوو نەفەرییدا؛ بەتەنیشت یەکەوە نووستبووین. باش لەبیرمە؛ ئەم چیرۆکانەی دەگێڕایەوە، بەشێک لەو چیرۆکانەی کە جاران باوەڕم پێ نەدەکردن ئێستا بۆم بوونەتە شتێکی ڕاستی.

نەخۆشی دونیایەکی نوێی لەمندا دروست کرد؛ دونیاییەکی نەناسراو و ون، پڕ لە وێنە و ڕەنگ و تاسە؛ کە لە دۆخی ساغیدا ناتوانیت وێنایان بکەیت. بۆیە ڕووداوەکانی ئەم حیکایەتانەم بە چێژ و خۆشییەکی لە گوتن نەهاتووەوە لەخۆمدا هەست پێ دەکرد، هەستم دەکرد منداڵ بوومەتەوە.

هەر ئێستا، کە خەریکی نووسینم؛ ئەم هەستەم هەیە،
هەموو ئەم هەستانە هی ئێستان و هی ڕابردوو نین.

گۆیا جوڵەو خەیاڵ و ئارەزوو و خووی پێشینان، کە یەکێکی بووە لە پێداویستییەکانی ژیان؛ لەڕێگای ئەم داستانانەوە گەیشتۆتە نەوەکانی دواتر. هەزاران ساڵە، کە هەر ئەم ئەفسانەیان وتۆتەوە؛ هەر ئەم سەرچێییانەیان کردووە، هەر ئەم کێشەو ئاریشە سادە و ساکارانەیان هەبووە. ئایا سەرانسەری ژیان؛ خۆی چیرۆکێکی ناخۆش و داستانێکی بارەپێنەکراو و گەمژانە نییە..؟ ئایا من ئەفسانە و چیرۆکی خۆم نانووسمەوە..؟ چیرۆک تەنها ڕێگای دەربازبوونە لەو ئاواتانەی پێیان نەگەیشتین، لەو خەونانەی نەهاتنە دی، ئەو خەونانەی، کە هەر چیرۆکبێژێک بەپێی ڕۆحی تەنگەبەر و بەمیراتبراوی خۆی وێنای دەکات. بریا بمتوانیبا وەک سەردەمانێک، کە منداڵ و نەزان بووم؛ ئارام بنووم، خەوێکی ئاسوودەو دوور لە دڵەڕاوکێ.

کە بێداربوومەوە؛ بیبوومەتم سوور ببووەوە، وەکو ڕەنگی گۆشتی بەر دووکانی قەسابەکەی لێ هاتبوو، جەستەم داغ بوو، دەکۆکیم، چ کۆکەیەکی توند و ترسناک..! کۆکەیەک، کە ڕوون نەبوو لە کام چاڵی ونبووی لەشمەوە دەهاتە دەرێ؛

وەکو کۆتکەی ئەو بارگیرانەی بەیانیان زۆر کەلاکی مەڕیان بۆ قەسابەکە دەهێنا.

ڕێک لە بیرمە: دونیا بەتەواوی تاریک ببوو، چەند دەقیقەیەک لە دۆخی بێ هۆشیدا بووم، بەر لەوەی خەوم لێ بکەوێ: لەگەڵ خۆم قسەم دەکرد، لەو کاتەدا هەستم کرد: منداڵ بوومەتەوە و لە لوێکەدا خەوم لێکەوتووە، هەستم کرد و دڵنیابووم: کەسێک لە نزیکمەوەیە. دەمەوبەیانی بوو، دەمێک بوو هەموو خەڵکی ماڵەکە خەوتبوون، نەخۆشەکان دەزانن لەم کاتەدا وەک ئەوە وایە، ژیان لەسەر سنووری دونیا هەڵکێشرێ. دڵم بەتوندی لێی ئەدا، بەلام نەدەترسام، چاوم کرابووەوە، کەچی کەسم نەدەدی، چونکە تاریکییەکی هێجگار خەست و چڕ بوو. قەیری تێپەڕی، خەیاڵێکی ناخۆش بەسەرمدا هات، بەخۆمم گوت: لەوانەیە ئەو بێ، هەر لەو کاتەدا هەستم کرد، دەستێکی فێنک لەسەر نێوچەوانی داغم دانرا. لەرزم لێ نیشت، دوو سێ جار لە خۆمم پرسی: ئایا ئەوە دەستی ئیزرائیل نەبوو..؟ خەوم لێ کەوتەوە.

بەیانی کە هەستام، دایەنەکەم گوتی: کچەکەی سپانی ژنەکەم، هەر ئەو قەحبەیە- هاتووە بۆ لام و سەری خستۆتە کۆشی خۆی و وەکو منداڵ رایژەندووم، گوایا

هەستی پێداراگەیشتن و دڵیکانەی تێیدا بەزواوە، خۆزگا هەر ئەو کاتە بمردمایە، لەوانەیە ئەو منداڵەی لەسکیدا بوو مردبێت، ئاخۆ بوویەتی..؟ ئێستاش نەمزانی..!

لەم ژوورەدا، کە بەردەوام بۆ من تەنگتر و تاریکتر لە گۆڕی لێ دەهات؛ هەمیشە چاولەڕێی ژنەکەم بووم، بەڵام هەرگیز نەهات. ئایا هەر بەهۆی ئەوەوە نەبوو، کە بڕۆم بەم ڕۆژە گەیشتبوو..؟ ئاخر گاڵتە نییە؛ سێ ساڵ، نا، دوو ساڵ و چوار مانگ بوو، بەڵام ڕۆژ و مانگ و ساڵ چین..؟ بۆ من مانای نییە، بۆ کەسێک، کە لە گۆڕدایە زەمەن بێ مانایە، ئەم ژوورە گۆڕی ژیان و بیرەوەرییەکانم بوو.

هەموو ئەو ڕاکەڕاک و ژاوەژاو و خۆوانواندنەی ژیانی خەڵکی تر؛ ژیانی خوێرییەکان، کە جەستەو ڕۆحی هەموویان لەسەر یەک قاڵب دروست کراوە؛ بۆ من هیچوپووچ و بێ مانا بوو. لەو کاتەوەی لە جێگادا کەوتبووم؛ لە دونیایەکی سەیرو باوەڕنەکردە بە ئاگاهاتبوومەوە، کە پێویستم بە دونیای خوێرییەکان نەبوو. دونیایەک لەنێو خۆمدا بوو؛ دونیایەکی پڕ نهێنی و ڕاز بەمن؛ وەک ئەوەی ناچاربم سەر بە هەموو کون و کەلەبەرێکیدا بکەم و بیپشکنم.

شەو، کاتێک بوونی من لەسەر سنووری دوو دونیادا شەپۆلی دەدا؛ تۆزێک بەرلەوەی لە خەوێکی قورس و بۆشدا نوقم بیم، خەوتنم دەدی. بەچاوتروکاندنێک، جگە لە زمانی خۆم زمانێکی دیکەم تەی دەکرد، لە هەوایەکی تردا هەناسەم هەڵدەکێشا و دوور بووم. وەک ئەوەی کە دەمویست لە خۆم هەڵبێم و چارەنووسم بگۆڕم؛ کە چاوم لێک دەنا دونیای ڕاستەقینەی خۆمم دەبینی. ئەم وێنانە زمانی تایبەتیی خۆیان هەبوو؛ ئازادانە ون دەبوون و دیسان دەردەکەوتنەوە. گوایا لە دەرەوەی ئیرادەی من بوون، بەڵام ئەمەش بەتەواوەتی وانەبوو. ئەو دیمەنانەی دەهاتنە بەرچاوم خەوێکی ئاسایی نەبوو؛ چونکە هێشتا خەوم لێ نەکەوتبوو.

من بێ دەنگ و ئارام؛ ئەم وێنانەم لەیەک جیادەکردەوە و لەگەڵ یەک هەڵمدەسەنگاندن، وا دەهاتە بەرچاوم کە هەتا ئەم کاتە؛ خۆم نەناسیوە. دونیا بەم شێوەیەی کە ئائێستا وێنام کردبوو؛ هێز و مانای خۆی لەدەست دابوو، لەجیاتی ئەو؛ تاریکی شەو فەرمانڕەوایەتی دەکرد، چونکە فێریان نەکردبووم، تەماشای شەو بکەم و خۆشم بوێت.

من نازانم ئایا لەو کاتەدا باسکم لەژێر فەرمانی خۆمدا بوو یان نا..! گومانم دەکرد ئەگەر دەستم لەژێر فەرمانی خۆیشم

با؛ بە هۆکارێکی نادیار و نەناسراو، خۆبەخۆ دەکەوتەکار و بەجووڵە؛ بۆ ئەوەی بتوانم؛ لە جووڵاندنیدا ڕۆڵێکم هەبێت.

ئەگەر هەمیشە ئاگاداری هەموو جەستەم نەبام و هۆشم لێی نەبیا؛ دەیتوانی کاری وا بکات کە لە چاوەڕوانی مندا نەبێت..! ئەو هەستەش لەدێر زەمانەوە لەمندا دروست ببوو؛ کە بە زیندوویی بەڕێتم..! نەک تەنها جەستەم، بەڵکو ڕۆحیشم هەمیشە لەگەڵ دڵمدا لە دوویەرەکانیدا بوون و پێکەوە نەدەسازان، هەمیشە جۆرە فەوتان و پوانێکی غەریبم ئەی دەکرد. جاری وا هەبوو بیرم لە شتی وا دەکردەوە؛ کە خۆشم نەمدەتوانی باوەڕ بکەم. هەندێک جار هەستی بەزەیی تیامدا سەری هەڵدەدا، لەکاتێکدا ئەقڵم سەرزەنشتی دەکردم. زۆر جار، کە لەگەڵ کەسێکدا قسەم دەکرد، یان کارێکم دەکرد، یان خۆم لە قسەوباسی جۆراوجۆر هەڵدەقورتاند؛ کەچی هۆشم لە جێگایەکی دیکە بوو، لە خەیاڵێکی دیکەدا بووم و لەدڵمدا سەرزەنشتی خۆمم دەکرد.

شتێک بووم لە حاڵی بزین و پواندا بووم، گوایا هەمیشە ئاوابووە و ئاوا دەبم، تێکەڵەیەکی ناسازی سەیر.... شتێکی تر کە سەخت بوو بۆم، هەستم دەکرد؛ لە هەموو ئەو خەڵکەی کە دەمبینین و لەنێوانیاندا دەژیام دوورم، بەڵام

وێنکچوونێکی بوور و نادیار و لەهەمان کاتیشدا نزیک، ملی بەوانەوە دەبەستەوە..!

هەر ئەو نیازە هاوبەشانەی ژیان بوون، کە لە سەرسوڕمانی منیان کەم دەکردەوە. وێنکچوونێک، کە پتر لە هەموویان ئازاری دەدام، ئەوە بوو: خوتریبەکانیش وەکو من لەم قەحبەیە، لە ژنەکەم، خۆشیان دەهات و ئەویش پتر مەیلی لەوان بوو، گومانم نییە، کە کەمایەسییەک لە بوونی یەکێک لە ئێمەدا هەبوو.

ناویم ناوە قەحبە، چونکە هیچ ناوێکی تری وا باش لێی نایەت، نامەوێ بڵێم: "خێزانم"، چونکە تایبەتمەندی ژن و مێردایەتی لەنێوانماندا نییە و درۆم لەگەڵ خۆم دەکرد، من هەمیشە هەر لە یەکێ ئەزەلەوە: ناومنا قەحبە، چونکە ئەم ناوە هێزێکی ڕاکێشەری تایبەتی هەبوو.

کە ئەوم خواست، لەبەر ئەوە بوو، کە لەپێشدا ئەو خۆی بۆ لای من هات، ئەویش مەکر و فروفێڵ بوو. نا، بە هیچ شێوەیەک منی خۆش نەدەویست، جا چۆن دەکرێ کەسێکی خۆش بوێت..؟ ژنێکی هەوەسباز، کە پیاوێکی بۆ هەوەس،

پیاوێکی بۆ ژوان و پیاوێکی بۆ ئەشکەنجە پێویست بوو، پێم وایە بەم سێ داتەیەش دابکەوتایە.

بەڵام بێ گومان منی بۆ ئەشکەنجەکە هەڵبژاردە بوو، لە ڕاستیدا باشتر لەمەیش نەیدەتوانی هەڵیبژێرێت، بەڵام من خواستم، چونکە لە دایکی دەچوو، چونکە وێکچوونێکی دوور و نادیاری لەگەڵ من هەبوو. ئێستا نەک هەر خۆشم دەویست، بەڵکو تەواوی گەردی لەشم داوای گەردی ئەویان دەکرد، بەتایبەت ناوگەڵم. من نامەوێت هەستی ڕاستی لەژێر پەردەی خەیاڵی خۆشەویستی و عەشقی خوداییدا بشارمەوە، چونکە هوزوارشنی* ئەندەبی لە زاری مندا تام نایەن. پێیم وا بوو، جۆرێک نرووشانەوە یا خەرمانە، وەک ئەو خەرمانەیەی لە دەوری سەری پێغەمبەرانە، لەنێوگەڵمدا شەپۆل ئەدات و هەڵبەتە خەرمانەی نەخۆش و داماویی من، داوای خەرمانەی نێوگەڵی ئەوی دەکرد و بەتەواوی هێزەوە ئەوی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا.

---

* هوزوارشن: پاراڤستنەوە، وشەی ئارامیی، لە بنەڕەتدا بەو وشە ئارامییانە دەوترێت کە هاتوونەتە ناو زمانی پەهلەوییەوە، ئەوانیش کاتێک لە کتێبەکانیاندا دەیاننووسن وەکو خۆی دەینووسن، بەڵام بە پەهلەوی دەیخوێننەوە، بۆ نموونە دەنووسن (مەلیک) بەڵام کە دەیخوێننەوە دەڵێن (شا). (و)

کە حاڵم بەرەو باشتر بوو؛ بڕیارم دا بڕۆم و خۆم ون بکەم، وەک سەگێکی گەڕ، کە دەزانن دەیانەوێ بمرن، وەک ئەو پەلانەی لە کاتی مردنیاندا خۆیان دەشارنەوە. بەیانی زوو هەستام، دوو کوولیچە لەسەر ڕەفەکە بوو، هەڵمگرت و وەها کە کەس پێم نەزانێت لە ماڵ هەڵهاتم؛ لە بەدبەختییەک، کە تووشم ببوو هەڵهاتم: بێ ئامانجێکی دیاریکراو بەنێو کۆڵانەکاندا، سەرگەردان بەنێو خوێڕییەکاندا؛ کە هەموویان تەماعکارانە بە دوای پارە و هەوەسدا ڕایاندەکرد، تێپەڕیم. من پێویستم بە بینینی ئەوان نەبوو، چونکە هەر یەکێکیان نوێنەری هەموویان بوو؛ هەموویان دەمێک بوون، کە چنگێ ڕیخۆڵەی پێوە بەسترابوو دەگەییە گێڕیان.

لەپڕ هەستم کرد: چالاکتر و کێشم سووکتر بووە، ماسوولکەکانی قاچم بەتوندوتۆڵییەکی تایبەتەوە، کە باوەڕم نەدەکرد؛ وەڕێ کەوتبوون. هەستم دەکرد لە هەموو کۆتوبەندەکانی ژیان ڕزگار بووم، شانم هەڵدەتەکاند؛ ئەمە جووڵەیەکی تایبەتی من بوو هەر لەسەردەمی منداڵییەوە هەر کات لەژێر باری ئەرک و زەحمەت و بەرپرسیارییەک ڕزگار دەبووم؛ ئاوهام دەکرد.

بەڵام خاک و گیای ئێرە بۆنێکی تایبەتییان هەبوو، بۆنێکی ئاوێتەی بەهێزبوو، کە بە هەڵمژینیان وەبیر ساڵەکانی منداڵیی خۆم دەکەوتمەوە، نەک تەنها جوڵەو وشەکانی ئەو سەردەمەیان هێنایەوە بیرم، بەڵکو بۆ ماوەیەک، ئەو سەردەمەم هەست پێ کرد، دەتگوت دوێنێ ڕووی دابوو، جۆرێک سەرەگێژەی خۆشم گرت، وەک ئەوەی ئێستان لە دونیایەکی ونبوودا لە دایک بووبێتمەوە، ئەم هەستە تایبەتمەندییەکی مەستکاری هەبوو، وەک کۆنە شەرابێکی شیرین، لە ڕەنگ و ڕیشەی مندا هەتا ناخی بوونم کاریگەریی خۆی دانا.

لە بیابان: دڕکەکان، بەردەکان، کۆتەرەکان و پنجکە کوڵەکانی کاکوتیم* دەناسییەوە، بۆنی خۆمانەی سەوزاییەکانم دەناسییەوە، کەوتمەوە یادی ڕۆژە دوورەکانی خۆم، بەڵام هەموو ئەم یادگارییانە بە چەشنێکی ئەفسووناوی لە من دوور کەوتبوونەوە و پێکەوە ژیانێکی سەربەخۆیان بۆ خۆیان دروست کردبوو، لەکاتێکدا من لە

* کاکوتی: گیایەکی بۆنخۆشە وەک جاترە، مامۆستا هەژار لە هەمبانە بۆرینەدا ناوەکەی بە (گیای مشک ئەرامشی) لە کوردیدا داناوە، کە ئەم ناوە Mishkatarelmashih هەر ناوە هیندییەکەیەتی. (و)

بەڵام خاک و گیای ئێرە بۆنێکی تایبەتییان هەبوو، بۆنێکی ئارەڵەدە بەهێزبوو، کە بە هەڵمژینیان وەبیر ساتەکانی منداڵیی خۆم دەکەوتمەوە، نەک تەنها جوڵەو وشەکانی ئەو سەردەمەیان هێنایەوە بیرم، بەڵکو بۆ ماوەیەک: ئەو سەردەمەم هەست پێ کرد، دەتگوت دوێنێ ڕووی دابوو. جۆرێک سەرەگێژەی خۆشم گرت، وەک ئەوەی دیسان لە دونیایەکی ونبوودا لە دایک بووبێتمەوە، ئەم هەستە تایبەتمەندییەکی مەستکاری هەبوو، وەک کۆنە شەرابێکی شیرین؛ لە ڕەنگ و ڕیشەی مندا هەتا ناخی بوونم کاریگەریی خۆی دادەنا.

لە بیابان؛ درکەکان، بەردەکان، کوتەرەکان و پنچکە کوڵەکانی کاکوتیم* دەناسییەوە، بۆنی خۆمانەی سەوزاییەکانم دەناسییەوە، کەوتمەوە یادی ڕۆژە دوورەکانی خۆم، بەڵام هەموو ئەم یادگارییانە بە چەشنێکی ئەفسووناوی لە من دوور کەوتبوونەوە و پێکەوە ژیانێکی سەربەخۆیان بۆ خۆیان دروست کردبوو. لەکاتێکدا من لە

* کاکوتی: گیایەکی بۆنخۆشە وەک جاترە، مامۆستا هەژار لە هەنبانە بۆرینەدا ناوەکەی بە (گیای ملسک تەرامشیح) لە کوردیدا داناوە، کە ناوی Mishkatarelmashih هەر ناوە هیندییەکەیەتی. (ن)

شاهیدێکی دوور و نەگبەت زیاتر؛ شتێکی تر نەبووم. هەستم دەکرد لەنێوان من و یادگارییەکانمدا؛ گەرداوێکی قووڵ دروست بووە، هەستم دەکرد ئەمڕۆ دڵم بەتاڵە و دەوەنەکان؛ عەنتەری جادوویی ئەو سەردەمەیان بزر کردووە، هەروەک چۆن دارسەرووەکان؛ لەیەکتر دوور کەوتبوونەوە و تەپۆڵکەکان وشک ببوون.

ئەو بوونەوەرەی کە ئەرکات بووم؛ ئیتر نەمابووم و ئەگەر بمهێنایە و قسەیشم لەگەڵ بکردایە نەیدەبیست و تێیم نەدەگەیشت، ئەو بوونەوەرە ڕووخساری کەسێکی هەبوو، کە زوو ئاشنایم لەگەڵی هەبوو‌بێت؛ بەڵام لە من و هی من نەبوو.

دونیا لەپێش چاوم؛ وەکو ماڵێکی چۆڵ و غەمگینی لێهات و لەسینگمدا دڵەکوتێ دەستی پێ کردبوو. وەک ئەوەی ئێستا ناچار بووم بە پێخاوسی؛ سەر بە هەموو ژوورەکانی ئەو ماڵەدا بکەم؛ بەو ژوورانەدا ڕادەبووردم، کە بەتەنیشت یەکترەوە دروستکرابوون؛ بەڵام وەختێ بە ژووری کۆتایی، ژووری ئەو قەحبەیە دەگەیشتم؛ هەموو دەرگاکان لەدوامەوە خۆیەخۆ دادەخران و تەنها سێبەری لەرزۆکی ئەو دیوارە بێ گۆشانە؛ وەک کەنیزەک و غولامی ڕەشپێست بەدەورمدا هەڵدەخولان و پاسەوانییان دەکردم.

که گەیشتمە نزیک ڕووباری سورەن؛ لەبەردەممدا شاخێکی وشک و ڕووتەن دەرکەوت، هەیکەلی وشک و پتەوی شاخ؛ منی وە بیر دایەنەکەم خستەوە، نازانم چ پەیوەندییەکیان پێکەوە هەبوو. بە پەنا شاخەکەدا تێپەڕیم، گەیشتمە جێگایەکی خۆش و بچووک، کە ئەوقاونەوقی شاخەکەی دابوو؛ عەردەکەی بە پنچکی نیلۆفەری شین داپۆشرابوو، لەسەر چیاکە قەڵایەکی بەرز دەبینرا؛ کە بە خشتی قورس دروست کرابوو.

لەم کاتەدا هەستم بە ماندوویی کرد؛ چوومە کەنار چەمی سورەن لەژێر سایەی دارسەروویەکی پیردا لەسەر لمەکان دانیشتم، جێیەکی چۆڵوهۆڵ بوو، وا دەهاتە بەرچاو، کە تا ئێستا کەس پێی تێ نەخستووە. یەکڕا بینیم لەپشت دارسەرووەکانەوە؛ کیژۆڵەیەک هاتە دەرەوە و چوو بۆ قەڵاکە، کراسێکی ڕەشی لەبەردا بوو، کە بە تانوپۆیەکی زۆر ناسک و سووک، وەک ئەوەی بە ئاوریشم چنرابێت، هەروا کە نینۆکی دەستی چەپی دەجووی و بەئازادی و بێ سەرنجدان دەخزاو دەڕۆیشت. دەتگوت من ئەوم دیوەو دەیناسم، بەڵام لەو مەودا دوورەوە و لەژێر تیشکی خۆردا؛ نەمتوانی بزانم چۆن لەپڕ ون بوو.

لە جێگای خۆم وشک ببووم؛ بێ ئەوەی بتوانم بچووکترین جووڵە بکەم، بەڵام ئەم جارە بە هەردوو چاوی خۆم بینیم! کە لەبەردەممەوە تێپەڕی و ون بوو. ئایا ئەو بوونەوەرێکی ڕاستەقینە بوو..؟ یان وەهمێک..؟ ئایا خەونم دیبوو..؟ یان لە بێداریدا بوو..؟ هەرچی هەوڵم دەدا یادم بێتەوە؛ بێهوودە بوو، هەستم بە بڕووسکەیەکی تایبەتی کرد، کە بە تیرەی پشتمدا هات، وا هاتە بەرچاوم: کە لەو سەعاتەدا هەموو سێبەرەکانی قەڵای سەر شاخ؛ گیانیان گرتووە و ئەو کیژۆڵەیەش یەکێک لە دانیشتوانی پێشووی شاری کۆنی (ڕەی) بووە.

لەپڕ ئەو دیمەنەی کە لەبەردەممدا بوو؛ ئاشنا هاتە بەرچاوم؛ ڕۆژێکی سیانزەی نەورۆزم بەبیر هاتەوە، کە بە منداڵی هاتبووین بۆ ئێرە! من و دایکی ژنەکەم و ئەو قەحبەیەش بووین. تای ئێمە ئەو ڕۆژە چەندێک لە پشت ئەم دارسەرووانەوە یەکترمان ڕاونا و چەندێک یاریمان کرد..! دوایی کۆمەڵێک منداڵی تر هاتن؛ باشم لە بیر نییە. چاوشارکێمان دەکرد: من بەدوای ئەو قەحبەیەدا ڕامکرد، نزیک هەمان ئەم ڕووباری سورەنە بوو، کە ئەو پێی خزی و کەوتە ئاوەکەوە. دەریانهێنایەوە و بردیان لە پشت دارسەروویەکەوە جلەکانی بگۆڕن، منیش دوایان کەوتم·

چارشێوێکیان لەبەردا ڕاگرت؛ بەڵام من لە پشت دارێکەوە بەدزییەوە تەواوی لەشیم بینی، ئەو پێدەکەنی و پەنجەی دزێشاوەزەی دەستی چەپی دەجووی، ئەمرا باشێل{کوڵوانەیەکی} سپییان پێدادا و کراسە ڕەشە ئاوریشمییەکەی -کە بەئانوپۆی ئاسک چنرابوو- لەبەر بەتاوەکە هەڵیانخست.

سەرئەنجام لەژێر ئەو دارسەرووە پیرەدا هەر لەسەر لمەکان درێژ بووم، خورەی ئاو؛ وەک سرتە سرت و قسەی تێکەڵ و پێکەڵ، کە لە دونیای خەوندا دەوترێت، دەهاتە گوێم. دەستەکانم بێ ویستی خۆم لە لمی گەرم و شێدار نا، لمی گەرم و شێدارم لەمستمدا دەگوشی؛ وەک گۆشتی لووسی کچێک بوو، کە کەوتبێتە ئاوەوەو جلەکانیان گۆڕیبێت.

نازانم چەند تێپەڕی؛ کاتێک لەسەر جێیەکەم هەستام؛ لەخۆمەوە بەڕێ کەوتم، هەموو جێگایەک ئارام و بێدەنگ بوو، من دەڕۆیشتم؛ بەڵام دەوروبەری خۆمم نەدەدی. هێزێک لەسەرو ویستی منەوە؛ منی ناچار بە ڕۆیشتن دەکرد، هەموو هۆشم بەلای هەنگاوەکانمەوە بوو. من بەڕێدا نەدەڕۆیشتم؛ بەڵکو وەک ئەو کیژۆڵە ڕەشپۆشە لەسەر پێی دەخزیم و

تێدەپەڕیم. هەر کە بەخۆمدا هاتمەوە؛ دیتم لە شار و لەبەر
ماڵی باوکی ژنەکەمم، نازانم بۆ ڕێم کەوتبووە ماڵی ئەوان.!

براچکۆلەی ژنەکەم لەسەر سەکۆکەی بەردەرگاکەیان
دانیشتبوو؛ لەگەڵ خوشکەکەیدا دەنگوت سێوێکن و کراون
بە دوو لەتەوە، گەنمڕەنگ، چاوی کەچی تورکمانی، کوڵمی
خڕ، لووتێکی سێکسی، ڕووخسارێکی کز و جوانی هەبوو.
هەروا کە دانیشتبوو، پەنجەی دۆشاومژەی لە زار نابوو، من
لەخۆمەوە لێی چوومە پێشێ و لەگیرفانمدا کولیچەکانم
دەرهێناو دامێ، وتم: "ئەمە شاگیان بۆی ناردووی"، چونکە
لەبری دایکی خۆی بە ژنەکەمی دەگوت: شاگیان.

بەگومانەوە کولیچەکانی بەدەستییەوە گرتبوو، بە چاوە
تورکمانییەکانی بەشێوەیەکی سەیر تێیدەڕوانی. من لەسەر
سەکۆی ماڵەکەیان دانیشتم و ئەوم خستە کۆشمەوە و
نوساندم بەخۆمەوە.

لەشی گەرم و پووزەکانی لە پووزی ژنەکەم دەچوو، هەمان
پەرتی ساکاری ئەوی هەبوو، لێوەکانی وەکو لێوەکانی باوکی
بوون؛ بەڵام ئەوەی کە لەلای باوکی بۆ من جێی بێزاری بوو،
بەپێچەوانەوە لەودا بۆ من کەمەندکێش بوو، لێوە

تێیەپەڕیم. هەر کە بەخۆمدا هاتمەوە؛ دیتم لە شار و لەبەر ماڵی باوکی ژنەکەمم، نازانم بۆ ڕێم کەوتبووە ماڵی ئەوان..!

براچکۆلەی ژنەکەم لەسەر سەکۆکەی بەردەرگاکەیان دانیشتبوو؛ لەگەڵ خوشکەکەیدا دەتگوت سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە، گەنمڕەنگ، چاوی کەچی تورکمانی، کوڵمی خڕ، لووتێکی سێکسی، ڕووخسارێکی کز و جوانی هەبوو. هەروا کە دانیشتبوو، پەنجەی دۆشاوەمژەی لە زار نابوو، من لەخۆمەوە لێی چوومە پێشێ و لەگیرفانمدا کولیچەکانم دەرهێنا و دامێ، وتم: "ئەمە شاگیان بۆی ناردووی"، چونکە لەبری دلیکی خۆی بە ژنەکەمی دەگوت: شاگیان.

بەگومانەوە کولیچەکانی بەدەستییەوە گرتبوو، بە چاوە تورکمانییەکانی بەشێوەیەکی سەیر تێیدەڕوانی. من لەسەر سەکۆی ماڵەکەیان دانیشتم و ئەوم خستە کۆشمەوە و نوساندم بەخۆمەوە.

لەشی گەرم و پووزەکانی لە پووزی ژنەکەم دەچوو؛ هەمان بەرتی ساکاری ئەوی هەبوو، لێوەکانی وەکو لێوەکانی باوکی بوون؛ بەڵام ئەوەی کە لەلای باوکی بۆ من جێی بێزاری بوو؛ بەپێچەوانەوە لەودا بۆ من کەمەندکێش بوو، لێوە

نیوەکراوەکانی وەک ئەوە وا بوو تازە لە ماچێکی گەرم و درێژ هەڵگیرابێت. دەمی نیوەکراوەیم ماچ کرد، کە وەک دەمی ژنەکم وابوو، لێوەکانی تامی قنچکە خەیاریان دەدا، تاڵ و تفت بوون، ڕەنگە لێوەکانی ئەو قەحبەیەش هەر ئەم تامەی هەبێ..!

لەو کاتەدا بینیم باوکی؛ ئەو پیرەمێردە قەمبوورەی شاڵگەردنێکی بەستبوو، لە دەرگایماڵەوە هاتە دەرەوە، بێ ئەوەی چاوم لێ بکات تێپەڕی؛ پچڕپچڕ پێدەکەنی؛ پێکەنینێکی ترسناک بوو، کە مووی بوونیامی گرژ دەکرد، شانەکانی لەبەر پێکەنین؛ دەلەریسنەوە. من لە شەرمان؛ دەمویست بە ناخی عەردا بچمە خوارێ.

دەمەو ئێوارە بوو، هەستام وەک ئەوەی بڵێی: دەمویست لە خۆم رابکەم، لەخۆمەوە بەرەو ماڵ ڕۆیشتمەوە، هیچ کەس و هیچ شتێکم نەدەدی، پێم وابوو کە بەنێو شارێکی نەناسراودا دەڕۆم. خانووە سەیرو سەمەرەکان بەشێوە ئەندازە نامۆکانیانەوە؛ دابڕدابڕ، بە پەنجەرەی تەریک و ڕەشەوە لە دەوریم بوون، وەک ئەوە وا بوو کە هەرگیز هیچ بوونەوەرێک نەتوانێت تێیاندا بژی، بەڵام دیوارە سپیکراوەکانیان بە ڕووناکییەکی کز دەدرەوشانەوە.

ئەوەی کە سەیر بوو، ئەوەی کە نەمدەتوانی باوەڕ بکەم ئەوە بوو؛ لەبەرانبەر هەر کام لەم دیوارانە ڕادەوەستام؛ لەبەر تیشکی مانگدا سێبەری خەست و گەورەم؛ دەکەوتە سەر دیوارەکە، بەڵام سێبەرەکەم سەری نەبوو..! بیستبووشم؛ ئەگەر سێبەری کەسێک سەری نەبێ؛ هەتا سەری ساڵ دەمرێ.

پەشۆکاو و هەراسان خۆم کرد بە ماڵدا و پەنام بردە بەر ژوورەکەم، ڕێک لەم کاتەدا خوێن لە لووتم هات و دوای ئەوەی خوێنێکی زۆرم لەبەر ڕۆیی؛ بێهۆش کەوتمە سەر جێگاکەم، دایەنەکم خەریک بوو پێم ڕادەگەیشت.

پێش ئەوەی بخەوم؛ لە ئاوێنەکەدا تەماشای خۆمم کرد؛ دیتم ڕووخسارم تێکشکاوە، ون و بێ ڕۆح بووە، ئەوەندە ون ببوو، کە خۆم نەمدەناسییەوە. چوومە نێو پێخەفەکەم و لێفەکەم دا بەسەر خۆمدا، لێفەکەم کێشا و ڕووم لە دیوارەکە کرد، قاچەکانم کۆکردەوە، چاوەکانم لێکنا و شوێن خەیاڵەکانم کەوتم، خەیاڵەکانم؛ ئەو تەنیا تاڵانەی کە چارەنووسی تاریک، غەمگین، ترسناک و پڕ لەچێژ و خۆشی منیان پێک دەهێنا.

لەو جێگایەی ژیان لەگەڵ مەرگ ئاوێتە دەبێت و گەلێک وێنەی نامۆ پێک دەهێنێ؛ ئارەزووە کوژراوە کۆنەکان، ئارەزووە خنکاو و ونبووەکان؛ سەرلەنوێ زیندوو دەبنەوە و هاواری تۆڵەی بەرز دەکەنەوە. لەم کاتەدا؛ لە سروشت و دونیای پواڵەتیی دادەبڕام و ئامادەبووم؛ کە لە ڕەوتێکی هەناهەتاییدا ون ببم و نەمێنم. چەند جارێک لەبەر خۆمەوە بە سرتە گوتم: "مەرگ.. مەرگ.. لە کوێی..؟" ئەمە تۆخزێنێکی دامێ و چاوەکانم لێکنا.

کە چاوەکانم لێکنران؛ دیتم لە مەیدانی (محەمەدییە)م؛ دارێکی بەرزیان چەقاندبوو؛ پیرەمێردەی قەمبووری خرتکەوپرتکەفرۆشی بەر ژوورەکەی منیان لەدار دابوو؛ چەند داروغەیەکی مەست لەژێر سێدارەکەدا شەرابیان دەخواردەوە؛ دایکی ژنەکەم سوور هەڵگەڕاو؛ -بە ڕووخسارێک، کە لەکاتی تووڕەیی ژنەکەمدا ئێستا دەیبینم؛ هەروا کە لێوی دەڵەرزێ و چاوەکانی زەق دەبنەوە- دەستی منی ڕاکێشا، بەنێو خەڵکەکەدا دەیبردم و نیشانی جەلادەکەی دەدام؛ کە جلێکی سووری لەبەر کردبوو؛ دەیگوت: "ئەمەش لەدار بدەن..."

من لەترساندا ڕاچڵەکیم؛ وەک زۆپا دەسووتام، لەشم شەڵاڵی عارەقە ببوو؛ گڕی سووتێنەری سەر ڕووومەتم بڵێسەی دەدا.

بۆ ئەوەی خۆم لەدەست ئەو مۆتەکەیە ڕزگار بکەم، هەستام و ئاوم خواردەوە و هەندێکیشم بە سەرو ڕوومدا پڕژاند، ڕاکشامەوە، بەڵام خەوم لێ نەکەوت.

لە تاریک و ڕوونەی ژوورەکەدا: ڕوانییەوە گۆزەی سەر ڕەفەکە، پێم وابوو: هەتا ئەو کاتەی گۆزەکە لەسەر ڕەفەکە بێت، من خەوم لێ ناکەوێت. جۆرێک ترسی بێ جێم تێدا دروست ببوو: کە گۆزەکە دەکەوێ. هەستام جێی گۆزەکە قایم بکەم، بەڵام بەهۆی هاندەرێکی نەزانراوەوە، کە خۆم لێی تێنەگەیشتم: بە ئەنقەست دەستم بەر گۆزەکە کەوت، گۆزە کەوتە خوارەوە و شکا. سەرئەنجام پێڵوەکانم ویکنان، بەڵام وا بەخەیاڵمدا هات: کە دایەنەکەم هەستاوە و سەیری من دەکات، لەژێر لێفەکەوە مشتەکام گرمۆڵە کردبوو، بەڵام هیچ ڕووداوێکی ئەوتۆ ڕووی نەدا، لە دۆخێکی بێهۆشیدا: دەنگی کرانەوەی دەرگای دەرەوەم ژنەفت، خشەی پێی دایەنەکەم بیست، کە نەعلەکانی لە عەرزەکە دەخشا و دەچوو نان و پەنیر بکڕێت، ئەمڕا دەنگی فرۆشیارێک لەدوورەوە هات، کە دەیگوت: "سەفرایڕە شاتووو...".

نا، ژیانی ئاسایی؛ ماندووکارانە دەستی پێ کردبووەوە، ڕووناکی بەرەبەرە زیاد دەبوو، کە چاوەکانم کردەوە؛

پەڵەیەک ڕووناکی لە ڕەنگدانەوەی هەتاوی سەر ناوی حەوزەکە؛ لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە کەوتبووە سەر میچەکە، دەلەرییەوە.

پێم وابوو خەونی دوێنێ شەو؛ ئەوەندە سڕاوەتەوە و هێندە دوورکەوتۆتەوە وەک ئەوەی کە چەندین ساڵ پێش ئێستا؛ کاتێک کە منداڵ بووم، دیتبێتم. دایەنەکەم بەرچایی منی هێنا، وەک ئەوە وابوو؛ دەموچاوی کەوتبێتە سەر ئاوێنەیەکی لێڵ؛ ئەوەندە لاواز و درێژ هاتە بەرچاوم، شێوەیەکی زۆر سەمەرەی پێکەنیناوی لێ دەرکەوتبوو، دەتگوت؛ شتێکی قورس دەموچاوی بۆ خوارەوە کێشاندووە.

نەنەخان سەرەڕای ئەوەی دەیزانی دوکەڵی قلیان{نێرگەلە} بۆ من خراپە، کەچی هەر لە ژوورەکەی مندا قلیانی دەکێشا. هەتا قلیانی نەکێشابا کەیفی ساز نەدەبوو، ئینجا ئەوەندە باسی خۆیان، باسی بووک و کوڕەکەی بۆ کردبووم، منیشی بەشدار کردبوو لەو چێژە هەوەسبازانەی خۆی؛ چەند گەمژانەیە..! جاری وا هەبوو لەخۆڕا بیرم لە کەسوکاری دایەنەکەم دەکردەوە، بەڵام نازانم بۆ هەرچەشنە ژیان و خۆشییەکی ئەوانی تر دڵی ئێک هەڵدەدام، لەکاتێکدا؛

دەمزانی ژیانی من تەواوبووە و بەشێوەیەکی ئازاراوی و ئارام دەکوژێتەوە.

چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەبوو، کە سەرنج بدەمە ژیانی گەمژە و خوێڕییەکان..؟ هەتا ساغ بوون، باش دەیانخوارد، باش دەخەوتن و باش دەپەڕین و هەرگیز هەستیان بە ئازارەکانی من نەکردبوو، ئاخر بۆ یەک دەقیقەش باڵەکانی مەرگ، خۆی لە سەروڕوویان هەڵنەسووبوو.

ئەنەخان وەک منداڵ لەگەڵم دەجوڵایەوە، دەیویست هەموو جێیەکی من ببینن. من هێشتا شەرمم لە ژنەکەم دەکرد، کە دەهاتە ژوور، لەگەنەکەم کە بەڵقەمتن کردبوو داەپۆشی، سەرو ڕیشم دادەهێنا، کڵاوی شەوەکەم ڕێکوپێک دەکرد، کەچی لەبەردەم دایەنەکەمدا هیچ شەرمم نەدەکرد، نازانم {دایەنەکەم} ئەو ژنەی کە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نەبوو، بۆ هێندە خۆی لە ژیانی من هەڵقورتاندبوو..؟

یادمە هەر لەو ژوورەدا، زستانان لەسەر عەمبارەکە کورسییان دادەنا، من و دایەنەکەم و ئەو قەحبەیە لە دەوری کورسییەکان دەخەوتین. تاریک و ڕوونە چاوم دەکردەوە، نەخشی سەر پەردە بەگوڵچنراوەکەی کە بەدەرگاکەوە

هەڵواسرابوو: لەبەرچاوم گیانی دەگرت، چ پەردەیەکی سەیر و ترسناک بوو..؟

لەسەر ڕووی پەردەکە: پیرەمێردێکی قەمبوور وەک مەهاراتا هیندییەکان: مێزەرێکی بەستبوو بەسەرییەوە، لەژێر درەختێکی سەرووردا دانیشتبوو، سازێکی وەک سیتاری بە دەستەوە بوو، کچێکی گەنجی جوانیش وەک بوکام داسی، سەماکەری بتخانەکانی هیند: دەستەکانیان زنجیر کرابوو، وەک ئەوەی ناچار کرابێت لەبەردەم پیرەمێردەکەدا سەما بکات..!

لە دڵی خۆمدا گوتم: ڕەنگە ئەم پیرەمێردەشیان لەگەڵ ماری کوبرا لە سیاچاڵدا حەپس کردبێت: بۆیە مووی سەر و ڕیشی وەها سپی بووە. پەردەکە: لەو پەردە زێرچنە هیندییانە بوو، کە لەوانەیە باوکم یا مامم لە دوورەوڵاتەوە ناردبێتیانەوە، کە پتر لەو وێنەیە ورد دەبوومەوە: دەترسام، دایەنەکەم خەوڵوووانە هەڵدەسانە، ئەو بە هەناسەی بۆگەن و پرچی ڕەشی زبری کە لە سەرو ڕووی هەڵدەسووم: منی بە خۆیەوە دەنووساند، بەیانی کە چاوم کردەوە ئەوم ڕێک ئاوا هاتە بەرچاو، تەنها خەتەکانی پێستی دەموچاوی قووڵتر و چڕتر ببوون:

زۆرجار بۆ لەبیرکردن، بۆ ڕاکردن لە خۆم، یۆڤالی منداڵیی خۆمم وەبیرخۆ دەهێناوە؛ بۆ ئەوەی خۆم لە دۆخی بەر لەنەخۆشیدا هەست پێ بکەم. هێشتا هەستم دەکرد، کە منداڵم و بۆ مەرگم، بۆ نەمانم، هەناسەی دووەم هەبوو؛ کە بەزەیی پێمدا دەهاتەوە؛ بەزەیی بە حاڵی ئەم منداڵەدا دەهاتەوە، کە دەمرێ.

لە ساڵە پڕ لە سامەکانی ژیانی خۆمدا؛ هەر کە ڕووخساری ئارامی دایەنەکەم، ڕووخساری ڕەنگپەڕیوی؛ چاوە بێجوڵە و بەقووڵدادچووەکانی، پەرە ناسکەکانی لووتی، نێوچەوانی نێسقانیی و پانی ئەوم دەدیت؛ یادگارییەکانی ئەو سەردەمەم بیر دەکەوتەوە، دەتوت کزمەڵێ شەپۆلی ڕازئامێز لەوەوە دەردەچن؛ کە من ئارام دەکاتەوە. خاڵێکی گۆشتیی لەسەر لاجانگی بوو؛ مووی لێ دەرهاتبوو، وەک بڵێی ئەمڕۆ یەکەم جارە ئەو خاڵە ببینم، پێشتر کە تەماشام دەکرد؛ ئاوها لێی ورد نەدەبوومەوە. ئەگەرچی نەنەخان بە ڕواڵەت گۆڕابوو؛ بەڵام ئەقڵی هەر وەک خۆی بوو، تەنها ئەوەبوو؛ پتر لە مەرگ دەترسا و زۆرتر هۆگری ژیان ببوو؛ وەک ئەو مێشانەی کە سەرەتای پاییزان پەنا بۆ ژوورەوە دەهێنن.

دونیـــای ئاســـایی؛ گەشـــتم دەکـــرد و دەگەڕام، خەیـــاڵ و ئەندێشەکانم لە بەندی قورسی و سەنگی شتە زەمینییەکان ئازاد دەبوون و بەرەو ئاسمانێکی ئارام و بێ دەنـگ دەفڕین، وەک ئەوەی منیان لەسەر باڵی شەمشەمەکوێرەیەکی زێڕین داتابێت؛ لە دونیایەکی بۆش و دڕەوشاوەدا، تووشـی هیچ ئاســتەنگییەک نەدەبــووم و بۆخــۆم دەگەڕام. هێنــدە ئەم هەستە قووڵ و پڕچێژ بوو، کە بۆ مـن؛ لە مەرگیش خۆشتر بوو.

کە لەسەر مەقەڵییەکە هەستام؛ چوومە بەر دەلاقەی ڕوو بە حەسار، دیتم دایەتەکەم لەبەر هەتاو دانیشتبوو؛ سەوزەی پاک دەکرد، گوێم لێ بوو، بە بووکەکەی دەگوت: "هەمووومان گیانمان دەرچوو بەدەستییە! خۆزگە خودا بیکوشتایە و نەجاتی بدایە!" گوایە حەکیمەکە بەواتی وتبوو: کە من چاک نابمەوە، بەڵام من هیچ پێم سەیر نەبوو، ئەم خەڵکە چەند گەمژەن..! هەر کە سەعاتێک دواتر خواردنی بۆ هێنام؛ چاوەکانی سوور بووبوونەوە و لەبەر گریانی زۆر هەڵئاوسابوون، بەڵام لەبەرچاوی مندا؛ بە زۆر بزەی دەخستە سەر لێوی. لەبەرانبەر مندا تەمسیلیان دەکرد، ئەویش چ ناشی و نەشارەزایانە..! وایاندەزانی من هەستی پێ ناکەم.

بەڵام بۆچی ئەو ژنە منی خۆش دەویست..؟ بۆچی خۆی بە هاوبەشی ئازارەکانی من دەزانی..؟ ڕۆژێ لە ڕۆژان؛ پارەیان دابوویە و مەمکە چرچە ڕەشەکانی وەک دۆڵچە ئاخنیبووە زارمەوە. بریا خۆزە لە مەمکی بدایە، ئێستا کە مەمکەکانیم دەدیت، بیژم لەوە دەکردەوە؛ کە ئەوکاتە بەئاسەوە شیلەی ژیانی ئەوم مژیوە و گەرمای لەشمان چۆنە نێو یەکترەوە. ئەو دەستی لە تەواوی جەستەم دەدا و هەر لەبەر ئەوەش بوو بە ئازایەتییەکی تایبەتەوە، کە لەوانەیە ژنێکی بێ مێرد هەیبێ؛ لەگەڵ من دەجووڵایەوە. وەک جارانی منداڵی سەیری منی دەکرد، چونکە سەردەمانێک لەسەر چاڵێک ڕایداشتبووم، کێ دەزانێ لەوانەیە منیشی لەخۆی نابێت؛ وەک دەستەخوشکێک، کە ژنان بۆ خۆیانی هەڵدەبژێرن.

ئێستاش بە چ وریاییەکەوە منی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد، بە قسەی خۆی؛ تەروشکی دەکردم..! ئەگەر ژنەکەم، ئەو قەحبەیە بە من ڕاگەیشتبا، من قەت ڕێگەم بە ئەنەخان نەدەدا، چونکە لای خۆم وام دادەنا؛ کە بازنەی بیر و هەستی جوانی ژنەکەم پتر لە دایەنەکەم فراوانتر بوو، یان ئەوە تەنها شەهوەت بوو؛ کە شەرم و حەیایەکی ئاوهای لەمندا پێک هێنابوو، لەبەر ئەوە لە لای دایەنەکەم کەمتر شەرمم دەکرد و تەنها ئەویش بوو، کە بە من ڕادەگەیشت.

هەڵبەت دایەنەکەم لەسەر ئەو بڕوایە بوو؛ کە چارەنووس
وابووە، ئەستێرەکەم ئەوە بووە ئیتر، سەرەڕای ئەوەش: ئەو
لە تەنگوشی من بەدکەڵکیی وەردەگرت و هەموو دەردی دڵی
خۆی و باسی نێومماڵەکەی؛ خۆشییەکانیان: شەڕ و
ئاژاوەکانیان، هەروەها لەبارەی بۆنە ساویلکە و ژیریی و
سەرسوڵکەرەکەی خۆیشییەوە بۆ من دەیرێنا. باسی ئەوەی
دەکرد، چەندێک لە بووکەکەی پڕە، دەتگوت هەوێنیەتی و
خۆشەویستی و هەوەسی کوڕەکەی لەو دزیوە، بە چ ڕقێکەوە
دەیگێراوە..! دەبێ بووکەکەی جوان بێت، من لە دەلاقەی
پێوو بەحەسارا بینیومە، چاوەکانی قاوەیی، پرچی کاڵ و
لووتێکی بچووک و قەڵەمی هەیە.

هەندێک جار دایەنەکەم باسی پەرجووی پێغەمبەرانی بۆ
دەکردم، بە خەیاڵی خۆی دەیویست بەم جۆرە دڵخۆشیم
بداتەوە، بەڵام من ئیرەییم بەو عەقڵە بچووکەی و بە
گەوجێتییەکەی دەبرد. جاری وا هەبوو قیتنەیی دەکرد،
بۆنموونە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر وتی کچەکەم-یانی ئەو
قەحبەیە- لە کاتێکی باشدا کراسی قیامەت* بۆ منداڵەکەی

* کراسی قیامەت: پاش ئەوەی منداڵ لەدایک دەبێت، دوای شۆردنی
پارچەیەک خامی سپی تێوەدەپێچن کە دەبێتە ئەو ڕۆژێک پێویستی بێت، بەوە

دەدوورێ؛ بۆ منداڵی خۆی. دواییش وەک ئەوەی کە ئەویش بزانێت؛ ئینجا دڵخۆشی دەدامەوە.

جارجارە دەچێ لای دەروێشراوسێ دەواودەرمانم بۆ دێنێ، دەچێتە لای دووعانووس و جادووگەر و فاڵگرەوە؛ کتێبم بۆ دەگرێتەوە و سەبارەت بە من راوێژیان پێ دەکات. چوارشەممەی ئاخری ساڵ چووبووە شەمۆڵە* و قاپێکی هێنابوو؛ پیاز و برنج و رۆنی بۆگەنی تێدابوو؛ وتی ئەوانەی بە نییەتی چاکبوونەوەی من سواڵ کردووە، ئینجا هەموو ئەو گەندوگوانەشی بەدزییەوە دەرخواردی من دەدا. ئاویەناویش

---

دەبڕێت کراسی قیامەت؛ پاش ٢٤ سەعات لێی دەکرێتەوە و قوتابانە دەکرێت. (و)

* شەمۆڵە؛ ژنان لە شەوی چوارشەممە سووریدا نیازێک دەخەنە دڵیانەوە و لەسەر رێگاکاندا دەوەستن؛ ئەوجا قسەی یەکەم رێبوار کە بەوێدا تێدەپەڕێت وەک وەڵامی نیازەکەی خۆیان لێکدەدەنەوە و هەندێ جار بۆ نیازەکەیان گەدایش لەو رێبوارانە دەکەن، گوایا بەمە نیازیان جێبەجێ دەبێت -وەک لەم رۆمانەدا هاتووە-، هەروەها (چوارشەممە سووری)یش- بریتییە لە دوا چوارشەممەی مانگی رەشەمێ، کە دەکاتە ئێوارەی ئەوروز -ی ٣ی هەموو ساڵێک، ئەمە ئەریتێکی زەردەشتییە و بەبۆنەی نوێبوونەوەی ساڵەوە ئەو ئێوارەیە ئاگر دەکرێتەوە و خەڵک ئاهەنگ دەگێڕن بۆ ماوەی سبەینێ رۆژ؛ کە لە ووڵاتانی کوردستان و ئێران بە سبەینێ بەهەر ناسراوە و تائێستاش بەڕێوە دەکرێت. (و)

گیاوگوڵە کوڵاوەکانی حەکیمی دەکردە بەسکمدا، هەر ئەو شتە بێتامانەی کە بۆی نووسیبووم؛ زووفا، عەرەقی سووسە، کافوور، پەڕی سیاوەیش، بەیبوون، ڕۆنی قاز، تۆوی کەتان، تۆوی سنەوبەر، نیشاستە، خۆڵوشیر و هەزار شتی قۆڕی تر...

چەند ڕۆژێک لەمەوپێش؛ کتێبێکی دووعای بۆ هێنابووم، کە بستێک تۆزی لەسەر نیشتبوو، نەک تەنها کتێبی دوعا، بەڵکو هیچ چەشنە کتێب و نووسراو و بیروباوەڕێکی خوێرییەکان بەدەردی منی نەدەخوارد، چ پێویستێکم بە درۆودەلەسەی ئەوان هەبوو..؟ ئایا من خۆم ئەنجامی زنجیرەیەک لە نەوەکانی ڕابردوو نەبووم و ئەزموونی بەمیراتبراویان لەمندا نەمابوو..؟ ئایا ڕابردوو لە خودی مندا نەبوو..؟ بەڵام هیچ کاتێک؛ نە مزگەوت و نە بانگ و نە دەستنوێژ و کخە و تفڕۆکردن و سووژدە و هەستانەوە لەبەرانبەر قودرەتی قادر و خاوەن دەسەڵاتی ڕەها، کە دەبێ بە زمانی عەرەبی لەگەڵیدا بدوێیت؛ کاری نەکردۆتە من، ئەگەرچی پێشتر؛ کاتێک ساغ بووم چەند جارێک بەزۆر چوومە مزگەوت و هەوڵم دەدا دڵم لەگەڵ خەڵکی دیکە هاوئاهەنگ بکەم، بەڵام چاوم لەسەر کاشییە شین و دیوارە پڕ نەخشو نیگارەکانی مزگەوت دەگەڕا و منیان بەرەو

خەونی خۆش دەبرد، ئیدی بەهۆی ئەوەوە ڕێگای خۆدزینەوەم دەدۆزییەوە. لەکاتی دووعاکردندا چاوەکانی خۆم دادەخست و بەری دەستم لەبەرچاوم ڕادەگرت؛ لەوەها شەوێکدا، کە بۆ خۆمم دروست دەکرد؛ وەک ئەو وشانەی بە بێ بیرکردنەوە لەخەودا دووپاتی دەکەنەوە، من ئاوا دووعام دەکرد، بەڵام وتنی ئەم وشانە لە قووڵایی دڵەوە نەبوو، چونکە من زیاتر پێم خۆش بوو؛ لەگەڵ کەسێکی دۆست یان ئاشنا قسە بکەم هەتا لەگەڵ خودا، لەگەڵ قودرەتی قادر..! ئاخر خودا لە سەری من زیاد بوو.

کاتێک لە جێگەیەکی گەرم و شێدارا کەوتبووم؛ تەواوی ئەم بابەتانە بە قەد سەرە دەرزییەک بۆ من بایەخیان نەبوو، لەم کاتەدا نەمدەویست بزانم بەڕاستی خودایەک هەیە، یان ئەوە تەنها وێنەی دەسەڵاتدارانی سەر زەوییە، کە بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی خودایانەی خۆیان و ڕووتاندنەوەی ڕەعییەتەکانیان دروستیان کردووە..؟ بەڵکو تەنها دەمویست بزانم ئەمشەو دەگەیەنمە بەیانی یان نا..؟ هەستم دەکرد لە ئاست مەرگدا؛ ئایین و ئیمان و باوەڕ، چەند سست و منداڵانەن و لایەنی کەم؛ جۆرە ڕابواردنێکن بۆ کەسانی ساغ و بەختەوەر..!

لە ئاسـت حەقیقەتـی بە سـامی مەرگ و ئەو دۆخە ناڵەبارانەی کە تەیم دەکرد؛ ئەوەی لەسەر پاداشت و سزای ڕۆح، ئەوەی لەسەر ڕۆژی قیامەت بە منیان وتبوو؛ فریوێکی بێتام بوو؛ ئەو دووعایانەی فێریان کردبووم، لەبەرانبەر ترس لەمەرگدا؛ هیچیان کاریگەرییان نەبوو. نـا، ترسی مەرگ یەخەی منی بەر نەدەدا، کەسانێک کە ئازاریان نەچەشتووە؛ لەم قسانە تێ ناگەن، ئەوەندە هەست لەژیاندا لە من زیاد بوو، کە بچووکترین خۆشییەک؛ قەرەبووی چەندین سەعاتی درێژی خنکان و پەشۆکانی بۆ دەکردمەوە.

دەمبینی کە ئێش و ئازار هەیە، بەڵام خاڵیی لە هەر واتاو مانایەک بوو. من لەنێو خوێنییەکاندا نەژادێکی نادیارو نەناسراو بووم، بە جۆرێک: لەبیریان چووبووەوە، کە پێشتر بەشێک لە دونیای ئەوان بووم. ئەو شتەی ترسناک بوو ئەوە بوو؛ کە هەستم دەکرد نە زیندووی زیندووم و نە مردووی مردوو، تەنها مردوویەک بووم دەجووڵام، کە نە پەیوەندییم بە دونیـای زینـدووەکانەوە هەبـوو و نە لە فەرامۆشـی و ئارامیی مەرگیش کەڵکم وەردەگرت.

شەوێ کە لەسەر مەقەڵی تلیاکەکەم هەستام، لە دەلاقەکەوە ڕوانـیمە دەرەوە؛ دووکـانی قەسـابەکە داخرابـوو، لەلای

دەرگاکەیەوە درەختێکی ڕەش دیاربوو، سێبەرە تاریکەکان پەیکڤا چووبوون. هەستم دەکرد، کە هەموو شتێک پووچ و کاتییە، ئاسمانی ڕەش و قیرکراو؛ وەک کۆنە دەوارێک وابوو، کە بەبێ ئەژمار ئەستێرە کون کون کرابێ. لەو کاتەدا دەنگی بانگ بەرز بوویەوە، بانگێکی ناوەخت بوو، گوایا ژنێک- لەوانەیە ئەو قەحبەیە بووبێ- خەریکی ژان بوو، وەختی مانبوو. نووزەی سەگێک لەگەڵ بانگی بەیانیدا دەبیسترا، بیرم کردەوە: "ئەگەر ڕاست بێت هەموو کەسێک ئەستێرەیەکی لەئاسماندا هەیە؛ دەبێ ئەستێرەی من دوور و تاریک و بێمانا بێ، ڕەنگە من هەر ئەستێرەم نەبێ..!"

لەم کاتەدا دەنگی پێرێک پاسەوانی مەست لە کۆڵانەوە بەرزبوویەوە؛ کە بەوێدا تێدەپەڕین و گاڵتەی بێتامیان لەگەڵ یەکدی دەکرد، دواتر بەپێڕ دەنگیان لێ هەڵبڕی و دەستیان کرد بە گۆرانیوتن:

"وەرە بڕۆین مەی بخۆین، شەرابی موڵکی ڕەی بخۆین، ئێستا نەیخۆین ئەی کەی بیخۆین؟"

من هەراسان خۆم کێشایە دواوە، گۆرانییەکەیان بە چەشنێکی تایبەت لە هەوادا زایەڵەی دەدایەوە، وردە وردە

دەنگیان دوور و کەم بووەوە و نەما. نا، ئەوان کاریان بە من نەبوو، ئەوان نەیاندەزانی...

دیسان بێدەنگی و تاریکی هەموو جێیەکی داگرتەوە، من فتیلەی ژوورەکەم هەڵنەکرد، پێم خۆش بوو لەتاریکیدا دانیشم، تاریکی: ئەو مادە ڕەوانە چڕەی دەتکێتە هەموو شوێنێک و هەموو شتێکەوە، من پێی ڕاهاتبووم، هەر لەتاریکیدا بوو، کە ئەندێشە ونبووەکانم، ترسە لەبیرکراوەکانم، خەیاڵە ترسناک و باوەڕپێنەکراوەکانم: کە نازانم لەکام سووچی مێشکمدا شاردرابوونەوە، هەموویان سەرلەنوێ دەبووژانەوە و وەڕێ دەکەوتن و دەمەلاسکێیان دەکردمەوە. کونجی ژوورەکە، تەنیشتی پەردەکە، پشت دەرگاکە، سەرشار بوون لەم ئەندێش ەو بەژنە بێشێوە و هەڕەشەکارانە.

لەوێ لە تەنیشتی پەردەکەوە، تارماییەکی ترسناک دانیشتبوو، جووڵەی نەدەکرد، نە شاد بوو و نە غەمگین. هەر جارێک، کە دەگەڕامەوە چاوی دەبڕییە نێو گلێنەی چاوم، ڕووخساریم لەبەرچاو نامۆ نەبوو، دەتگوت هەر لەمنداڵییەوە ئەم ڕووخسارەم بینیوە.

ڕۆژێکی سیازدەیەدەر بوو؛ لە کەنار ڕووباری سورەن لەگەڵ منداڵەکانــدا چاوشــارکێمان دەکــرد، لەگەڵ دەموچــاوە ئاسایییەکانی دیــکەدا ئەم ڕووخســارەم بینیبــوو! بەژنێکــی کورتی پێکەنیناوی و بێ مەترسی هەبوو؛ سیمای لە پیاوە قەسابەکەی بەر دەلاقەی ژوورەکەم دەچــوو. پێمــوایە ئەم کەسە لە ژیانی مندا؛ دەستی هەبووەو من نەمدەبینیبوو..! دەتگوت ئەم سێبەرە لەگەڵ مــن جمــک بــووە و لە بــازنەی نەنگەبەری ژیانی من هەڵکەوتبوو...

هەر کە هەســتام فتیلەکە ڕۆشــن بــکەم؛ ئەو تارمــاییەش خۆبەخۆ بزربــوو؛ چــوومە بەردەم ئــاوێنەکە و لە خــۆم ورد بــوومەوە، وێــنەیەکم تێــدا بینــی، کە نــامۆ بــوو بــۆم؛ باوەڕپێنەکراو و ترسناک بــوو..! وێنەکەم لە خــۆم بەهێزتر بــوو یــان مــن وەک وێــنەی ســەر ئــاوێنەکەم لــێ هــاتبوو؛ بەمێشکمدا هــات؛ کە نــاتوانم بەتەنیــا لەگەڵ وێنەکەمــدا لە ژوورێکدا بمێنمەوە؛ دەترســام ئەگەر ڕابــکەم دوام بــکەوێ؛ وەک دوو پشیلە، کە بۆ شەڕ ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە، بەڵام دەستم بەرز کــردەوە و گــرتم بە بەرچــاومەوە تــا لە چــاڵی لەپمدا؛ شەوێکی جاویدانی دروست بکەم.

زۆریەی جار دۆخی ترسناکم بۆ خۆش بوو؛ سەیر بوو؛ جۆرە مەستییەکی تایبەتی هەبوو، بەشێوەیەک سەرم گێژی دەخوارد و قاچەکانم سست دەبوون و هێڵنجم دەهات. لەبیر سەرنجم دا؛ لەسەر قاچەکانم راوەستابووم، ئەوەم پێ سەیر بوو، پەرجوویەک بوو بۆ خۆی! چۆن دەمتوانی لەسەر پێیەکانم بوەستم..؟ وامدەزانی ئەگەر یەکێک لە قاچەکانم بجووڵێنم هاوسەنگییم تێک دەچێ. جۆرێک سەرەگێژەم لێ پەیدا بیوو؛ زەوی و بوونەوەرەکانی بێئەندازە لێم دوور کەوتبوونەوە، وەها کە ناڕاستەوخۆ هیوای بوومەلەرزە یا برووسکەیەکی ئاسمانییم دەخواست: تا بتوانم دیسان لە دونیایەکی ئارام و ڕۆشندا لەدایک ببم.

کاتێک ویستم بچمەوە نێو پێستەکەم چەند جارێک لەبەرخۆمەوە گوتم: "مەرگ.. مەرگ.." دەمم بەسترابوو، بەڵام لە دەنگی خۆم ترسام، بوێرییەکەی جارانم هەر نەمابوو. وەک ئەو مێشانەم لێ هاتبوو، کە سەرەتای پاییز شاڵاو بۆ ژوورەوە دێنن؛ مێشی وشکهەڵاتوو و بێگیان، کە لە گیزەی باڵی خۆشیان دەترسن، ئەها ماوەیەک بێجووڵە دەبن و لەسەر دیوارێک مات دەبن، هەر کە دەزانن زیندوون؛ بێباکانە خۆیان بە دارودیواردا دەکێشن و بەمردوویی لەدەوروبەری ژوورەکە دەیانتۆزێتەوە.

پێڵووەکانی چاوم، کە وێک دەهاتن؛ دونیایەکی ون لە بەرانبەرمدا نەخشی دەبەست، دونیایەک کە سەراپا خۆم سازم کردبوو، دونیایەک بوو لەگەڵ ئەندێشە و ڕوانینمدا سازگار بوو. هەرچۆنێک بێت؛ زۆر ڕاستەقینەتر و سروشتیتر بوو لە دونیای بێداری، وەک ئەوەی هیچ کۆسپ و لەمپەرێک لەبەرانبەر بیر و ئەندێشەکانمدا نەبێت؛ کات و شوێن کاریگەریی خۆیان لەدەست دەدا. ئەم هەستی شەهوەتە کوژراوە -کە خەونەکانیش سەرچاوەکەیان هەر ئەوە- سەرچاوەی دواهەمین پێداویستییەکانی من بوو، شێوە و ڕووداوی باوەڕنەکردە، بەڵام ئاسایی دەهێنایە بەر چاوم، ڕەها کە دوای ئەوەی بێداریش دەبوومەوە؛ هێشتا لە بوونی خۆم گومانم هەبوو، لە کات و شوێنی خۆم بێ خەبەر بووم، دەتگوت ئەو خەونانەی کە دەمبینین؛ هەموویان خۆم دروستم کردبوون و لێکدانەوەی ڕاستەقینەی ئەوانم پێشتر دەزانی.

شەو زۆری ڕۆیشتبوو کەمی مابوو؛ لەناکاو دیتم لە کۆڵانەکانی شارێکی نەناسراودام، کە خانووە سەیروسەمەرەکانیان بەشێوە ئەندازەی: چوارپاڵوو، ئاوێزەیی، قووچەکی، کە پەنجەرەی نزم و تاریکیان هەبوو، بە دارودیوارییاندا بنچکە نیلۆفەر هەڵگژابوو، من لەوێدا بە

ئازادیی دەگەڕام و ئاسوودانە پشووم دەدا، بەڵام خەڵکی ئەم شارە بە مەرگێکی نائاسایی مردبوون؛ هەموویان لەسەر جێی خۆیان وشک ببوون، دوو دڵۆپ خوێن لەزاریانەوە هەتا سەر چلەکانیان هاتبووە خوار، دەستم لەهەر کەس دەدا، سەری هەڵیەکەندرا و دەکەوت.

گەیشتمە بەر دووکانی قەسابێک؛ تەماشا دەکەم پیاوێک وەک پیرەمێردی خرتکەوپرتکەفرۆشی بەر ماڵەکەمان؛ شاڵگەردنێکی بەستووە و کێردێکی بەدەستەوەیە، بە چاوە سوورهەڵگەڕاوەکانی، کە وەک ئەوە بوو پێڵووەکانیان بڕیبێ؛ چاوی تێ بڕیبووم. ویستم کێردەکەی لە دەست بستێنم، سەری هەڵکەندرا و کەوتە سەر زەوی؛ من لەترسانا ڕامکرد.

بە کۆڵانەکاندا ڕامدەکرد؛ هەر کەسێکم دەبینی لە جێی خۆی وشک ببوو، ڕامدەکرد و دەترسام لەوەی ئاوڕ بدەمەوە، کە گەیشتمە بەر ماڵی باوکی ژنەکەم؛ ژنبراکەم، -برا بچکۆلەی ئەو قەحبەیە- لەسەر سەکۆی بەردەرگاکەیان دانیشتبوو؛ دەستم لە گیرفانم نا و نووکولیچەم دەرهێنا، ویستم بیدەمە دەستی، بەڵام هەر دەستم بەری کەوت؛ ئەویش سەری هەڵکەندرا و کەوتە سەر عەردەکە، من قیژاندم و خەبەرم بووەوە.

هێشتا تاریک و ڕوونە بوو؛ دڵم گیرا بوو، وامدەزانی نووسایی ساپیتەکە بەسەر سەری منەوەیە، دیوارەکان هێنگار ئەستوور ببوون و سینگم دەیەویست بتەقێ، سۆمای چاوەکانم لێڵ ببوون؛ ماوەیەک بەترسەوە لە دارەڕای ساپیتەی ژوورەکە ورد بوومەوە؛ دارەکانیم دەبژارد و هەرلەنوێ دەمبژاردەوە.

هەر کە چاوم لێکنا؛ تەقەی دەرگا هات، نەنەخان هاتبوو ژوورەکەم گسک بدا، بەرچایی منی لە ژووری سەرێ دانابوو، من چوومە سەرێ و لەبەر پەنجەرەکەیدا دانیشتم؛ لە سەرەوە پیرەمێردەی خرتکەوپرتکەفرۆشی بەر ژوورەکەم دیار نەبوو، تەنها لەلای چەپ، قەسابەکەم دەبینی، بەڵام جووڵەکانی ئەو، کە لە دەلاقەی ژوورەکەمەوە ترسناک و سەنگین و کونجکۆڵانە دیاربوو؛ لەم سەرەوە پێکەنینهێنن و بێچارە دەردەکەوت، وەک ئەوەی ئەو پیاوە نابێ قەساب بێت و ڕۆڵ دەبینێ. بارگیرە ڕەش و لەڕەکانیان هێنا؛ لە ملاولایانەوە جووتێ کەلاکی مەڕ بارکرابوون و خۆشیان وشک و قووڵ دەقۆزین. قەسابەکە دەستی چەوری بە سمێڵیدا دەهێناو بە چاوی مشتەرییەوە سەیری دەکردن، دووانیانی بە زەحمەت هەڵگرت و بردنی بە قولابی دووکانەکەیەوە هەڵیواسین، دەستی بەسەر مەڕەکاندا دەهێنا، ڕەنگە ئەویش، کە دەست

بە جەستەی ژنەکەیدا بهێنێ: هەرەکانی بیرکەوتنەوە و بیر لەوە بکاتەوە؛ ئەگەر ژنەکەی سەربڕیبا چەندەی پارە دەست دەکەوت..!

کە گسکدان تەواو بوو؛ گەڕامەوە ژوورەکەم و بڕیارێکم دا، بڕیارێکی ترسناک؛ چوومە گەنجەی ژوورەکەم و کێردێکی دەسک ئیسقانم هەبوو لە دۆلابەکەدا دەرمهێنا، بە داوێنی عەباکەم دەمەکەیم سڕی و خستمە ژێر جێگاکەم. ئەم بڕیارەم پێشتر دابوو، نازانم چیم لە ڕەفتاری ئەو قەسابەدا بینیبوو؛ کاتێک ڕانی مەڕی کوتکوت دەکرد و دەیکێشا، بەشانازییەوە تێی دەڕوانی، منیش لەخۆمەوە هەستم کرد: دەمەوێ لاسایی بکەمەوە.

حەزم دەکرد منیش ئەم چێژە ببەم. لە دەلاقەی ژوورەکەمەوە لەنێو هەورەکاندا کونێکی شینی قووڵ بەئاسمانەوە دیار بوو، وام دانا بۆ ئەوەی بتوانم بگەمە ئەوێ دەبێ بە پەیژەیەکی زۆر درێژدا سەرکەوم.

هەوری زەردی خەستی مەرگئامێز ئاسمانی داپۆشیبوو، وەها کە بەسەر تەواوی شارەوە قورس بوون، هەوایەکی بە سام و پڕ چێژ بوو، نازانم بۆچی من بۆ لای زەوی دادەهاتمەوە،

هەمیشە لەم هەوایەدا؛ بیری مەرگم دەکەوتەوە، بەڵام ئێستا کە مەرگ بە دەموچاوی خوێناوی و دەستە ڕەقەڵەکانییەوە یەخەی گرتبووم؛ ئیتر بڕیارم دابوو ئەو قەحبەیەش لەگەڵ خۆم بەرم، تا لە پاش من نەڵێن: "خوا عافووی بکات، نەجاتی بوو..!".

لەم ساتەدا؛ بە بەر دەلاقەی ژوورەکەمدا تابووتێکیان دەبرد، کە پارچەیەکی ڕەشیان بەسەریدا دابوو، لەسەر تابووتەکە مۆمیان داگیرساندبوو. دەنگی "لا اله الا الله" سەرنجی ڕاکێشام، هەموو دووکاندار و ڕێبوارەکان لە شوێنی خۆیان دەگەڕانەوە و حەوت هەنگاو بەدوای تابووتەکەدا دەڕۆیشتن. تەنانەت قەسابەکەش هات و بۆ دەستکەوتنی خێرێک؛ حەوت هەنگاو بەدوای تابووتەکەدا ڕۆیشت و گەڕایەوە سەر دووکانەکەی، بەڵام پیرەمێردی خرتکەوپرتکەفرۆش لەجێی خۆی نەجووڵا. ئەو خەڵکە چ شێوەیەکی جیدیان بەخۆیانەوە گرتبوو..! لەوانەیە کەوتبێتنەوە بیری فەلسەفەی مەرگ و ئەو دونیا.

کە دایەنەکەم خواردنی بۆ هێنام؛ بینیم دەموچاوی بەیەکدا داوە، دەنکەکانی تەسبیحێکی درێژی بەدەست دەژمارد،

زیکری دەکرد، پاشان چووە ئەودیو ژوورەکەی من و نوێژی دابەست، بە دەنگی بەرز دەیگوت: "ئەلاهومە.. ئەلاهومە...".

دەتگوت من کارمەندی بەخشینی زیندووەکان بووم..! بەڵام تەواوی ئەم گاڵتەجارییانە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر من نەبوو، بەپێچەوانەوە کەیفخۆش دەبووم، کە خوێرییەکانیش ئەگەرچی کاتیی و بە درۆوە بوو، بەڵام لایەنی کەم چەند چرکەیەک بە دونیاکەی منذا دەڕۆیشتن.

ئایا ژوورەکەم تابووتێک نەبوو..؟ پێخەفەکەم ساردتر و تاریکتر لە گۆڕ نەبوو..؟ پێخەفێک، کە هەمیشە ڕاخرا بوو، منی بانگهێشتی خەو دەکرد..! چەندین جار ئەوەم بە خەیاڵدا هاتبوو، کە من لە تابووت دام. هەستم دەکرد شەوانە ژوورەکەم بچووک دەبێتەوەو دەمگوشێت، ئایا بونیام لەگۆڕدا هەر ئەم هەستە ناکات..؟ جا کەس لە هەستی دوای مەرگ خەبەری هەیە..؟

کە خوێن لە جەستەدا دەوەستێ، دوای شەو و ڕۆژێک هەندێک لە ئەندامەکان دەست دەکەن بە ڕزین، بەڵام هەتا ماوەیەک دوای مەرگیش، مووی سەرو نینۆکەکان هەر درێژ دەبنەوە. ئەی ئایا ئەندێشە و هەستەکان دوای وەستانی دڵ

دەفەوتێن..؟ یان تا ماوەیەک لە پاشماوەی خوێنێکدا، کە لە هەندێک دەماری بچووکدا ماون؛ درێژە بە ژیانێکی نادیار دەدەن..؟ هەستی مەرگ خۆی ترسناکە، ئینجا وەرە بگات بەوەی کە هەست بکەیت ئەمەی کە مردووە خۆتیت..!

هەندێک مرۆڤی پیر هەن؛ بەخەندەوە دەمرن، وەک ئەوەی خەو بیانباتەوە، یان وەک فتیلەیەک، کە ڕۆنی تێدا نامێنێت و دەکوژێتەوە، بەڵام گەنجێکی بەهێز، کە لەپڕ دەمرێ و بە هەموو هێزی ئەندامەکانییەوە، هەتا ماوەیەک دژایەتی مەرگ دەکات؛ دەبێ چ هەستێکی هەبێ..؟

زۆرجار بیرم لە مەرگ و ڕزینی گەردەکانی جەستەم کردبووەوە، بەشێوەیەک ئیتر ئەم خەیاڵە ملی نەدەترساند؛ بەپێچەوانەوە بەڕاستی ئاواتم بوو؛ هەپروون هەپروون ببم و نەمێنم. تەنها شتێک لێی دەترسام ئەوە بوو؛ گەردەکانی جەستەم ئاوێتەی گەردی لەشی خوێڕییەکان ببێت، بەرگەی ئەم خەیاڵەم نەدەگرت. هەندێ جار پێم خۆش بوو؛ دوای مەرگ دوو دەستوپەنجەی درێژی هەستیارم هەبا؛ هەتا بمتوانیبا هەموو گەردەکانی لەشی خۆم بەوردی کۆبکردایەتەوە و بە هەردوو دەستم بمپاراستایە، تا

گەردەکانی جەستەی من کە هی خۆمن؛ ئەچنە نێو لەشی خوێڕییەکانەوە.

هەندێ جار بیرم دەکردەوە؛ ئەوەی من دەمبینێ، ئەو کەسانەی لە ئاوێلکەدان{لەسەرەمەرگدان}؛ ئەوانیش دەیبینن. دڵەکوتێ و ترس و هەراس و ویستی ژیان؛ لەمندا دامرکابوو. لە فڕێندانی ئەو بیروباوەڕانەی ئاخنراببوونە مێشکمەوە؛ ئارامییەکی تایبەتم لەخۆمدا هەست پێ دەکرد، تەنها شتێک دڵی دەدامەوە؛ هیوای فەوتانی پاش مەرگ بوو. ئەندێشەی هاتنەوە ژیانێکی تر دەیترساندم و ماندووی دەکردم، من هێشتا هۆگری ئەم دونیایە نەبووبووم کە تێیدا دەژیام؛ ئینجا دونیایەکی تر بە کەڵکی چیم دەهات..؟

هەستم دەکرد ئەم دونیایە بۆ من نەبوو، بۆ تاقمێک مرۆڤی بێحەیا، بێ چاوڕوو، سەرسواڵکەر، زانستفرۆش، ولاغدار و چاووداڵ برسی بوو. ئەم دونیایە بۆ کەسانێک بوو، کە پڕ بە پێستی دونیا خۆی دروست کرابوون، لە سەروەتمەندانی زەوی و ئاسمان؛ وەک سەگی برسی بەر دووکانی قەسابەکە؛ کە بۆ کوتە گۆشتێک کلکەلەقێ دەکات؛ ئەوانیش ئاوها سواڵ و مامەحەمەییان دەکرد.

ئەندێشەی ژیانێکی تر؛ منی دەترساند و ماندووی دەکردم، نـا، من پێویستم بە بینینی ئەم هەموو دونیا قێزەوەن و ئەم هەمـوو خەڵـکە نەگـبەتە نەبـوو. مەگەر خـودا ئەوەنـدە نەدیویەدی بوو؛ کە دونیاکانی خۆی بداتەوە بە چاوی منـدا..؟
بەڵام من ناتوانم بە درۆ پیایـدا هەڵبڵێم؛ لەدۆخێکدا ئەگەر ناچاریم ژیانێکی تـریش بـژیم؛ حەزم دەکـرد بیـر و هۆشێکی کوڵ و کەسیرەم هەبایە، بێ زەحـمەت هەناسـەم بـدایەو بێ ئەوەی هەسـتم بە مانـدووبوون بکـردایە؛ بمتوانیبـایە لەژێـر سێبەرەکانی پەرستگای لینگۆم، بۆ خۆم بژیـام و بگەڕابام؛ وەها کە نە خۆر بیدایە لە چاوم و نە قسەی خەڵک و دەنگی ژیان گرێچکەی ئازار بدابام.

هەرچی زیاتر دەچوومە نێو خۆمەوە وەک ئەو گیاندارانەی کە زستانان خۆیان لەکونێکدا دەشـاردنەوە؛ دەنگی ئەوانی تـرم بە گوێ دەژنەفت و دەنگی خۆم لە گەرووەمدا. ئەو تەنیایی و تەریکییەی کە لەپشـت سـەرمەوە خـۆی شـاردبووەوە؛ وەک شـەوانی ئەزەلیـی چـڕ و خەسـت بـوو. شـەوانێک، کە تـاریکییەکی لکـاو، خەسـت و فەناکاریـان هەیە و چاوەڕوانی بەسـەر شـارە چۆڵەکانـدا -کە پـڕن لە خەونـی شـەهوەت و کینە- داکشێنە خوارێ.

بەڵام من لەتاسست ئەم گەرووەدا، کە بۆ خۆم بوو: جگە لە جۆرێک سەلماندنی ڕەها و شێتانە هیچی دیکە نەبووم. هێزێک، کە لە کاتی جووتبووندا: دوو کەس بۆ پاکردن لە تەنیایی پێکەوە دەنووسێنن و لە ئەنجامی ئەم شتە شێتانەیەدا کە لە هەموو کەسێکدا هەیە و بە داخێکەوە پەیوەستە: بەشێتەیی بەرەو تاڵی مەرگ مەیل دەکات.....

تەنها مەرگە، کە درۆ ناکات..! ئامادەیی مەرگ: هەموو وەهمەکان بە تەفرووتوناکردن دەڕەوێنێتەوە. ئێمە منداڵی مەرگین و مەرگە، کە ئێمە لە فریوەکانی ژیان ڕزگار دەکات، لە قووڵایی ژیاندا: ئەوە ئەوە، کە بەرەوە لای خۆی بانگمان دەکات.

لە تەمەنێکدا، کە ئێمە هێشتا لە زمانی خەڵک ناگەین؛ ئەگەر هەتێنک جار لە کاتی یاریکردنتدا مات دەبین؛ بۆ ئەوەیە، کە دەنگی مەرگ ببیستین. بەدرێژایی ژیان ئەوە مەرگە، کە ئامازەمان بۆ دەکات: ئایا بەسەر هەموو کەسێکدا نەهاتووە؛ کە لەپڕو بێ هیچ هۆیەک خەیاڵی بڕوات و ئەوەندە لەخەیاڵەکەیدا نوقم ببێت، کە لە کات و شوێنی خۆی دابیڕێت، خۆشی نەزانێ، کە بیر لە چی دەکاتەوە..؟ ئینجا دواتر دەبێ هەوڵ بدات: بۆ ئەوەی دووبارە لە بارودۆخ

و دەوروبەری خۆی بە ئاگا بێنێتەوە، ئێ... دە ئەمە دەنگی دەرگە.

لەم پێخەفە شێدارەدا، کە بۆنی عارەقەی گرتووە؛ کاتێک پێڵووەکانی چاوم قورس دەبوون و دەمویست خۆم تەسلیمی نەبوون و شەوی جاویدانیی بکەم؛ هەموو یادگارییە وێن و ترسە لەبیرکراوەکانم، سەرلەنوێ زیندوو دەبوونەوە: ترسی ئەوەی پەڕەکانی سەرینەکەم ببن بە تیغی خەنجەر، ترس لەوەی قۆپچەی عەباکەم؛ بێ ئەندازە گەورە و بە قەدەر بەردەهارێکی لێ بێت، ترس لەوەی پارچە نانێک بکەوێتە سەرزەوی و وەک شووشە بشکێ، دوودڵیی ئەوەی ئەگەر خەوم لێ بکەوێ؛ فتیلەکە بکەوێ و شار گڕ بگرێ، وەسواسی ئەوەی کە پێی سەگی بەر دووکانی قەسابەکە؛ وەک سمی ئەسپ دەنگ بداتەوە، دڵەخورپەی ئەوەی کە پیرەمێردی خرتکەوپرتکەفرۆش لەبەردەم ڕاخەرەکەیدا دەست بکات بە پێکەنین، ئەوەندە پێبکەنێ؛ کە نەتوانێ بەر بەخۆی بگرێ، هەراس لەوەی کە کرمی نێو حەوزی ماڵەکەمان ببێتە ماری هیندی، ترس لەوەی کە پێخەفەکەم ببێتە بەردی قەبر و بە ئەنجامەیەک* بەدەوری خۆیدا

---

* ئەنجامە: ئەو پارچە ئاسن یان مەتریاڵە پەقەیە، کە دەرگا بە گێژەنەکەیەوە دەبەستێتەوە و لەرێگەی ئەوەوە دەرگاکە جوڵە دەکات. ا.ا

هەڵسوڕێت و من داپۆشێ و ددانەکانی؛ مەڕمەڕ بەسەر یەکدا قفڵ ببن، شۆقێن لەوەی کە دەنگم بگیرێ و هەرچی هاوار بکەم کەس بە فریام نەگا.....

من ئارەزووم دەکرد؛ منداڵیی خۆم بیر بکەوێتەوە، بەڵام کاتێک، کە دەهات و هەستم پێ دەکرد وەک ئەودەم دژوار و ئازارەبەر بوو..! کژکەیەک، کە هەمان دەنگی قوزەی بارگیرە ڕەشە لەڕەکانی بەردەم دووکانی قەسابەکەی هەبوو؛ ناچار بە پەلەم فریدانی دەکردم و ترس لەوەی نەکا پەڵەخوێنی تێدابێ، خوێن: ئەم تەڕاییە شیلەتێن و سوێرەی کە لە قوڵایی لەشەوە دێتە دەرێ، خوێن؛ کە شیلەی ژیانە و ناچار دەبێ بیهێنییەوە و هەڕەشەی هەمیشەیی مەرگ؛ کە هەموو ئەندێشەکان بێ هیوای گەڕانەوە پێشێل دەکاو تێدەپەڕێ: بێ ترس و خۆف نەبوو.

ژیان بە خوێنسارییی و بێمەیلی؛ ڕووخساری هەر کەسێ بە خۆی دەنوێنێ، هەڵبەتە هەر کەسێ چەندین ڕووخساری پێیە..! هەندێک کەس تەنها یەکێک لەو ڕووخسارانە بەکار دەهێنێت، ئاشکرایە، چڵکن و چرچولۆچ دەبێ، ئەم دەستەیە دەستپێوەگرن.

دەستەیەکی دیکە ڕووخسارەکەیان هەڵدەگرن بۆ ژاوژاو و بەندێکی تریان هەمیشە ڕووخساریان دەگۆڕین، بەڵام هەر ئەوەندەی کەمێک تەمەنیان چووە سەری؛ تێ دەگەن ئەمە دوایین ڕووخساریان بووە بەم زووانە شڕ و خراپ دەبێ، ئەوەدەم ڕووخساری ڕاستەقینەی ئەوان لەپشت دوایین ڕووخساریانەوە دەردەکەوێت.

نازانم دیوارەکانی ژوورەکەم چ شتێکی ژەهراوییان پێ بوو؛ کە وا ئەندێشەکانی منیان ژەهراویی دەکرد...! دڵنیابووم بەر لە من؛ کەسێکی خوێنگرتوو، شێتێکی زنجیرکراو لەم ژوورەدا بووە، نەک تەنها دیوارەکانی ژوورەکەم، بەڵکە دیمەنەکانی دەرەوەش؛ پیاوە قەسابەکە، پیرەمێردەی خرتکەوپرتکەفرۆش، دایەنەکەم، ئەو قەحبەیە و هەموو ئەوانەی کە دەمبینین، هەروەها ئەو قاپەی چینیی جۆم تێدا دەخواردو ئەو جلانەی کە لەبەرمدابوون؛ هەموو ئەوانە دەستیان دابووە دەستیەک؛ بۆ ئەوەی ئەم ئەندێشانە لەمندا دروست بکەن.

چەند شەوێک لەمەوبەر هەر کە لە شالشینی حەمامدا جلەکانم داکەند؛ ئەندێشەکانم گۆڕان، کە ناترەکە شاوی بەسەرمدا دەکرد، وەک ئەوە بوو ئەندێشە ڕەشەکانم بشۆراتەوە. لە حەمامەکەدا سێبەری خۆم لەسەر دیواری تەڕ

و عارەقە لێنیشتوو بینی، بینیم ئەوەندە ناسک بووم، کە چاک لە بیرمە؛ دە ساڵ لەمەوپێش ئەو کاتەی منداڵ بووم، سێبەری جەستەم هەر ئاوا دەکەوتە سەر دیواری عارەقە لێنیشتووی حەمام. لە جەستەی خۆم وردبوومەوە؛ پان، پوون، نێرگەڵم، هەموویان ئۆخێکی هەوەسبازی ئاتۆمێدیان هەبوو.

سێبەری ئەندامەکانی جەستەم؛ وەک دە ساڵ لەمەوپێش بوو، وەک ئەو کاتەی کە منداڵ بووم. هەستم کرد هەموو ژیانی من وەک سێبەرێکی سەرگەردان، وەک سێبەرە لەرزۆکەکانی سەر دیواری حەمام بێ مانا و بێ ئامانج تێپەڕ بووە، بەڵام خەڵکی تر چونکە؛ قورس و پتەو و مل ئەستوور بوون، هەڵبەتە سێبەریان تۆختر و مەزنتر دەکەوتە سەر دیواری عارەقە لێنیشتووی حەمام و هەتا ماوەیەکیش شوێنیان هەر دەمایەوە، لەکاتێکدا سێبەری من دەستبەجێ دەسڕایەوە.

لە ساردی حەمامەکەدا، کە جلەکانم لەبەر دەکردەوە؛ جووڵەکان، شێوەکان، ئەندێشەکانم دیسان دەگۆڕانەوە. دەتگوت چوومە شوێن و دونیایەکی نوێ، وەک ئەوەی دیسان لەو دونیایەدا لەدایکبووبمەوە، کە لێی بێزار بووم،

بەهەرحاڵ ژیانێکی دووبارەم بە دەست هێنابوو، چونکە پێم
پەرجوو بوو کە لە خەزانەی حەمامەکەدا وەک کلۆیەک خوێ
نەتوابوومەوە..!

❊❊❊

ژیانی خۆم؛ هێندە نادیار و باوەڕپێنەکراو و نائاسایی هاتە بەرچاو، وەک نیگاری سەر قەڵەمدانێک — هەر وەک بەرگی قەڵەمدانی ئەم قەڵەمەی کە ئێستا پێی دەنووسم؛ کە گوایە نیگارکێشێکی شێت، لەخۆیەوە کێشاویەتی. زۆرجار، کە تەماشای ئەم نیگارە دەکەم ئاشنا دێتە بەرچاوم، لەوانەیە هەر ئەم نیگارە بێت؛ کە من ناچار بە نووسین بکات. وێنەی درەختێکی سەرووی تێدا کێشراوە، کە لەژێریدا پیرەمێردێکی قەمبور وەک مەهاراتا هیندییەکان هەڵترووشکاوە، عەبایەکی لەخۆوە پێچاوە و مێزەرێکی بەسەریەوە بەستووە، پەنجەی دۆشاومژەی دەستی چەپی لە نۆکی سەرسووڕمانێدا لە زار ناوە، لەبەرانبەریدا؛ کچێک بە کراسێکی ڕەشی درێژەوە بە ڕەوتێکی نائاسایی -لەوانەیە بوگام داسییەک بێت- سەما دەکا، گوڵێکی نیلۆفەری بەدەستەوە گرتووە و لەنێوان ئەو و پیرەمێردەکەدا جۆگە ئاوێک هەیە.

▫▫▫

لە پای تلیاک؛ هەموو ئەندێشە تاریکەکانم لەنێو دووکەڵی ئاسکی ئاسمانییدا بڵاوکردەوە؛ لەم کاتەدا جەستەم بیری دەکردەوە، جەستەم خەونی دەدیت، دەخزاو وەک ئەوەی لە قورسایی و چەپەڵیی هەوا ڕزگاری بووبێت؛ لە دونیایەکی نامۆدا، کە پڕ لە ڕەنگ و وێنەی نەناسراو بوو، هەڵدەفڕی. تلیاک؛ ڕۆحی گیا، ڕۆحی کەم بزووتنی گیای بەبەر مندا کردبوو؛ من لە دونیایەکی گیاییدا دەمرواني، ببووم بە گیا، بەڵام هەروا، کە لە پای مەقەڵی و سفرە چەرمەکەدا وەنەوزم دەدا، عەباکەم دابوو بەشانمدا! نازانم بۆ وەبیر پیرەمێردی خرنکەوپرتکەفرۆش کەوتمەوە..! ئەویش هەر ئاوها لە بەردەم ڕاخەرەکەی دەچەمایەوە و هەر ئاوهاش هەڵدەترووشکا.

ئەو ئەندێشەیە ترساندمی، هەستام عەباکەم فڕێ دا؛ چوومە بەر ئاوێنەکە؛ ڕوومەتم وەک ڕەنگی گۆشتی بەر دووکانی قەسابەکە سوور هەڵگەڕابوو، ڕیشم ئاڵۆزاو؛ بەڵام دۆخێکی ڕۆحانی و کەمەندکێشی بەخۆوە گرتبوو، چاواني بیمارم؛ دۆخێکی ماندوو و شۆڕاو و منداڵانەیان هەبوو، وەک ئەوەی هەموو شتە قورسەکانی زەمین و خەڵکەکەی لە مندا تواوبووبێتنەوە. خۆشیم لە ڕووخساری خۆم دەهات، جۆرە چێژێکی شەهوانییم لە خۆم دەبردا لەبەر ئاوێنەکەدا بە خۆم

دەگوت: "ئازاری تۆ ئەمەندە قووڵە، کە لە قووڵایی چاوتدا نیاری ناوە... ئەگەر بگری یا فرمێسک لە چاوانتەوە دێنەدەر یان هەر نایەنەدەر...!" پاشان دیسان گوتم: "تۆ گەمژەیت، بۆ زووتر شەڕی خۆت ناکەی..؟ چاوەڕێی چیت..؟ هێشتا چاوەڕوانییەکەت لێی ماوە..؟ مەگەر قاپە شەرابێک لە گەرتەی ئووڕەکەتدا نییە..؟ قومێکی لێ بخۆرەوە بڕۆ بۆ خۆت..! گەمژە... گەمژە.. تۆ گەمژەیت..!"، لەگەڵ هەوا قسە دەکەم..!

ئەو ئەندێشانەی بۆم دەهاتن؛ پەیوەندییان بەیەکەوە نەبوو، دەنگی خۆم لەگەرووما دەبیست، بەڵام لە ماناى وشەکانی نەدەگەیشتم، لەسەرمدا ئەم دەنگانە لەگەڵ دەنگەکانی تردا تێکەڵاو دەبوون، وەک ئەو کاتەی کە تام هەبوو، پەنجەکانی دەستم گەورەتر دەهاتنە بەرچاوم؛ پێڵووی چاوەکانم قورس و لێوەکانم ئەستوور ببوون، هەر کە ئاوڕم دایەوە تەماشام کرد دایەنەکەم لەنێو چوارچێوەی دەرگاکەدا ڕاوەستاوە. من قاقا پێکەنیم؛ ڕووخساری دایەنەکەم بێ جووڵە بوو، چاوە بێ سۆماکانی لە من بڕیبوو، بەڵام بێ سەرسووڕمان یا تووڕەیی و غەمگینی، زۆربەی جار، کارێکی گەوجانە دەتخاتە پێکەنین، بەڵام پێکەنینەکەی من لەوە قووڵتر بوو، ئەم گەمژەییە مەزنە؛ پەیوەندی لەگەڵ هەموو

ئەو شتانەی تریدا هەبوو، کە لەدونیادا پەییان پێ نابرێت و ڕێگەپێشتن لێیان دژوارە. ئەوشتەی کە لە قووڵایی تاریکی شەودا ون بووە؛ ئەو شتەی ڕەوتی لە مرۆڤ بەرزتر بوو، کە مەرگە.

باپەنەکەم شەقەڵییەکەی هەڵگرت و بەهێواشی چووە دەرەوە، من عارەقەی نێوچەوانم سڕی، بەری دەستم پەڵەی سپی تێکەوتبوو، پاڵم دا بە دیوارەکەوە، سەرم بە کڵۆڵەکەی نووساند؛ دەتگوت حاڵم باشتر بووە، ئەمڕا نازانم ئەم گۆرانییەم لەکوێ بیستبوو بەهێواشی لەبەرخۆمەوە گوتمەوە:

"وەرە بڕۆین مەی بخۆین، شەرابی موڵکی ڕەی بخۆین، ئێستا نەیخۆین ئەی کەی بیخۆین؟"

هەمیشە بەرلە دەرکەوتنی دۆخی قەیران؛ دڵم خەبەری دەدا و دڵەکوتەیەکی تایبەتیم تێدا پێک دەهات، دڵەکوتێ و حاڵێکی غەمگین بوو، وەک گریانێک، کە لەسەر دڵم کۆبووبێتەوە، وەک هەوای بەرلە تۆفان. لەم کاتەدا، دونیای ڕاستی لە من دوور دەکەوتەوەو لە دونیایەکی دەرەوشاوەدا دەژیام، کە مەودایەکی دووری هەڵنەسەنگێنراوی لەگەڵ دونیای زەویدا هەبوو.

ئەو کاتەدا لە خۆم دەترسام، لە هەموو کەس دەترسام، هەڵبەت ئەو دۆخە بەهۆی ناخۆشییەکەمەوە بوو، هەربۆیە هۆشم کز ببوو. لەبەر دەلاقەی ژوورەکەم، کە پیرەمێردی ورەدەواڵەفرۆش و قەسابەکەم بینی؛ ترسام، نازانم لە ڕەفتار و شێوەیاندا چ شتێکی ترسێنەر هەبوو..! دڵیەنەکەشم شتێکی ترسناکی پێبوتم، سوێندی بە خوداو پێغەمبەر دەخوارد، کە بە چاوی خۆی بینیویەتی؛ پیرەمێردەی ورەدەواڵەفرۆش شەوانە دەچێتە ژووری ژنەکەمەوە و لەودیو دەرگاکەوە گوێی لێ ببوو، کە ئەو قەحبەیە وتویەتی: "شاڵگەردنەکەت لێکەوە!".

ئەمە ناچێتە ئەقڵەوە..! پێرێ یا بەمسرپێرێ بوو؛ کاتێک قیژاندم و ژنەکەم هاتە لای دەرگای ژوورەکەمەوە، بە چاوی خۆم لەسەر ڕوومەتەکانی جێ ددانی پیس و زەرد و کرمۆڵی پیرەمێردەکەم بینی؛ کە لەنێوانیانەوە نایەتی عەرەبی دەهاتنە دەرێ. هەر بەڕاست بۆچی لەو کاتەوەی من ژنم هێناوە، ئەو پیاوە لەبەر ماڵەکەماندا ڕاوە..؟ ئایا چلەکێش بوو، چلەکێشی ئەم قەحبەیە بوو؟ لە بیرمە؛ هەر ئەو ڕۆژە چوومە بەر ڕاخەری پیرەمێردەکە و نرخی گۆزەکەم پرسی، لە نێوان شاڵگەردنەکەی و لەژێر لێوی قلیشاوییەوە؛ دوو ددانی کرمۆڵ دەرکەوتن و پێکەنی، پێکەنینێکی وشک و دزێو،

که مووی بونیامی گرژ دەکرد، گوتی: "له گوتره دەیکڕی..؟ ئەم گوزەیه شایەنی نییه ها، بڕۆ بییه، خێری لێ ببینی..!" به ئاوازێکی سەیر گوتی: "شایەنی نییه، خێری لێ ببینی" من دەستم کرد به گیرفانمدا؛ دوو درهەم و چوار پەشیزم له سووچی ڕاخەرەکەی دانا، دیسان پێکەنی، پێکەنینێکی درێژی وەها، که مووی بونیامی گرژ دەکرد. من لەشەرمدا دەمویست به ناخی عەرددا بچمه خوارێ، به دەستەکانم دەموچاوم داپۆشی و گەڕامەوه ماڵەوه.

له تەواوی ڕاخەرەکەی بەردەستیدا؛ بێڵی ژەنگی ئەو شته چڵکنانه دەهات، که ژیان وەلاوەی نابوون، ڕەنگه بیەوێت شتی وەلانراوی ژیان به ڕووی خەڵکدا بداتەوەو به خەڵکی نیشان بدات..! ئایا خۆیشی پیرێکی پەراوێزخراو نەبوو..؟ شتەکانی سەر ڕاخەرەکەی هەمووی مردوو، پیس و لەکارکەوتوو بوون، بەڵام ژیانێکی چ نەگریس و شێوەیەکی چ پڕ مانایان هەبوو..! ئەو شته مردووانه وەها کاریگەریی خۆیان لەسەر من بەجێ هێشت؛ که خەڵکی زیندوو نەیاندەتوانی هێنده لەسەر من کاریگەریی جێ بهێڵن.

بەڵام تەنەخان هەواڵەکەی پێگەیاندبووم، به هەمووانی گەیاندبوو... "لەگەڵ سواڵکەرێکی چەپەڵ..!" بابەکەم

گوتی: جیرۆبانی ژنەکەم ئەسپێی هەڵهێناوە و خۆشی چۆتە حەمام.

ئەبێ سێبەری عارەقە لێنیشتووی ئەو؛ لەسەر دیوار حەمام چۆن بێت..؟ هەڵبەت سێبەرێکی هەوەسباز بووە، کە هیوای بە خۆی هەبووە، بەڵام سەرەڕای هەموو شتێک؛ ئەم جارە سەلیقەی ژنەکەم پێی خەراپ نەبوو؛ چونکە پیرەمێردی وردەواڵەفرۆش کەسێکی ئاسایی لووس و بێتام نەبوو وەک ئەو پیاوە گوندارانەی ژنی بەئالۆش و گەمژە بۆ لای خۆیان رادەکێشن. ئەم نازارانە؛ ئەم توێژە بەدبەختانەی لە سەروویوی ئەو پیرەمێردە قەتماغەی بەستبوو، ئەو چارەڕەشییەی لە دەورووبەری ئەو دەیباری- کە لەوانەیە خۆشی هەستی پێ نەکات؛ بەڵام ئەوی وەک شیوەخودایەک نیشان دەدا، ئەم ڕاخەرە پیسەی کە لەبەردەمیدا بوو؛ نیشانە و ئاماژە و دەرخەری ئەفراندنی بوو.

بەڵێ، لەسەر ڕوومەتی ژنەکەم؛ جێی دوو ددانی زەردی کرمۆڵم بینیبوو؛ کە ئایەتی عەرەبی لەنێوانیانەوە دەهاتنەدەرەوە. هەر ئەو ژنەی کە ڕێگەی بە من نەدەدا بچمە لای، کە سووکایەتی پێ دەکردم، کەچی بەهەموو

ئەمانەوە خۆشم دەویست، سەرەڕای ئەوەی هەتا ئێستا نەیهێشتبوو جارێک چییە؛ دەمی ماچ بکەم..!

خۆرەتاوێکی زەرد بوو، دەنگی بەسۆزی نەقارە بەرز بووەوە، دەنگی لاڵانەوە و پاڕانەوەیەک، کە هەموو خورافاتی بە میراتبڕاو، کە هەموو ترس لە تاریکییەکی بێدار دەکردەوە؛ دۆخی قەیران، دۆخێک، کە پێشتر بەدڵمدا هاتبوو و چاوەڕوانی بووم. گرێکی سووتێنەر سەرتاپامی گرتبوو، خەریک بوو دەخنکام، چوومە سەر جێگاکەم و ڕاکشام و چاوەکانم داخست؛ لە بەهێزی تاکەمدا وەک ئەوە وابوو هەموو شتێک گەورە بووێت و پەراوێزیان لێ پەیدابووبێت. ساپیتەی ژوورەکە لەجیاتی ئەوەی بێتە خوارێ چووبوو بۆ سەرەوە، جلەکانم گیانیان دەگوشیم، لەخۆمەوە هەستام و لەسەر جێگاکەم دانیشتم، لەبەرخۆمەوە گوتم: "پتر لەمە ناکرێ... بەرگە ناگیرێ..!" لەپڕ بێدەنگ بووم، ئەمڕا لەگەڵ خۆم وەک ئەوەی بیژمێرمەوە؛ بە نەوایەکی گاڵتەجاڕییەوە دەمگوت: "پتر لەمە ناکرێت..!" دوایی ئەمەشم بۆ زیادکرد: "من گەمژەم..!".

لە مانای ئەو وشانەی کە دەمگوتن؛ تێ نەدەگەیشتم، تەنها یاریم بە لەرینەوەی دەنگی خۆم لەهەوادا دەکرد، ڕەنگە بۆ

ڕاکردن لە تەنیایی لەگەڵ سێبەری خۆم قسەم کردبێت، لەم کاتەدا شتێکی باوەڕنەکردەم بینی: دەرگای ژوورەکەم کرایەوە و ئەو قەحبەیە خۆی کرد بەژووردا..!

دیارە جارجارە منی بیر دەکەوتەوە، چاکە وەفای تیامابوو، سایەی کەم نەبێ*..! ئەویش دەیزانی من زیندووم، ڕەنج دەکێشم و هێواش هێواش دەمرم، سایەی کەم نەبێ. تەنها دەمویست بزانم: کە ئایا دەزانێ من لەبەر خاتری ئەو دەمرم...؟ ئەگەر ئەوەی بزانیبا ئیتر ئاسوودە و خۆشبەخت دەمردم، ئیتر ئەو کاتە: من خۆشبەختترین مردووی سەر زەوی دەبووم.

کە ئەم قەحبەیە هاتە ژوورەکەمەوە، ئەندێشە خراپەکانم ڕاپانکرد، نازانم چ تیشکێک لەبوونیدا، لە جوڵەو ڕەفتاریدا پەخش دەبوو، کە ئاوها منی ئارام دەکردەوە..! ئەم جارە حاڵی باشتر بوو، قەڵەو و جێکەوتوو ببوو، کەوایەکی سێگۆشەیی کوڕتی خۆڵەمێشی کردبووە بەری، ژێر برۆکانی

---

* لە فارسییەکەدا دەڵێ (جای شکرش باقی است)؛ من پێتم خۆش بوو، ئەم نیوەدێڕەی شێخی موکریانی دابنێم لەبری، کە دەڵێن: (نیمە شاراوێ لە گۆشەی بێکەسیدا غەم نەبێ/ چاکە ئەو ئێرەش وەفای هەر ماوە سایەی کەم نەبێ). (و)

هەڵگرتبوو، خاڵی دانابوو، وسمەی تێهەڵسووبوو، سووراو و سپیاوی کردبوو، چاوەکانی بە کل ڕشتبوو، بەکورتی هەر کە خۆی کرد بە ژوورەکەی منداڵ خۆی لە توزاخ نابوو.

وا دەردەکەوت لە ژیانی خۆی ڕازی بێت، لەخۆیەوە پەنجەی بۆشاوەژەی دەستی چەپی لە زاری نا. ئایا ئەمە هەمان کچی ئاسک، هەمان ئەو کچە تەم ئاسایە نەبوو، کە کراسی ڕەشی چیندار لەبەر دەکردو لە کەنار ڕووباری سوورەن پێکەوە چاوشارکێمان دەکرد..؟ هەر ئەو کچەی کە دۆخێکی ئازادیی منداڵانەو کاتیی هەبوو، ئەو کچەی قولەپێی هەوەسبزوێنی لەژێر داوێنی کراسەکەیەوە دیاربوو..؟ هەتا ئێستا، کە تەماشام دەکرد: باش تێی نەدەگەیشتم، لەم کاتەدا وەک ئەوەی پەردەیەک لەسەر چاوم لابرابێت وابوو.

نازانم بۆچی کەوتمەوە بیری مەرەکانی بەر دووکانی قەسابەکە..! ئەو بۆ من وەک پارچەیەک گۆشتی نەرمەی لێ هاتبوو، تایبەتمەندی و دڵڕفێنیی پێشووی: بەتەواوی لەدەست دابوو. ژنێکی جێکەوتوو، سەنگین و ڕەنگین بوو! کە لە بیری ژیانی خۆیدا بوو، ژنێکی تەواو عەیار..! ژنی من..! بە ترس و لەرزەوە بینیم! ژنەکەم ژیر و گەورە بووە،

لەکاتێکدا خۆم هەروەک منداڵ مابوومەوە، لەڕاستیدا؛ لە ڕووخساری و لە چاوەکانی؛ شەرمم دەکرد.

ژنێک، کە بێجگە لە من؛ جەستەی خۆی بە هەموو کەسێک دەدا، منیش تەنها بە یادگاریی لێڵی سەردەمی منداڵیی ئەو؛ ئۆخژنم دەدایە خۆم. ئەو کاتەی کە ڕووخسارێکی ساکاری منداڵانە، دۆخێکی وێ و تیژتێبەری هەبوو؛ جارێ جێ داتی پیرەمێردی وردەواڵەفرۆش لەسەر ڕوومەتی ئەدەبینرا، ئـا، ئەمە هەمان ئەو کەسە ئەبوو.

ئەو بە پلارێکەوە پرسی: "حاڵت چۆنە؟"، من وەڵامم دایەوە: "مەگەر تۆ ئازاد نیت..؟ مەگەر هەرچی کە پێت خۆشە نایکەیت...؟ ئیتر چیت داوە بە حاڵی منەوە..؟!". دەرگاکەی بەیەکدا نا و ڕۆیشت، هەر ئاوڕێکیشی نەدایەوە سەیرێکم بکات. دەنگوت من شێوەی قسەکردن لەگەڵ خەڵکی دونیا؛ لەگەڵ خەڵکی زیندووم بیرچووبووەوە. ئەو؛ هەر ئەو ژنەی کە من پێم وابوو بێبەریی لەهەر چەشنە هەستێکە؛ لەو کارەی من دڵی پەشا..!

چەند جارێک ویستم هەستم و بڕۆم بەسەر دەست و پێیدا بکەوم؛ داوای لێبوردنی لێ بکەم، بگریم، بەڵێ بگریم، چونکە

پێم وابوو ئەگەر بمتوانیبا بگریم؛ ئاسوودە دەبووم. چەند دەقیقە، چەند سەعات، یان چەند سەدە تێپەڕی..؟ نازانم..! وەک شێتم لێ هاتبوو، چێژم لە ئازاری خۆم دەبرد، چێژێکی سەروو مرۆڤانە، چێژێک تەنها من دەمتوانی بیبەم و خوداکانیش ئەگەر هەبان؛ نەیاندەتوانی هەتا ئەو ئەندازەیە چێژ ببەن. ئەوساتە پەیم بە بەرزتربوونی خۆم برد، بەرزتربوونی خۆم؛ لە خوێرییەکان، لە سروشت، لە خوداکانیش هەست پێ کرد، ئەو خودایانەی دروستکراوی هەوەسی مرۆڤن. بیبووم بە خودایەک، لە خوداش گەورەتر بیبووم، چونکە رەوتێکی جاویدانیی و بێ بڕانەوەم لەخۆمدا هەست پێ دەکرد....

بەڵام هەمدیسان ئەو گەڕایەوە، بەو ئەندازەیەش، کە پێم وابوو دڵڕەق نەبوو، من هەستام و داوێنیم ماچ کرد و بە گریان و فیغان و لوشکەلوشکەوە خۆم خست بەسەر قاچیدا، دەموچاوم لە پاپووزی هەڵدەسوی، چەند جارێک بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە بانگم کرد، وەک ئەوە بوو، کە ناوە ڕاستەقینەکەی دەنگ و دەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەبێت، بەڵام لەدڵمدا، لە دڵی خۆمدا؛ هەر دەمگوت: "قەحبە.. قەحبە..!" ئامێزم بە ماپچەکانی قاچیدا کرد؛ کە تامی قنچکە خەیاریان دەدا، تاڵ و مڵ و تفت بوون؛ ئەوەندە

هەر کە گریام، ئەوەندە گریام، نازانم چەندی خایاند.. هەر کە بەخۆمدا هاتمەوە؛ سەیرم کرد ئەو ڕۆیشتووە.

لەوانەیە تەنها یەک سانی خایاندبێت؛ کە هەموو جێژو ئەوازش و ئازارەکانی مرۆڤم لەخۆمدا هەست پێ کرد. بەهەمان شێوە لە پای ترپاک دادەنیشتم، وەک پیرەمێردی وردەواڵەفرۆش، کە لە پای ڕاخەرەکەیدا دادەنیشت، لەبەر فتیلەیەکدا، کە دووکەڵی دەکرد تەنیا مابوومەوە؛ لەسەر جێگاکەم نەدەجووڵام و هەروا چاوم بڕیبووە دووکەڵی فتیلەکە؛ کە وەک بەفری ڕەش لەسەر دەست و دەموچاوم دەنیشت. کاتێک دایەنەکەم قاپێکی خواردنی جۆو تەڕەپڵاو بە مریشکی بۆ هێنام؛ لە ترساندا قیژاندی؛ پشتاویشت کشایە دواوە و سینییەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە، من خۆشحاڵ بووم، کە لایەنی کەم بوومەتە هۆی ترساندنی ئەو.

دوایی هەستام سەری پلیتەکەم بە گوڵگیرەکە قرتاندو چوومە بەر ئاوێنەکە؛ دووکەڵەکەم لە دەموچاوم هەڵدەسوو؛ چ شێوەیەکی ترسناکی هەبوو..! بە پەنجەکانم ژێر چاوم ڕادەکێشاو بەرم دەدا، دەمم دەکردەوە، هەوام دەکردە گوپەکانمەوە، ژێر ڕیشم بەرزدەکردەوە و لە دوو لاوە بام دەدا، لاسایی خۆمم دەکردەوە. دەموچاوی من! بۆ چەندین

شێوەی گاڵتەجاڕ و ترسناک ئامادەیی هەبوو، دەتوت هەموو شێوەکان، گشت چرچاوە گاڵتەجار و ترسناک و سەیرەکان، کە لە دەروونی مندا شاردرابوونەوە؛ بەم جۆرە ئاشکرا دەبن. ئەو دۆخە جیاواز جیاوازانەم لەخۆمدا دەناسی و هەستم پێ دەکردن و هاوکات گاڵتەجارانە دەهاتنە بەرچاویشم. هەموو ئەو شێوانە لەمندا و هی من بوون و گەلێک دەموچاوی ترسناک و تاوانکارانە و پێکەنینهێن بوون؛ کە بە ئاماژەیەکی بچووک دەگۆڕان.

شـــــێوەی پیرەمێـــــردە قورئـــــانخوێنەکە(پیرەمێردی وردەواڵەفرۆش)، شێوەی قەسابەکە، شێوەی ژنەکەم؛ هەموو ئەوانەم لەخۆمدا بینی. دەتوت ڕەنگدانەوەی ئەوانن لەمندا، هەموو ئەم شێوانە لەمندا بوون، بەڵام هیچ کامیان هی من نەبوون. ئایا هەوێن و دۆخی دەموچاوی من لەبەر هۆیەکی شاراوە، لەبەر وەسواسییەکان، سەرجێیییەکان و ئاتۆمێدییە بە میراتییەڵوکان دروست نەبووبوو..؟ من، کە پارێزەری ئەم بارە میـــراتییە بـــووم؛ بە هـــۆی هەســـتێکی شـــێتانە و پێکەنینهێـــنەوە؛ لەخـــۆوە ئەندێشـــەم نەیـــدەتوانی ئەم دۆخە جیاواز جیاوازنەی دەموچاوم ڕابگرێ.. ڕەنگە تەنها لەکاتی مەرگدا شێوەم لە کۆت و بەندی ئەم ئەندێشە وەسواسانە ڕزگاری ببێت و دۆخی ئاسایی خۆی؛ کە دەبێ هەیبێ،

وەربگرێ..! بەڵام ئایا لەدوایین دۆخیشدا؛ ئەو دۆخانەی کە هەمیشە ویستی گاڵتەجاڕانەی منیان لەسەر دەموچاوم هەڵکەندبوو؛ نیشانەی خۆیان سەختتر و قووڵتر جێ نەدەهێشت..؟

بەهەرحاڵ تێکەیشتم چ کارگەلێکم لە دەست دێ؛ پەیبم بە توانای خۆم برد، لەپڕ لە قاقام دا؛ چ پێکەنینێکی وشک و درێو و ترسناک بوو، بەجۆرێ، کە مووەکانی جەستەمی گرژ کرد؛ چونکە دەنگی خۆم نەدەناسییەوە، وەک دەنگێکی دەرەکی؛ پێکەنینێک، کە زۆرجار لە گەرووەمدا کۆببووەوە و لەبن گوێمدا بیستبووم، لەگوێمدا دەنگی دایەوە. هەر لەم کاتەدا کۆکیم و پارچە بەڵغەمێکی خوێناوی، پارچەیەک لە جەرگم کەوتە سەر ئاوێنەکە، سەری پەنجەم بە ئاوێنەکەدا هێنا. هەر کە ئاورم دایەوە، بینیم ننەخان ڕەنگزەرد و هەڵبزرکاو، بە قژی ئاڵۆزاو و چاوە بێ سۆما ترسناکەکانییەوە: قاپێک خواردنی جۆ-هەر لەو خواردنەی کە بۆی هێنابووم- بەدەستییەوە بوو، سەرسامانە تەماشای دەکردم، من دەستەکانم بە دەموچاومەوە گرت و چوومە پشت پەردەی گەرتەی ژوورەکەم و خۆم شاردەوە.

کاتێک ویستم بخەووم؛ بازنەیەکی ئاگرین دەوری سەری دەگرتیم؛ بۆنی توند و هەوەسبزوێنی رۆنی سەندەڵ، کە لە قنیلەکەم کردبوو؛ لەسەرمدا پەنگی خواردبووەوە، بۆنی مایچەکانی قاچی ژنەکەمی لێ دەهات و تامی قنچکە خەیار بە تالاّییەکی نەرمەوە لە زارمدا بوو. دەستم بە جەستەمدا دەهێنا و لە مێشکی خۆمدا ئەندامەکانی جەستەم: ران، پەلەکی پێتم، باسک، هەموویانم لەگەڵ جەستەی ژنەکەم بەراورد دەکرد. خەتی ران و سمتەکانی، گەرمای جەستەی ژنەکەمم؛ دیسان هاتنەوە بەرچاو، لە هاتنە بەرچاو تقد بەهێزتر بوو؛ چونکە وەک پێویستییەک وا بوو؛ هەستم کرد دەمەوێ جەستەی ئەوم لەتەنیشتەوە بێت، بەلاّم یەک جووڵە، یەک بڕیار بۆ بەرگری لەم ویستە هەوەسبازە بەس بوو. لێ ئەو بازنە ئاگرینەی دەوری سەرم بە ئەندازەیەک تەنگ و سووتێنەر بوو؛ کە بەتەواوی لە دەریایەکی نادیاردا لەگەڵ گەلێ شێوەی ترسناکدا نوقم بووم.

هێشتا هەوا تاریک بوو؛ کە بە دەنگی پێڕی پاسەوانی مەست بێداربوومەوە، بە کۆلاّندا تێدەپەڕین؛ جوێنی ناشرینیان بە یەکتر دەدا و بەیێر دەنگیان لێ هەڵبڕیبوو:

ئێستا "وەرە بڕۆین مەی بخۆین، شەرابی مولّکی ڕەی بخۆین، ئێستا نەیخۆین، ئەی کەی بیخۆین؟"

که هات: بۆ ئەوەم سرووشی لەناکاو نا، کەوتەوە، بیرم که شەرابێک، هەیە: زووڕەکەدا گەنجەی لە شەرابم قاپێک ئەم قومێکی بە و کراوە تێکەڵ کوبرای ماری دڵی ژاری ئەو ئەی بەڵام دەبین، تەفروتونا ژیان؛ مۆڵەکەی هەموو دەکردم، ئەوی ئامەزرۆی پتر وشەیە ئەم ؟.... قەحبەیە پێی جیلوە مندا لەبەردەم جوڵەتر پڕ و زیندووتر ئەوی دەکرد. دەمتوانی چ شتێک لەمە باشتر بە مێشکمدا بێت..؟ پیاڵەیەک لەم شەرابەم دەدا بەو و خۆیشم پیاڵەیەکم دەدا بەسەرمەوە؛ ئەوکاتە پێکەوە لەنێو لەرزێکی خۆشدا دەمردین..!

عەشق چییە..؟ بۆ هەموو خوێرییە هەرزەکان؛ بەرەڵلاییەکی کاتییە، دەتوانی عەشقی خوێرییەکان؛ لە گۆرانییە هەرزە و لە جوێنە پیس و لە قسە ناشرینەکانیاندا بدۆزیتەوە؛ کە لە

دونیای مەستی و وشیاریاندا بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە. وەک ئەوەی لەبری عەشق دەڵێن: "دەستێکی پاکم کا!"*.

بەڵام عەشقی من بۆ ئەو شتێکی تر بوو، ڕاستە من دەمێکە ئەو دەناسم: چاوە کەچە سەیرەکانی، دەمە تەنگ و نیوەکراوەکەی، دەنگە کپ و ئارامەکەی، هەموو ئەمانە بۆ من پڕ لە یادگاریی دوور و بەژان بوون، من لەنێو هەمووی ئەمانەدا لەو شتە دەگەڕام، کە لێی بێبەش بووم! شتێکی کە پەیوەندی بە خۆمەوە هەبوو، لە منیان وەرگرتبوو.

ئایا بۆ هەمیشە منیان بێبەریی کردبوو..؟ هەر لەبەر ئەمەبوو، هەستێکی ترسناکتر لەمندا سەری هەڵدابوو، چێژێکی تر بۆ قەرەبووکردنەوەی عەشقی جوانەمەرگی خۆم هەستم پێ دەکرد، لێم ببوو بە جۆرێک وەسواس، نازانم بۆ کەوتبوومەوە بیری قەسابەکەی بەرانبەر دەلاقەی ژوورەکەم، کە قۆڵی هەڵدەماڵی، بیسمیلای دەکرد و گۆشتی دەبڕی، تۆخ و چۆنییەتی ئەوم هەمیشە لەبەرچاوم بوو. سەرئەنجام منیش بڕیارم دا، بڕیارێکی ترسناک.

---

* ئەمە ئیدیۆمێکە فارسییەکەی بەم شێوەیەیە: (دست خر تو لچین زدن د خاک توسرکردن)، جۆرێکە لە قسەی بازاڕیی کە گوزارشتێکی سێکسی ئاشکرای هەیە، بۆیە ئێمە ئەوەمان لەبری دانا، لەگەڵ داوای لێبووردندا.(و)

لەنێو جێگاکەم هەستام؛ قۆڵم هەڵماڵی و کارێکی دەست نێسقاتیی، کە نابوومە زۆر جێگاکەم هەڵمگرت و خۆم کۆم کردەوە؛ عەبایەکی زەردیشم دا بە شانمدا، ئەمجا سەرووپۆم بە شاڵگەردنێک پێچا، هەستم کرد؛ هاوکات دۆخێکی تێکەڵاو لە ڕۆحی قەسابەکە و پیرەمێردەی وردەواڵەفرۆش لەمندا پەیدا بوو، ئەوجا بەپێدزە بەرەو ژووری ژنەکەم ڕۆیشتم.

ژوورەکەی تاریک بوو، بەهێواشی دەرگاکەیم کردەوە، وەک ئەوە خەون ببینێت؛ بە دەنگی بەرز لەبەرخۆیەوە دەیگوت: "شاڵگەردنەکەت بکەرەوە!". چوومە سەر جێگاکەی، سەرم لەبەر هەناسەی گەرم و نارامیدا ڕاگرت؛ چ هاڵاوێکی خۆش و زیندووکەرەوەی هەبوو..! پێم وابوو ئەگەر لەبەر ئەم هاڵاوەدا ماوەیەک هەناسەم هەڵکێشابایە؛ دیسان زیندوو دەبوومەوە. ئاه.. چەند لەمێژ بوو من پێم وابوو؛ هەناسەی هەموو کەسێک دەبێت وەک هی من داغ و سووتێنەر بێت..!

بە وردی سەرنجم دا بزانم؛ داخۆ لە ژوورەکەیدا پیاوێکی دیکەی لێیە یان نا، یاتی لە دۆستەکانی ئەو، لە سۆنەکانی؛ کەسیان لەوێ بوو یان نا..! بەڵام ئەو تەنیا بوو. تێگەیشتم، کە هەرچی لەسەر ئەو وتویانە درۆی پەتی و بوختان بووە، کێ ناڵێ هێشتا هەر کچە..؟ لە تەواوی خەیاڵە پووچەکانم

سەبارەت بەو شەرمەزار بووم. ئەم هەستە دەقیقەیەک پتری نەخایەند، چونکە لەوساتەدا لەودیو دەرگاکەوە پرمە و پێکەنینێکی کپ و دزێوم ژنەفت، کە مووی بونیامی گرژ دەکرد. ئەم دەنگە هەموو دەمارەکانی جەستەمی لەبەر یەک کێشابەوە، ئەگەر ئەم پڕمە و پێکەنینەم نەبیستبایە، ئەگەر سەبری نەهێنابایە، هەر بەو شێوەیەی بڕیارم دابوو؛ هەموو گۆشتی جەستەیم کوتکوت دەکرد و دەمدا بە قەسابی بەر باڵەکەمان هەتا بە خەڵکی بفرۆشێت، ئەوجا هەر بۆ خۆم؛ کونە گۆشتێکی ڕانیم بە ناوی نەزرەوە دەدا بە پیرەمێردە فرۆشیارەکەی و بەیانییەکەشی دەچووم و پێم دەگوت: "دەزانی ئەو گۆشتەی کە دوێنێ خواردت هی کێ بوو..؟"، ئاه ئەگەر ئەو پێنەکەتیبا..!

دەبوو ئەو کارەم بە شەو بکردبایە؛ تا چاوم بە چاوی ئەو لەعبەیە نەکەوتبایە، چونکە شەرمم لە چاوی دەکرد، چاوەکانی سەرزەنشتیان دەکردم. سەرئەنجام لە تەنیشت جێگاکەی، پارچە قوماشێک، کە کەوتبووە بەرقاچم؛ هەڵمگرت و پەشۆکاوانە ڕامکردە دەرەوە. کاردەکەم هەڵدایە سەریان، چونکە هەمووی ئەو کاردە بوو؛ ئەندێشەی تاوانکاریی ئاخنیبووە مێشکی منەوە، ئەو کاردەی کە لە کاردی قەسابەکە دەچوو؛ لە خۆمم دوورم خستەوە.

کە گەڕامەوە ژوورەکەم لەبەر قنـــیلەکەدا ســـەیرم کـــرد؛ کراسـەکەی ئەوم هەڵگرتـووە، کراسـێکی چڵکن؛ کە بەسـەر گۆشتی لەشی ئەوەوە بـووە، کراسـێکی ئاوریشـمی نەرمـی هیندی، کە بۆنی لەشی ئەو، بۆنی عەتری موگرای لێ دەهات و گەرمایی جەستە و بوونی ئەو لەم کراسەدا مابووەوە. بۆنتم پێوەکرد، خستمە بەینی ڕانمەوەو خەوتم، هیچ شـەوێک بەم ئاسوودەییە نەخەوتبووم. بەیانی زوو بە دەنگی هاتوهـاواری ژنەکەم بێداربوومەوە؛ لەسـەر ونبوونی کراسـەکەی کردبووی بەهەلا، هەر دەیگوت و دەیگوتەوە: "کراسێکی تفت و نوێ!"، لەکاتێکدا سەر دەستەکەی دڕابوو، بەڵام خۆ ئەگەر خوێنیش بڕژایا؛ من ئامادە نەبووم کراسـەکە بدەمەوە؛ بۆچی من؛ کراسە کۆنێکی ژنەکەم پێ نەدەبڕا...؟

نەنەخان، کە شیری مـاکەر و هەنگوین و نانی بـازاڕیی بـۆ هێنـام؛ کـاردێکی دەسـک ئێسـقانیی لەگەڵ بەرچاییەکەمـدا لەسـەر سـینییەکە دانـابوو؛ وێـی ئەوەی لەسـەر ڕاخەری پیرەمێردی وردەواڵەفرۆشدا بینیووە و کڕیویەتی.

ئەمڕا بڕۆی هەڵتەکاند و گـوتی: "ڕەنـگە ئیشـت تێیبکەوێ و بەکەڵکت بێ!" من کاردەکەم هەڵگرت و تەماشـام کـرد؛ هەر کـاردەکەی خـۆم بـوو. ئەمجـا نەنەخـان وەک گلەیـی بە

ژنەکەوە وتی: "کچەکەم (یانی ئەو قەحبەیە) بەیانی
ماڵابانگان هاتووە و ئەڵێ تۆ دوێنێ شەو کراسەکەی منت
دڕیوە..! من نامەوێ سەرزەنشتتان بکەم، بەڵام دوێنێ
ژنەکەت پەڵە خوێنی دیوە{بێ نوێژبووە}... ئێمە دەمانزانی،
کە منداڵەکە... بۆ خۆی وتی، کە لەحەمامدا سکی پڕبووە،
ئەوێ چووم پشتی بشۆم، دیتم سەریاسکی گوڵەگوڵە
شینشین بیبووەوە، خۆی نیشانی دام و گوتی: ناوەخت
چوومە ژێرخان و جنۆکە دەستیان لێ وەشاندووم!" دیسان
وتی: "هیچ ئاگاداربووی، کە دەمێکە ژنەکەت سکی پڕ
بووە...؟"

من پێکەنیم و گوتم: "هەڵبەتە شێوەی منداڵەکە لە
پیرەمێردە قورئانخوێنەکە دەچێت، هەڵبەتە لەوە..!" ئیتر
نەنەخان پەشۆکاوانە چووە دەرەوە، وەک ئەوەی چاوەڕوانی
ئەو وەڵامە نەبووبێت، من خێرا هەستام: کاردە دەسک
تیسقانییەکەم بە دەستی لەرزۆکەوە بردە گەرزنەی ژوورەکەم
و خستمە کەوانتەرەکەوە و دەرگاکەیم داخست. نا، هەرگیز
ناکرێ منداڵەکە لە من بێت، بێگومان لە پیرەمێردی
وردەواڵەفرۆشە..!

دوانیوەڕۆ؛ دەرگای ژوورەکەم کرایەوەو بەرا بچکۆلەی ئەو قەحبەیە لەکاتێکدا خەریک بوو نیتۆکی دەجوو؛ هاتە ژوورێ، هەر کەسێک ئەوانی بینیبا؛ دەستبەجێ دەیزانی، خوشک و بران. لێکچوون بەو ئەندازەیەش..! دەمی بچووکی تەنک، لێوی گۆشتنی تەڕ و هەوەسباز، پێڵوی چەماوە و خووماڕ، چاوی کەچ و واقوڕماو، کوڵمی خڕ، قژی خورمایی شاڵۆز و دەموچاوێکی گەنمڕەنگی هەبوو.

هەر تەواو لەو قەحبەیە دەچوو، بڕێک لە ڕۆحی شەیتانیی ئەوی تێدا بوو، لەو دەموچاوە تورکمانییە بێ هەست و بێ ڕۆحەی کە بۆ بەرەبەرەکانی لەگەڵ ژیان دروست بووە، بەڕێ و شێوەیەکە؛ کە هەر کارێکی بۆ درێژەدان بە ژیانی پێی ڕەوایە، وەک ئەوەی سروشت پێشبینی کردبێت، وەک ئەوەی باوباپیرانی زۆر لەژێر هەتاو و باراندا ژیابن و لەگەڵ سروشت شەڕیان کردبێت، نەک تەنها سەروسیمایان بە هەندێ گۆڕانکارییەوە بۆ ئەمان بەمیرات بەجێ هێشتبوو؛ بەڵکو خۆڕاگری، هەوەس، بەرچاوتەنگی و برسێتی خۆشیان بەوان بەخشی بوو. تامی ژاریم دەزانی، وەک قنچکە خەیار تاڵ بوو. کە هاتە ژوورەوە؛ بە چاوی واقوڕماوی تورکمانی، تەماشای کردم و وتی: "شاگیان دەڵێ حەکیم گوتویەتی تۆ

دەمرێ، لە دەستت ڕزگارمان دەبێ، ئەوە مرۆڤ چۆن دەمرێ...؟"

من وتم: "پێی بڵێ، زۆر لەمێژە من مردووم".

وتی: "شاگیان گوتی: ئەگەر منداڵەکەم لەبار نەچووبایە، هەموو ماڵەکە دەبوو بە هی خۆمان".

من بەدەست خۆم نەبوو، لە قاقای پێکەنینم دا، پێکەنینێکی وشک و درێژ، کە مووی بونیادمی گرژ دەکرد، بەشێوەیەک دەنگی خۆم نەدەناسییەوە، منداڵەکە پەشۆکا و لە ژوورەکە رایکردە دەرەوە...

لەم کاتەدا زانیم، کە بۆ قەسابەکە بە کەیفەوە کاردە دەسک ئێسقانییەکەی بە ڕانی مەڕەکان خاوێن دەکردەوە..! چێتێی برینی گۆشتی نەرمە، کە لێیەوە خوێنی مردوو، خوێنی دەڵەمەبووی وەک لیتەی تێدا کۆبیبۆوە و لە قورقوڕاگەی مەڕەکانیشەوە تکتک خوێن دەتکایە خوارێ بۆ سەر زەوییەکە. سەگی زەردی بەر دووکانی قەسابەکە دەیڕوانی و سەری بڕاوی گایەکیش، کە لەسەر عەردی دووکانەکە کەوتبوو و بە چاوی لێڵەوە دەیڕوانی، هەروەها سەری هەموو

مەرەکانیش، بەو چاوانەیانەوە، کە شۆڕی مەرگیان لەسەر نیشتبوو، ئەوانیش بینیبوویان، ئەوانیش دەیانزانی..!

دواجار زانیم، کە بووم بە نیوەخودایەک؛ لەسەر و هەموو پێداویستییە بچووک و سووکەکانی خەڵکەوە بووم، پەوتی هەمیشەیی و جاویدی{نەبەدیی} بووم لەخۆمدا هەست پێ دەکرد، جاوید چییە..؟ بۆ من جاوید بریتی بوو لەوەی؛ کە لە کەنار ڕووباری سوورەن لەگەڵ ئەو قەحبەیە چاوشارکێ بکەم و بۆ تەنها ساتێک چاوم بنوقێنم و سەرم لەداوێنیدا بشارمەوە.

لەناکاو وامزانی لەگەڵ خۆم قسەم دەکرد، ئەویش بە جۆرێکی سەیر..! ویستم لەگەڵ خۆم قسە بکەم؛ بەڵام لێوەکانم ئەوەندە قورس ببوون، کە ئامادە نەبوون بچووکترین جووڵە بکەن، کەچی بێ ئەوەی لێوەکانم بجووڵێنەوە، یان دەنگی خۆم گوێ لێ بێت؛ هەستم کرد، کە لەگەڵ خۆمدا قسە دەکەم.

لەم ژوورەدا، کە وەک گۆڕ تا دەهات تەنگتر و تاریکتر دەبوو؛ شەو بە سێبەرە ترسناکەکانییەوە منیان گەمارۆ دابوو، لەبەر فتیلەکەدا، کە دووکەڵی دەکرد؛ عەبایەکم

لەخۆمەوە پێچابوو، شاڵگەردنێکم بەستبوو، سێبەرەکەم بە هەڵکورماویی کەوتبووە سەر دیوارەکە، بەلام زۆر تۆختر و ئاشکراتر لە جەستەی ڕاستەقینەی خۆم، سێبەرەکەم لە بوونی خۆم ڕاستەقینەتر بوو، گوایە پیرەمێردی وردەواڵەفرۆش، قەسابەکە، نەنەخان و ژنە قەحبەکەم هەموویان سێبەری من بوون، ئەو سێبەرانەی کە من لەنێویاندا زیندانی بووم.

لەم کاتەدا وەک کوندەپەپوویەکم لێ هاتبوو، بەلام ئاهوناڵەکانی من لەگەروومدا؛ گیرابوون، وەک پەڵە خوێن تفم دەکردنەوە. لەوانەیە کوندەپەپووش نەخۆشییەکی هەبێ؛ کە وەک من بیر دەکاتەوە..! سێبەرەکەم لەسەر دیوارەکە؛ ڕێک وەک کوندەپەپووی لێ هاتبوو، بە هەڵکورماویی نووسراوەکانی منی بەوردی دەخوێندەوە. بێگومان ئەو باش تێ دەگەیشت، تەنها ئەو دەیتوانی تێ بگات. لەژێر چاوەوە، کە تەماشای سێبەرەکەی خۆم دەکرد؛ دەترسام.

شەوێکی تاریک و بێدەنگ بوو، وەک شەوێک، کە سەرانسەری ژیانی منی لەخۆگرتبوو؛ لەگەڵ تارماییە سامناکەکاندا، کە لە داروبیوار و لەودیو پەردەوە زمانیان لێ دەردەهێنام. هەندێک جار ژوورەکەم ئەوەندە تەنگ

دەبووەوە؛ وەک ئەوەی لەتابووتدا درێژ بیم، لاجانگەکانم لەئازاردا دەسووتان، ئەندامەکانی جەستەم ئامادەی بچووکترین جووڵە نەبوون؛ قورساییەک فشاری دەخستە سەر سینگم؛ وەک قورسایی ئەو کەلاکانەی دەیخەنە سەر پشتی بارگیرە ڕەش و لەڕەکان و دەیهێنن بۆ قەسابەکە.

مەرگ بە هێواشی گۆرانی خۆی دەگوت؛ وەک کەسێکی لاڵ، کە ناچارە هەموو وشەیەک دووبارە بکاتەوە؛ گۆرانییەکە وەک لەرینەوەی دەنگی مشار لەنێو گۆشتی جەستەدا، دەهات و نەدەما؛ هاواری دەکرد و لەپڕ کپ دەبوو.

هێشتا چاوم لێک نەنابوو؛ کە پیرێک پاسەوانی مەست لەودیو ژوورەکەمەوە تێپەڕین، جوێنی پیسیان بەیەکتر دەدا و بەپێز دەنگیان لێ هەڵبڕی:

"وەرە بڕۆین مەی بخۆین، شەرابی موڵکی ڕەی بخۆین، ئێستا نەیخۆین ئەی کەی بیخۆین؟".

بەخۆمم گوت: "هەرچۆنێک بێت خۆ سەرئەنجام من هەر دەکەومە دەست دارۆغە..!" لەپڕ هێزێکی پتر لە ئەندازەی بونیادم لەخۆمدا هەست پێ کرد، تەوێڵم فێنک بووەوە؛ هەستام ئەو عەبا زەردەی هەمبوو؛ دام بەشانمدا و

شاڵگەردنەکەم بە دوو سێ قەد پێچا بەسەرمەوە، خۆم کورر کردەوە، چـووم ئەو کـــارەد دەســـک ئێســـقانییەی لەکەوانتەرەکەدا شاردبوومەوە، دەرمهێنـاو بەپێدزە بەرەو ژووری ئەو قەحبەیە چـووم، کە گەیشتمە بەر دەرگـاکەی، بینیم ژوورەکەی لە تـاریکییەکی خەستدا نوقم ببوو، گوێم هەڵخست، گوێم لە دەنگی بوو، کە دەیگوت:

"هاتی..؟ شاڵگەردنەکەت بکەرەوە!"

دەنگی زایەڵەیەکی خۆشـی هەبوو، وەک دەنگی سـەردەمی منداڵی لێ هاتبوو، وەک ئەو ورتەورتەی کە بێ ئاگا لەخەویا دەیـکەن، مـن ئەو دەنـگەم پێشـتر لە خەوێکـی قورسدا بیستبوو. ئایا خەونی دەبینی..؟ دەنگی کپ و گڕ، وەک دەنگی ئەو کیـژۆڵەیەی لـێ هـاتبوو، کە لە کەنـار ڕووبـاری سورەن لەگەڵ منـدا چاوشـارکێی دەکرد. کەمێـک وێستام، هەمدیسان گوێم لێی بووەوە، کە دەیگوت: "وەرە ژوورێ و شاڵگەردنەکەت بکەوە..!"

بە هێواشـی لەتـاریکییەکەدا خـۆم کـرد بەژووردا، عەبـاو شاڵگەردنەکەم داناو ڕووت بوومەوە، بەڵام نازانم بۆچی هەر وا کە کـاردەکەم بە دەســـتەوە بـوو، چـوومە نێـو

جێگەکەیەوە...! گەرمایی پێخەفەکەی وەک ئەوە وا بوو گیانێکی تازە بکات بە بەرمدا. ئینجا جەستەی گوڕاو تماویی و خۆشتیمبیم؛ بە یادی هەمان کیژۆڵەی ڕەنگ بزرکاوی کز، کە جوونێ چاوی درشت و بێگوناهی تورکمانی هەبوو؛ ئەوەی لەکەنار ڕووباری سوورەن پێکەوە چاوشارکێمان دەکرد؛ لە باوەش گرت. نا؛ وەک گیانلەبەرێکی دڕندە و برسی شاڵاوم بۆ برد و لە قووڵایی دڵمەوە؛ لێی بێزار بووم؛ وا دەهاتە بەرچاوم؛ کە هەستی خۆشەویستی و ڕقم پێکەوەن.

جەستەی تریفەیی و فێنکی ئەو، جەستەی ژنەکەم، وەک ماری کوێرا، کە خۆی لە تێچپرەکەیەوە دەئاڵێنێ؛ کرابەوەو منی لەخۆیدا بەندکرد.

عەتری سینگی مەستکار بوو، گۆشتی یاسکی، کە لە گەردنی ئاڵاند؛ هاڵاوێکی نەرمی هەبوو، لەم ساتەدا ئاواتم دەخواست، کە ژیانم بووەستێت، چونکە لەو دەقیقەیەدا؛ هەموو ئەو ڕق و قینەی کە لێیم هەبوو؛ نەماو هەوڵم دەدا؛ کە بەر بە گریانی خۆم بگرم، بێ ئەوەی بزانم وەک گیاناددمە پێیەکانی لە پشت پێیەکانم قفڵ کردووە و دەستەکانی بە ملمەوە نوساندووە. من تینی خۆشی ئەو

گۆشته تەڕ و تازەیەم هەست پێ دەکرد، تەواوی گەردەکانی جەستەی سوتێنەرم ئەم گەرماییەیان هەڵدەمژی.

هەستم دەکرد وەک (دان)ی ناو داوێنک؛ من بۆ لای خۆی رادەکێشێن؛ هەستی ترس و چێژ تێکەڵاو ببوون، زاری تامی تێچکە خەیاری دەدا و تاڵ و مڵ بوو. لەنێو ئەم گوشینە خۆشەدا عارەقەم دەڕشت و لەخۆم بێ خۆم ببووم؛ چونکە ئەوە جەستەم و تەواوی گەردەکانی گیانم بوون؛ کە فەرمانیان بە من دەدا، سەرکەوتن و زاڵبوونی خۆیان بە دەنگی بەرز دەچڕی؛ من مەحکوم و بێچارە لەم دەریا پێشنەدا؛ لە ئاست هەواو هەوەسی شەپۆلەکانیدا؛ سەری تەسلیمم دانەواندبوو.

لێزی، کە بۆنی عەتری موگرای لێوە دەهات؛ بە ڕوومەوە نووسابوو؛ هاواری هەژان و شادی لە قووڵایی گیانمانەوە دەهاتەدەری، لەپڕ هەستم کرد، ئەو توند لێوی گەستم، وەها؛ کە لەناوەڕاستەوە بوو بە دوو کەرتەوە. ئایا پەنجەی خوێنی وەها دەجووی..؟ یان ئەوەی کە زانی من پیرەمێردی لێوقڵیشاو نیم..؟ ویستم خۆم ڕزگار بکەم، بەڵام نەمدەتوانی بچووکترین جووڵە بکەم. هەرچی هەوڵم دا بێ فوتە بوو؛ گۆشتی لەشی ئێمەیان بە یەکەوە لەحیم کردبوو.

وامزانی شێت بووە، لەو بێئەوبەرەیەدا؛ ئەمزانی لەخۆمەوە دەستم ڕاتەکاند، هەستم کرد ئەو کاردەی کە بەدەستمەوە بوو؛ چوو بە جێگایەکی لەشی ئەودا، تەراییەکی گەرم پڕژا بە دەموچاومدا، ئەو زریکاندی و بەریدام، تەراییە گەرمەکە، کە مشتی پڕکردبووم! هەروا ڕامگرت و کاردەکەم فڕێدا، دەستم ئازاد بوو، لە لەشی ئەوم هەڵدەسوو، تەواو سارد ببووەوە، ئەو مرد بوو.

لەم کاتەدا کەوتمە کۆکە، بەڵام ئەمە کۆکە نەبوو! دەنگی پێکەنینێکی وشک و درێو بوو، کە مووی بوتیامی گرژ دەکرد، ترساو و پەشۆکاو عەباکەم دا بە شانمداو چوومەوە ژوورەکەی خۆم. لەبەر ڕووناکی فتیلەکەدا؛ مشتم کردەوە، بینیم چاوی ئەو لەنێو دەستم دابوو، تەواوی لەشم شەڵاڵی خوێن ببوو.

چوومە بەر ئاوێنەکە، بەڵام لەترسا دەستم بە دەموچاومەوە گرتبوو! دیتم وەک.... نــا، هەر خۆم ببووم بە پیرەمێردی وردەواڵەفرۆش..! مووەکانی سەرووڕیشم وەک مووی سەرووڕیشی کەسێک لێ هاتبوو؛ بەزیندوویی لەژوورێکدا هاتبێتە دەرێ، کە ماری کوبرای تێدابووبێت! هەمووی سپی ببوو، لێوم وەک لێوی پیرەمێرد هەڵتلیشابوو، برژانگ بە

چاوەکانمەوە نەمابوو، مشتێک مووی سپی لەسینگمەوە
ماببوو، دەرەوە و ڕۆحێکی تازە بەبەرمدا کرابوو، بەجۆرێکی
تر بیرم دەکردەوە و بە چەشنێکی تر هەستم دەکرد،
نەمدەتوانی خۆم لە دەستی ئەو، لە دەستی دێوێک، کە
لەمندا بێداربووبووەوە ڕزگار بکەم.

هەروا کە دەستم بەدەموچاومەوە گرتبوو لەخۆمەوە لە قاقای
پێکەنینم دا، پێکەنینێکی توندتر لەوەی پێشوو، کە گیانی
خستە لەرزە، پێکەنینێکی قووڵ، کە دیار نەبوو لە کام
چاڵی ونبووی لەشمەوە دەهاتەدەر..! پێکەنینێکی بۆش، کە
تەنها لەگەروومدا پێچی دەخوارد و لەبۆشاییەوە دەهات، من
خۆم ببووم بە پیرەمێردەی وردەواڵەفرۆش.

❊ ❊ ❊

لە ترسان وەک ئەوە بوو لە خەونێکی قورس و گران بەئاگا هاتبێتمەوە، چاوەکانم هەڵگلۆفی: لە هەمان ژووری پێشووی خۆمدا بووم، تاریک و ڕوونە بوو! تەموومژ بەری شووشەکانی گرتبوو، قووقەی کەڵەشێر لە دوورەوە دەبیسترا، پشکۆکانی نێو مەقەڵییەکە ببوون بە خۆڵەمێش، وەها سارد ببوونەوە! بە فوویەک بەند بوون.

یەکەم شت، کە بەدوایدا گەڕام: گوڵدانە ڕاقەکە بوو، ئەوەی لە گۆڕستانەکە لە پیرەمێردەی عەرەبانەچیم وەرگرتبوو، بەڵام گوڵدانم لەبەردەمدا نەبوو. تەماشام کرد: سەیردەکەم لەنێو دەرگاکەدا کەسێک بە سێبەرێکی چەماوەوە... ... ئـا، ئەم کەسـە پیرەمێردێکـی قەمبـوور بـوو، کە سـەروڕووی بە شاڵگەردنێک پێچابوو، شتێکی وەک گۆزەی لە دەستماڵێکی چڵکنەوە ئاڵاندبوو، ناهوویە بنباڵی، پێکەنینێکی وشک و دزێوی دەکرد، کە مووی یونیامی گرژ دەکرد.

هەر کە ویستم لە شوێنی خۆم بجووڵێم؛ ئەو لەدەرگای ژوورەکەوە چووە دەرەوە، من هەستام، ویستم دوای بکەوم و ئەو گۆزەیە، ئەو دەستماڵە بەستراوەی لێ بستێنم، بەڵام پیرەمێردەکە بەخێراییەکی سەیر دوور کەوتبووەوە. من گەڕامەوە ژوورەکەم؛ دەلاقەی ڕوو بە کۆڵانم کردەوە: تارمایی

تەمیووری پیرەمێردم لەکۆڵانەکدا بینی، کە شانەکانی لەبەر پێکەنین دەلەرانەوە و دەستماڵەکەی لە بنباڵ نابوو، هەڵتەک هەڵتەک لەتری دەدا و دەڕۆیشت، هەتا بەتەواوی لەونیو تەمەکەوە ون بوو. من شاویم دایەوەو سەیری خۆمم کردا بینیم جلەکانم دڕاو، سەرتاپام هەڵکشاوە لە خوێنی مەیوو، دوو زەردەواڵە لە دەورم دەفڕین، کرمی سپی بچووک لەسەر جەستەم بەسەریەکدا هەڵدەژیوان و قورسایی مردوویەک سەر سینگمی دەگوشی....

کۆتایی

له ژیاندا گەلێك زام هەن؛
وەك (خۆرە) وردە وردە رۆح لە تەریکیدا دەخۆن و دەیتاشن، ناکرێ لەلای کەس باسی ئەم ئازارانە بکەیت، چونکە هەمووان وا راهاتوون؛ ئەم ئازارە بروایێتەکراوانە بە رووداو و پێشهاتی سەیر و دەگمەن بزانن و ئەگەر کەسێك بیڵێت یان بینووسێ؛ خەڵك بە پێی باوەڕی باو و بۆچوونی خۆیان هەوڵدەدەن؛ بە بزەیەکی پڕ لە گومان و گاڵتەجارییەوە وەریبگرن، چونکە هێشتا مرۆڤ چارە و دەرمانێکی بۆ ئەم زام و ئازارانە نەدۆزیوەتەوە..!

یەکەم پاراگرافی رۆمانەکە

# The Blind Owl

**Sadegh Hedayat**

Translated by: Twana Amin




AWER 259

دەزگای ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

چاپخانەی رۆژهەڵات/هەولێر